# بۆ ساڵی داهاتوو پێشنیازێک بۆ نوێکردنەوەی نەورۆز



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

asidiq1962@yahoo.com

نەورۆز وەك جەژنی نەتەوەیی گەلی کوردستان مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ساڵانە لەگەڵ یادکردنەوەی ئەم یادە گرنگەدا، هاوکات لەگەڵ یادکردنەوەیدا زۆر کەموکوڕیی و کێشەی لاوەکی دێنە ئاراوە کە لەبەهای جەژنەکە کەم دەکەنەوە، کەشی جەژنە نەتەوەییەکەش ناخۆش دەکەن.

جا بۆ ئەوەی ئەم جەژنە نەتەوەییە بەجوانترین شێوە بەڕێوە بچێت، ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە بەپێویست دەزانم:

یەکەم: ناکرێت هەموو ساڵێك کۆمەڵگەی کوردی بکەوێتە نێو مشتومڕی حەقیقەتی نەورۆزو کاوەو زوحاك و پەیوەندیی نێوان گەلانی دی بەنەورۆزەوە، گومان خستنە سەر نەورۆزو باسی حەڵاڵ و حەرامیی نەورۆز .

پێویستە لەئێستاوە تا نەورۆزی داهاتوو، مێژوونوسانی کورد بەتوێژینەوەکانیان قسەیان بکەن بەیەك و، مشتومڕی نێوان خۆشیان کۆتایی پێهێنن و، پەیوەندیی کوردو نەورۆز لەخاڵێکدا چڕ بکەنەوە، بەتایبەت لەسەردەمی نوحەوە کوردستان دووەم لانکەی مرۆڤایەتی بووە، جوودییش سەنتەری دیموگرافیی بووە، کوردستان شوێنی ڕووداوە یەکەمەکان بووە، گەلانی دیکەش لەم سەنتەرەوە بڵاوبوونەتەوە بەجیهاندا.

دووەم: بایەخدان بەپاك ڕاگرتنی سەیرانگاکان لەڕێگەی:

-١ تەرخانکردنی پۆلیسی ژینگەیی بۆ چاودێریکردنی سەیرانکاران و غەرامەکردنی سەرپێچیکاران

-٢ پێویستە ئاگرکردنەوە هێماو ڕەمزیی بێت و، لەچەند شوێنێکی دیارکراوی شارەکاندا بێت و، بەداری وشك بکرێتەوەو، دوور لەبەکارهێنانی تایەو لاستیك کە دەبنە مایەی پیسبوونی ژینگە.

-٣ سپاردنی سەیرانگاکان بەکەرتی تایبەت بەمەبەستی دابینکردنی خزمەتگوزاری و، پاككردنەوەی سەیرانگاکان.

سێیەم: بۆ شاری سلێمانی گرنگە هەوڵ بدرێت بۆ گێڕانەوەو بووژانەوەی ئەو ڕێ و ڕەسمانەی کەپیرەمێردی نەمر لەنەورۆزدا دایهێنابوون لەگردی مامەیارەدا، بۆ بەزیندووڕاگرتنی مەراسیمەکانی پیرەمێردی زیندووکەرەوەی نەورۆز لەناو کوردا وەك خۆی لەرۆژنامەی (ژین)ی ژمارە: ٩٥٨، ٣/١٧/١٩٤٩، ل ٣) دەڵێت:

(من کەهاتمەوە ئەم جەژنە لەناو ئێمەدا کۆن بوو

بوو، تازەم کردەوە، هەر لەئەوڵ ساڵیەوە دەردیسەریی و ئەزیەتێکی زۆرم لەگەڵ کێشاو، چەندجار ئاگریان کوژاندمەوەو، بەئاتەش پەرستیی ئیتتیهامیان کردم، نەبەزیم و هەموو ساڵێك هەرچیم دەست ئەکەوت ئەمکرد بەسەیرانی نەورۆز، کە تائێستاش کەس ئەوەی نەکردووە.

هەزارو پێنج سەد نان و هەر نانێك پێنج یاپراخ و دوازدە بریانی و دوازدە سەماوەر بۆ چای هەموو شارەکەو، دەهۆڵ و زوڕناو خەیمەو بارەگا، ئەمە بۆ ناوو شۆرەتێکی کوردەواری بوو ..)

چوارەم: ئاشناکردنی نەوەی نوێ بەتەواوی هۆنراوەی نەورۆز، وەك ئەمەی خوارەوە:

ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە
چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار
ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لەئاسۆی بڵندی کورد
موژدەی بەیانی بۆ گەلی دوورو نزیك ئەبرد
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بەعشق ئەچوون بەبەرەو پیری مەرگەوە
وا ڕۆژهەلات لەبەندنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
تا ئێستا ڕووینەداوە لەتاریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لەهەڵمەتا
پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وا لەدڵی میللەتا ئەژین

هەروەها شیکردنەوەی هۆنراوەکەو هەندێك لەنهێنییەکانی بۆ نەوەی نوێ، بۆ نموونە:

١- زانینی ئەو ڕاستییەی کە ئەم هۆنراوەیە لەساڵی ١٩٤٨دا نووسراوە، هاوکات بووە لەگەڵ ئەو خۆپیشاندانانەی کە دژی حکومەتی (ساڵح جەبر)ی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەکرا، پاش مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی پۆرتسمۆس لەنێوان عێراق و بەریتانیا.

٢- وشەی (پێپەست) واتە: پێشێل، نەك بەمانای پەستی و خەمباری.

٣- پیرەمێرد دەڵێت: ئەم گوڵی هیوایەی ئێمە پێ پەست و پێشێل کرابوو تاکو پار، پار لێرەدا واتە ساڵی ١٩٤٧، لێرەوە دەبێت بزانین چی لەساڵی ١٩٤٧ ڕوویداوە ؟

- لەساڵی ١٩٤٧ لەکۆتایی مانگی ئاداردا، قازی محەمەد لەسێدارە درا .

- لە ١٩ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٧، چوار ئەفسەرە کوردەکە لەلایەن حکومەتی ئەوسای عێراقەوە لەسێدارە دران، ئەوانیش هەر یەك لە (محمد قودسی) و (مستەفا خۆشناو) و (عیززەت عەبدولعەزیز)و (خەیروڵڵا عەبدولکەریم )بوون

پێنجەم: تۆمارکردنەوەی سروودی نەورۆز

پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیریی یان کەناڵێکی کوردی، جارێکی دی بەشێوەی کۆڕاڵێکی مەزن سروودی نەورۆز تۆمار بکات، چونکە وتنەوەی ئەم هۆنراوەیە لەلایەن هونەرمەندحەسەن زیرەکەوە، زۆر دەستکاریی خراپی تێدا کراوە، چونکە لە ڕادیۆی کوردی ئێرانی سەردەمی شا تۆماری کردووە، ئەوانیش نەیانهێشتووە هۆنراوەکە وەك خۆی بڵێتەوە، بۆیە ناچاریان کردووە کە:

١- لەبری ئەوەی بڵێت (هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار) دەڵێت:
(تا شاهەنشاە لوتفی فەرموو، هات لەگەڵ جووتیارو کرێکار).

٢- لەبری ئەوەی بڵێت: (پێ پەست بوو)، دەڵێت: بێ بەر بوو.

٣- لەبری ئەوەی بڵێت: خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە.
دەڵێت: ڕەنگی گوڵاڵەو گەزیزە شەبەق شەوق ئەداتەوە.

٤- نەیانهێشتووە پێنج بەیتی دیکەی هۆنراوەکە بڵێت.

شەشەم: جیاکردنەوەی بۆنەی ڕۆژی دایك لەجەژنی نەورۆز، چونکە هەر وڵاتێکی جیهان ڕۆژی تایبەتی هەیە بەڕۆژی دایك، بەڵام لەبەر ئەوەی کاتی خۆی هەردوو برا عەلی ئەمین و مستەفا ئەمین وەك خاوەنی ڕۆژنامەی (أخبار الیوم)ی میسری لە ٢١ئاداری ١٩٥٦دا، ڕاپرسییەکیان کردو، لەئەنجامدا ڕۆژی ٢١ ی ئاداریان کردە ڕۆژی دایك لەساڵی ١٩٥٦ دا، دواتر وڵاتە عەرەبییەکان بەعێراقیشەوە هەمان ڕۆژیان کرد بەڕۆژی دایك و، هەرێمی کوردستانیش هەروەها .

بۆیە پێشنیاز دەکەم ئێمە لەهەرێمی کوردستان ڕۆژێکی دیکە بکەین بەڕۆژی دایك، بۆ ئەوەی بۆنەکانی دی جودا بکەینەوە لەجەژنی نەتەوەیی نەورۆز، چونکە ناکرێت ڕۆژی درەخت و ڕۆژی دایك و ڕۆژی نەسیم و چەندانی دی بەنەورۆزەوە گرێ بدرێن .



# ڕێبازی بارزانی لەسەر چ بنەمایەک ڕۆندراوە؟



سەرۆ قادر

[زۆر خۆشحاڵم لێرەو لەسەر مەزاری رابەری گەورەی میللەتەکەمان، ئەو دەرفەتەم بۆ دروست بووە لەخزمەت ئێوە فەرمەندەکانی پیشمەرگە بم. بۆ من مایەی خۆشحالێیە کە دەبینم ئەم هەموو پێشمەرگە قارەمانانە لێرەن، شانازییە کە تەنیا بتانبینم چ جای ئەوەی کە یەك دوو قسە بکەین.

ئەگەر تێکۆشان و ڕێباز و پەروەردەی ئەو رابەرە بلیمەتە نەبوایە، زەحمەت بوو لە میللەتێکی پارچە پارچە کراوی بن دەستی، هەمیشە مەزڵووم، قارەمانی وەك ئێوە دروست ببن، ئەو ڕێبازە بووە ئەو پەروەردەیەی ئەم قارەمانانەی دروست کرد کە لە ئێستادا خۆشەویستی هەموو جیهانن.]

***

ئەوەی من دەمەوێ باسی بکەم، پرۆسەی سەربەخۆیی دەستپێکردووە، ئێمەش وەك میللەت پێویستە هۆشیاریی خۆمان بەرزکەینەوە و چاوەڕوانی فەرمانی سەرۆك بین، چونکە مەسەلەی راگەیاندنی سەربەخۆیی، کات و کەی و چۆن و سنووری و بە چ شێوازێك؟ دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکی وڵات. لەوانەیە کاری ئێمە تەنیا بریتی بێ لە هەوڵدان بۆ دروستکردنی یەك پارچەیی بیروڕا و متمانە سازی لەناو میللەتەکەمان، گفتوگۆ لەسەر دەبێ یان نەبێ کەم ببێتەوە، چاوەڕێی راگەیاندن و خۆفیداکاری زیاتر بین، لە پێناوی پاراستنی.

ئەوەی بەلای منەوە زۆر گرنگە، لە سەد ساڵی رابردوو، بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لە تێکۆشانی خۆیدا بیروڕا و ئایدیۆلۆجیای جیاجیای تاقیکردوونەتەوە. لەگەڵ تێکۆشانی میللەتی ئێمە بۆ رزگاری، حزب و سەرکرد و ئایدیۆلۆژیای جیاجیا دروست بوون، پێکەوە لە ململانێی توندا بوون، بەشێکی هەرە زۆریان دابەش دەبوون، کێشەی ناوخۆی میللەتی ئێمە بۆ روانگای جیاجیا و ئایدیۆلۆجیا جیاجیاکان دەگەڕایەوە. ئەوەی کە پێدەگوترێ ناکۆکیی



ناوخۆیی و شەڕی ناوخۆ بە درێژایی پەنجا ساڵی رابردوو بۆ ئامانجی سەرەکیی میللەتی ئێمە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ جیاوازی بیروڕاکان دەگەڕێتەوە. ئێستا لە دوای سەد ساڵ دوای زۆرانبازییەکی قورس، یەکلابۆوە میللەتی ئێمە نەك هەر لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە سێ پارچەکەی تریش بەو ڕێباز و روانگەیە دەتوانێ بگا بە ئامانجەکەی خۆی کە بارزانی نەمر بنیادی ناوە. جا پرسیار ئەوەیە؛ ئەم ڕێبازە چییە؟ بنەماکانی (پرەنسیبەکانی) ئەم ڕێبازە چین؟ ئێمە لەسەر ئەساسی چ بیروباوەڕێك پەروەردە بووین؟

شانازی ئەوەمان هەیە بڵێین لەم بارودۆخەی کە ئێستا دنیا بە هانای میللەتی ئێمەوە دێ، لێمان تێدەگەن و هاوکاریمان دەکەن، لەسەر بنەمای بەهای هاوبەش و بیروباوەڕی هاوبەش هاتووە. ئەو متمانە گەورەیەی دروستکردووە کە ئێستا دوژمنانی ئێمە لە چواردەورماندان، بەڵام نەتوانن پەلاماری میللەتی ئێمە بدەن، ئەوەی کە بە درێژایی سەد ساڵی رابردوو؛ دەگوترا دەبێ کورد وریا بێ، واقیعبین بێ، ئەگینا بەو تەقسیمەی کە بەسەریدا سەپێندراوە، هەر میکانیزمی ئەو تەقسیمەش لەناوی دەبات. ئێستا دۆخێك دروستبووە کە میکانیزمی تەقسیم ناتوانێ پەلامارمان بدا.

پێش ئەوەی بێمە ئێرە، باسی ئەوەمان دەکرد زۆر لەو کەسانەی کە لە زانکۆکان دەخوێنن یان کادیری گەنجن، لەم چەند ساڵە کە دەرفەت بووە گفتوگۆ بکەین، یەکێك لەوانەی کە پرسیای لێکراوە من بووم کە ڕێبازی بارزانی لە بنەماکانیدا چییە؟ گلەیی گەنجانی ئێمە ئەوە بوو سەرچاوەیەك نییە بە دوورودرێژی پرێنسیبەکانی پێکهاتەی ئەم ڕێبازە و مێژووی ئەم ڕێبازە شی بکاتەوە، تا ئەوەی لە کرداری خۆمان پەیڕەوی کەین، لە کردەوەشدا و لە رەفتار و مناقەشە و خۆپەروەردەکردن و پەروەردەکردنی

**پرۆسەی سەربەخۆیی دەستپێکردووە، ئێمەش وەک میللەت پێویستە هۆشیاریی خۆمان بەرزکەینەوە و چاوەڕوانی فەرمانی سەرۆک بین، چونکە مەسەلەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، کات و کەی و چۆن و سنووری و بە چ شێوازێک؟ دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆکی وڵات**

دەوروبەرماندا بەکاری بێنین. ئەم تەدوین نەکردنە نەقسێکی گەورەیە.

ئەمڕۆ ئەگەر دەتوانین بە دڵنیاییەوە هەنگاو بنێین، ئەوەیە کە دەڵێین سبەینێمان زۆر ڕووناکە، ئایندەیەکی ڕۆشنمان هەیە، چونکە لەسەر بنەمای بیروباوەڕی وشکی ئایدیۆلۆژیی، لە ڕێبازی بارزانیدا بڕیار نادرێ. لەلای سەرۆك بارزانی دەرهاوێشتەی مێژوویی زۆر واقعبینانە دەبینرێ و شتێك بە ناوی کینە بوونی نییە، هەروەها بیروباوەڕێك نییە کە تەفسیر نەکرێ و دڵنیا نەبین کە سبەینێ بەکەڵکی ژیان دێ. هەموو ئەو بیروباوەڕانەی لەنێو میللەتی ئێمە و هەموو میللەتەکانی تردا هەن، پێوەرێك هەیە زۆر بە ئاسانی وادەکات خەڵك تێیان بگات، ئەوەیە کە ئایا بنەماکانی ئەو بیروباوەڕە شی دەکرێتەوە؟ من دەتوانم تێبگەم؟ ئەگەر تێیگەیشتم دەتوانم ژیانی لەسەر دروستبکەم؟ دەتوانم بۆ داهاتووی نەوەکانی خۆم نەقڵی کەم یان نا؟ گەشانەوەی میللی لەسەر دروست دەبێ یان نا؟ پێشکەوتنی ئابووری، فەرهەنگی لەسەر دروست دەبێ، یان نا؟ ئەگەر ئەو بیروباوەڕە بنەمایەکەی تەنیا چۆك دادان و پەرستن بوو، تەنیا فیداکاری بوو و بەبێ ئەوەی تۆ بتوانی تەفسیری بکەی کە کۆتایی ئەم بیروباوەڕە دەگاتە بنبەست، سەرەنجام میللەتەکەش دەخاتە قەیران، ئەویشمان بینیوە. بۆ نموونە ئێستا ئەو حزب و ئیتیجاهانەی لە کوردستان بەرامبەر بە ڕێبازی بارزانی دەوەستن، زۆربەی هەرە زۆری گفتوگۆکانیان و پاساوەکانیان بە هەڵچوونە، بۆ پەلاماردان و داشۆرینەوە و بەتاڵکردنی هەڵچوونی سەرکردەکانە بەرامبەر بە بارزانی و ئەو ڕێبازەی کە ئێمە ئێستا باسی دەکەین. کەچی ئەوەی کە لە ڕێبازی بارزانی-دا هەیە، تەرجەمەکردنی بنەماکانیەتی بۆ یەکگرتنی میللی، بۆ پاراستنی وڵاتەکە، بۆ کێشانی نەخشەیەکی ئەوتۆ تا سبەی ئێمە گەشانەوەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی گەورە بەخۆوە ببینین، نەك تەنیا خەریکی ململانێی سیاسی بین، بەڵکو دەبێ لە داهاتوویەکی نزیکدا ئێمە دەوڵەتێك بین و ئەو دەوڵەتەش بەشداربێ لە بیناکردنی ئابوورییەکی بەهێز لە ڕۆژرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم دەوڵەتە بەشداربێ لە ئیسلاحێکی گەورە لە سەقافەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم سەقافەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە بووەتە بەڵا بۆ هەموو دنیا، لەسەر ئەساسی بیروباوەڕی ڕەق و بێ مانا کە تفسیر ناکرێ و تەبدیل ناکرێ بە کەرەستەی ژیان، دروست بووە. هەربۆیەش لە وەحشیترین حەرەکەوە(داعش) کە ئێوەی قارەمانانی ئەو میللەتە ڕاتانگرتووە و پاشەکشێی پێدەکەن و لەسەر دەستی ئێوە و سەرۆکی ئێوەش کە بارزانی-یە کۆتایی پێ دێت. داعش و هەموو مەدرەسەکانی تری توندڕۆ کە لە بەرهەمی سەقافەتی شەرقی ئیسلامی بە مانا و جانیبە توندڕۆکەی دروست بووە، لە نەتیجەی ئەو مەبدەئە ڕەقانەیە کە مانای بۆ ژیان نییە.

**ئەوەی کە بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو؛ دەگوترا دەبێ کورد وریا بێ، واقیعبین بێ ئەگینا بەو تەقسیمەی کە بەسەریدا سەپێندراوە، هەر میکانیزمی ئەو تەقسیمەش لەناوی دەبات. ئێستا دۆخێک دروستبووە کە میکانیزمی تەقسیم ناتوانێ پەلامارمان بدا**

یەکێك لە بیروباوەڕە سەرەتاییەکانی ڕێبازی بارزانی، کە کاتیەتی زۆر بە فراوانی هەوڵبدەین تێبگەین، بەر لە سەد ساڵ لێرە لەم ناوچەیەدا بزووتنەوەیەك دەستی پێکرد کە بیری لە ئاسانکردنی ژیان دەکردەوە، بیری دەکردەوە دەبێ هەموو ئەو بیروباوەڕانەی مێژووییەکیشیان لە دواوە هەبێ، دەبێ دەستکاری بکرێن، بە حەدێك میللەتی ئێمە لە بارودۆخی ئەوسادا بە ئاسانی بتوانێ بژیێ، کە ئینسانی ئێمە بتوانێ دەستی کراوە بێ تا ئینسانی ساڵحی لێ دروستبێ بە نموونەی ئینسانی عادل و ئیشکەر و فیداکاربێ. ئەو زەمینە کۆمەڵایەتییە کە لێرە هەبوو ناچاربوو پەنا بۆ واقیعبینیەتی بەرێ. واتا هەوڵ بدات ئەگەر سەقافەتی ئێرە بگۆڕێ یان دەستکاری بکات، لەسەر ئەساسێك بیکات کە سەقافەتی ئێمەی ئەو کات، ئاستی تێگەیشتنی میللەتی ئێمە لەوکاتدا، بتوانێ بیخوێنێتەوە و تێبگا و خۆی پێ بگۆڕێت. ئەو ڕێبازە لە تەکیەی بارزانەوە دروست بوو، لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و عیرفانی و عەقیدەییەوە دەستی پێکرد بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی خۆی. ئەمەش مێژوویەکی هەیە کە دەبێ ئیشی لەسەر بکرێ، ئەم کارەش لەڕاستیدا زۆر بەدواکەوتووە. ئێستا تەنیا لە نەتیجەی تێکۆشانی سیاسی و پەروەردەی سیاسییە کە ئەم ڕێبازە لە پیشکەوتندایە، لە کاتێکدا لایەنی پەروەردەیی و لایەنی قەناعەتی و ئیسلاحی لە لایەنە سیاسییەکەی کەمتر نییە و لە داهاتوودا زیاتریش بە کەڵکی میللەتی ئێمە دێ.

**لەلای سەرۆک بارزانی دەرهاوێشتەی مێژوویی زۆر واقعبینانە دەبینرێ و شتێک بە ناوی کینە بوونی نییە، هەروەها بیروباوەڕێک نییە کە تەفسیر نەکرێ و دڵنیا نەبین کە سبەینێ بەکەڵکی ژیان دێ**

ئەگەر من پازێکی خێرا بدەم، ناوەڕۆکی

ڕێبازی بارزانی و باوەڕە چاکسازییەکانی بزووتنەوەی بارزان بریتی بووە لە ئیعتیدال و پاراستنی ژیان، ئینجا پاراستنی هەموو پێکهاتەکان و ژینگە بووە. گەر ئەمە بە وشە باسی بکەین زۆر سادە دەردەچێ، بەڵام ئەوە تەرجەمەی ئەو مەبدەئانەیە کە لێرە دروستکران و ژیانی پێ ئاسانکرا. کاتێك بیروباوەڕێك ژیان دروست بکات، توانایی پەروەردەی دەبێ، واتە نەوەکانی دواییش پێ دەگەێنێ. هەربۆیەش لە سەد ساڵی رابردوودا کە ئەم حەرەکە ئیسلاحییە لێرە دەستیپێکرد، راستە زۆر پەرەی نەسەند لە جوگرافیایەکی کەمدا قەتیس درا، بەڵام توانایییەکی گەورەی تێدا هەبوو کە هەر گۆڕانکارییەکی جیهانی لە ژیانی میللەتاندا رووبدات و بە کەڵکی میللەتی ئێمە بێت، زۆر بە ئاسانی وەریدەگرت و تەفاعولیشی لەگەڵ دەکرد. یەك لەوان کە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی یان بزووتنەوەی نیشتمانی نەتەوەیی لە رۆژهەڵات دەستیپێکرد، لێرە ئەم بزووتنەوەیە زۆر بە ئاسانی ئەم مەبدەئەی وەرگرت و تەفسیری کرد، بنەمای بۆ دانا و سەرکردایەتیشی کرد. ئەوەی کە دەڵێین سەد ساڵ تێکۆشانی نەتەوەیی لە ڕێبازی بارزانی-دا هەیە، لە راستیدا رێبازی بارزانی بەرهەمی ڕێبازی بزووتنەوەی عیرفانی بارزانە. کوردایەتی (ناسیۆنالیزم) لایەنە سیاسییەکەیەتی.

ئێستا وەختیەتی ئەم جانیبە بۆ میللەتی ئێمە کەشف بکرێ، بۆ ئەوەی تێکڕای میللەتی ئێمە بکەوێتە گۆڕانکارییەکی نوێ. گەر گوێتان لێ بووبێ ئێستا ئەو هاوپەیمانانەی کە یارمەتی کورد دەدەن، هەروەها زۆر جاریش بە دیقەت جەنابی سەرۆك بارزانی دووبارەی دەکاتەوە؛ ئەوان دەڵێن بەرژەوەندییەکانی ئێمە لە شوێنێکە کە بەهای هاوبەش لەبەینی ئێمە و ئەواندا هەبێ. بارزانیش لێرەوە تەئکید دەکاتەوە کە ئێمە هەوڵدەدەین بەهاکانی خۆمان بە حەددێك ساغبکەینەوە کە بەرژەوەندی هاوبەشمان لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان هەبێ. ئەو بەهایانەی لای ئێمە لە راستیدا لەسەر بناخەی ڕێبازی بارزانی دروست دەکرێ. بۆ نموونە بەر لە ١٥ ساڵ، مەسەلەی ئافرەت لە وڵاتی ئێمە بوو بە کێشەیەکی گەورە و لە دەرەوە رەنگیدایەوە، تەنیا پارتی و لە نێو پارتیشدا دەبا بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە ئیسلاحییەکانی ڕێبازی بارزانی، تا ئێمە بە شێوازی تایبەتی خۆمان بتوانین لە کێشەی ئافرەت تێبگەین. یاخود ئەو کاتەی کە پێکهاتەکان کەوتنە بەر پەلامار بەتایبەتی لە دوای ٢٠٠٣-٢٠١٤ کام حزب، رۆشنبیر، سیاسەتمەداری کوردستان باسی لە پاراستنی پێکهاتەکان کرد؟ جگە لە سەرۆك بارزانی، هیچ کەسێکی دیکە نەبوو. قەت کێشەی ئێمە نەبووە و باوەڕ ناکەم دوو کەس لە ئێمە دانیشتبێ رۆژێ لە رۆژان موناقەشەی ئەو بابەتەی کردبێ. ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بارزانی هەڵگری ئەو بەهایانەیە کە لە کاتی تەنگانەدا دێتەوە بیری، بەرنامەی بۆ دادەنێ و دەیکاتە بەرنامەی سیاسی، ئێستا بووە بە قەزیەی میللەتێك و تێکەڵ بووە لەگەڵ خواستی جیهانییان. هەروەها ئێستا ئەوەندە قەزیەکە گەورە بووە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و مەجلیسی ئەمندا کێشەی هاوبەشە.

ئەوەی کە پێی دەگوترێ ڕێبازی بارزانی، ڕێبازی کوردایەتییە. لە ڕاستیدا تەفسیرەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێبازەکە ڕێبازی کوردایەتییە بە شێوەی رەسەن، زۆر بە ئاسانی تەفسیری مانەوەی میللەتی کورد و پێکهاتەکان دەکا، بەبێ توندڕۆیی، بەبێ ئەوەی مەحروومییەت و مەزلوومییەتی میللەتی ئێمە ببێ بە بەهانەیەك بۆ ئەوەی کورد تووشی شۆڤێنیزم و هەڵچوون ببێ بەرامبەر بە میللەتانی دیکە و ئەو پێکهاتانەی کە لەناوماندا هەن. گەر دیقەت بدەن، یەکێك لە قۆناغەکانی مێژووی پڕکارەساتی دەوروبەری ئێمە، واتا عەرەب و فارس و تورك ئەوەیە کە پێشی هەمووشتێك پێکهاتەکانی نێوخۆیان تواندۆتەوە. لە ئێران بزووتنەوەیەك بەناوی سەفەوی دەستی پێکرد، هەموو پێکهاتەلانی کرد بە یەك رەنگ. ئەوە بوو بە رەگ و ریشەی سەقافەتی ئێران، لە ستراتیژی ئێراندا شتێك بەناوی مافی پێکهاتەکان نییە. هەڕەشەی گەورەی ئێران لەسەر کوردستان ئەوەیە داوا دەکات کە ئێمە ببین بە بەشێك لە ستراتیژی ئەوان، وەکو بەردەبازێکمان لێبێت بێ ئەوەی موستەقبەلێکمان هەبێ. ئەوەیان بۆ میللەتانی دیکەش دەوێ. خاوەنی ئەم روانگایە هیچ موستەقبەلی نابێ، بۆیە ئێستا ئێران لەبەرامبەری هەموو دنیا وەستاوە و ناتوانێ ئایندەیەکی هەبێ و سەربکەوێ. گرتە

**دەبێ لە داهاتوویەکی نزیکدا ئێمە دەوڵەتێک بین و ئەو دەوڵەتەش بەشداربێ لە بیناکردنی ئابوورییەکی بەهێز لە ڕۆژرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم دەوڵەتە بەشداربێ لە ئیسلاحێکی گەورە لە سەقافەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم سەقافەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە بووەتە بەڵا بۆ هەموو دنیا، لەسەر ئەساسی بیروباوەڕی رەق و بێ مانا کە تفسیر ناکرێ و تەبدیل ناکرێ بە کەرەستەی ژیان**

**بەر لە سەد ساڵ لێرە لەم ناوچەیەدا بزووتنەوەیەک دەستی پێکرد کە بیری لە ئاسانکردنی ژیان دەکردەوە، بیری دەکردەوە دەبێ هەموو ئەو بیروباوەڕانەی مێژوویەکیشیان لە دواوە هەبێ، دەبێ دەستکاری بکرێن، بە حەددێک میللەتی ئێمە لە بارودۆخی ئەوسادا بە ئاسانی بتوانێ بژیێ، کە ئینسانی ئێمە بتوانێ دەستی کراوە بێ تا ئینسانی ساڵحی لێ دروستبێ بە نموونەی ئینسانی عادل و ئیشکەر و فیداکار بێ**

**ئەو ڕێبازە لە تەكیەی بارزانەوە دروست بوو، لە گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی و عیرفانی و عەقیدەییەوە دەستی پێكرد بۆ ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی و ڕێكخستنی خۆی. ئەمەش مێژوویەكی هەیە كە دەبێ ئیشی لەسەر بكرێ، ئەم كارەش لەراستیدا زۆر بەدواكەوتووە**

**باوەڕە چاكسازییەكانی بزووتنەوەی بارزان بریتی بووە لە ئیعتیدال و پاراستنی ژیان، ئینجا پاراستنی هەموو پێكهاتەكان و ژینگە بووە. گەر ئەمە بە وشە باسی بكەین زۆر سادە دەردەچێ، بەڵام ئەوە تەرجەمەی ئەو مەبدەئانەیە كە لێرە دروستكران و ژیانی پێ ئاسانكرا. كاتێك بیروباوەڕێك ژیان دروست بكات، توانایی پەروەردەی دەبێ، واتە نەوەكانی دواییش پێ دەگەیێنێ**

**ئەو هاوپەیمانانەی كە یارمەتی كورد دەدەن دەڵێن بەرژەوەندییەكانی ئێمە لە شوێنێكە كە بەهای هاوبەش لەبەینی ئێمە و ئەواندا هەبێ. هەروەها بارزانی لێرەوە تەئكید دەكاتەوە كە ئێمە هەوڵدەدەین بەهاكانی خۆمان بە حەددێك ساغبكەینەوە كە بەرژەوەندی هاوبەشمان لەگەڵ هاوپەیمانەكانمان هەبێ. ئەو بەهایانەی لای ئێمە لە راستیدا لەسەر بناخەی ڕێبازی بارزانی دروست دەكرێ**

ڤیدیۆیەكی زۆر سادەی بارزانی-ی نەمر هەیە كە بۆ ساڵانی ٦٢-١٩٦٣ دەگەڕێتەوە،دەڵێ: ئێمە میللەتێكین هەموو میللەتانی دەوروبەری خۆمانمان خۆشدەوێ، ئێمە تەنیا دەمانەوێ بمێنین، دەمانەوێ بە لانی كەمەوە لێمانگەڕێن خۆمان بەڕێوەبەرین. زۆر لەو چالاكە سیاسییانەی ئەم ڕۆژگارە دژی روانگەی سەرۆك بارزانی-ن، ئەم گرتە ڤیدیۆییە بەكاردێنن و دەڵێن خێرە ئێوە تازە باسی سەربەخۆیی دەكەن! بارزانی لە ساڵانی ٦٢-٦٣ی سەدەی ڕابردوو شتێكی وا ناڵێ كە ئەوانە باسی دەكەن. گەر ئینسان لە مێژووی میللەتی خۆی نەزانێ جا ئەو لێكدانەوانە دەكات و بەڵگەی ئاوها دێنێتەوە.

بەشێكی تر لە بنەماكانی ڕێبازی بارزانی، عەدالەتی كۆمەڵایەتی بووە. دادپەروەری كۆمەڵایەتی بنەمایەكی سەرەكی بووە لە بزووتنەوەی بارزان، هەر بۆیەش سەركردە سیاسییەكانی ئەم ڕیبازە لە بارزانی-ی نەمرەوە تا ئەوانی تر، هەر بزووتنەوەیەكی عەدالەتخوازی لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووبێ، زۆر بە ئاسانی گوێیان بۆ گرتووە و دۆستایەتیان كردووە. لە بیرمە لە كۆنگرەی ١١ی پارتی دیموكراتی كوردستاندا لە هۆڵی زەرد، زۆر لە پرۆگرامی پارتی گۆڕدرا. لە ڕۆژانی كۆتایی كۆنگرە سەرۆك بارزانی هەستا وتی: من یەك دوو قسەم هەیە، هەرچی كردتان كردتان قەیناكە، بەڵام بەندێك نانووسن كە تەعبیر لە عەدالەتی ئیجتیماعی بكات؟ ئەوەتان لەبیرچوو، ئەمە لە ساڵی ١٩٩٣ بوو.

بنەمایەكی دیكە لە ڕێبازی بارزانی-دا كە زۆر بە كەڵكی ئێمە دێت، كارمان تێدەكا و میللەتی ئێمە كەوتۆتە ناو پرۆسەی پڕۆڤە پێكردن تا زیاتر قبوڵی بكات، ئەویش شكاندنی دۆگمایە، بیروباوەڕی وشكە، بەربەستەكانە كە مێژوویەكیان لە ژیانی میللەتی ئێمەدا هەیە، بەڵام ڕۆژانە دەبنە بەربەست، دەبنە ئازار و مایەی ڕێگەگرتن لە پێشكەوتنی میللەتی ئێمە، دەبنە ڕێگر لە پێشكەوتنی ئابووری و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی، پەروەردە و كاری سیاسی میللەت. ئەمڕۆ ئەم بەڵای توندڕۆیی ئایینی دەبینین و لە داهاتووشدا دەبنە بەربەست لەبەردەم دروستكردنی دامودەزگای دەوڵەت كە لە پێشمانە. شكاندنی باوەڕی دۆگما بەو واتایە نییە ئێمە لە دژی دینەكانی وڵاتی خۆمان بوەستینەوە، بەڵكو ئەوە یەكێكە لە سڕی ڕێبازی بارزانی كە هەمیشە چاوی لە لێك جیاكردنەوەی دەوڵەت و دین یان قەناعەتی مەزهەبی هەبووە. ئەمە دەگونجێ لەگەڵ پێشكەوتنی دنیای ئەمڕۆ. دنیای ئەمڕۆ ناتوانێ پێشكەوتنی ئابووری هەبێ، دامودەزگای دەوڵەتی باشت نابێ ئەگەر دانیشتووانی وڵاتی خۆت دابەش بكەی لەسەر بنەمای قەناعەت و دین و مەزهەب و نەتەوە. ئەگەر دابەشت كرد فەرق و جیاوازی دەستپێدەكات، ئەو كاتیش شۆڤینیزم دەستپێدەكات و پاشان پاكسازی دەستپێدەكات، سەرەنجام دەگەڕێینەوە ئەو گێژاوە خراپەی كە ڕۆژهەڵات بە درێژایی١٠٠ ساڵی رابردوو دەوڵەتەكانی لەسەری ڕۆیشتوون و لەسەر ئەساسی ئەوەش شكاون و فەشەلیان هێناوە.

لە راستیدا شكاندنی دۆگما بەو مانایەیە ئەگەر داعش و ئەنسارولئیسلامەمان پێشدان تێكشكاند، دەبێ بیروباوەڕی داعش و ئەنسارولئیسلامیش تێكبشكێنین، ئەوە بەو مانایە نییە كە دینیی ئیسلامی و دینەكانی وڵاتی خۆمان تێكبشكێنین. بەو مانەیەی دەبێ ئیسلاح رووبدا، دەبێ هەموو دانیشتووانی وڵاتی ئێمە بتوانن مرۆڤ بن، مرۆڤیش دەبێ بخوێنێ، دەبێ كار بكا بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتی ئێوەی پێشمەرگەی قارەمان دروستی دەكەن، دەبێ دامودەزگای هەبێ تا بەڕێوەبچێ، دەبێ ئەو دامودەزگایە موئەسەساتی كراوە بن. ئەگەر بمانەوێ سبەی ئێمە بژین، دەبێ وڵاتێكمان هەبێ كە بەرهەمی ئابووری هەبێ، بەرهەمی ئابوورییش تەنیا بەم قەناعەتە وشكە كۆمەڵایەتییە و هەندێكی دینی كە ئێمە هەمانە بەڕێوە ناچێ، حاڵمان لە حاڵی وڵاتانی خەلیج و دەوروبەر خۆشتر نابێ كە هەر هەموویان وا لە ڕماندان.

یەكێك لە فەزیلەتەكانی ڕێبازی بارزانی ئەوەیە كە میللەتی ئێمە رادێنێ و پەروەردەی دەكا لەسەر شكاندنی بیروباوەڕی وشك. هەر بۆیەش بەردەوام ڕێبازی بارزانی لەگەڵ نیزامی موعتەدیلدایە و لەسەر ئەو ئەساسەش بەڕێوەدەچێ، نیزامی موعتەدیلیش ڕێگە بە كۆمەڵگەو تاكی مرۆڤ دەدا كە هەموو تواناكانی خۆی بكاتەوە، هەموو رەنگەكان دەركەون و بیرو باوەڕی جیاواز

هەبێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو. بە واتا گەورەترین جیاوازی لەسەرانسەری وڵات رووبدا بەڵام هیچ کەس بەرامبەر ئەوی تر سەنگەر نەگرێ و لەدوای موناقەشە دەرئەنجام لە خزمەتی دەوڵەت و میللەتدا دەبێ. کە دەڵێن دیموکراسی بۆ هەر میللەتێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، شکڵێکی دیاریکراوی نییە کە بەسەر هەموو میللەتاندا بسەپێندرێ. لەسەر ئەساسی ئیعتیدالی ئیجتماعی دروست دەبێ، جووڵەی سەرمایە و پێشکەوتنی ئابووری لەسەر هەمان ئەساس دروست دەبێ. هەربۆیەش لە مێژووی میللەتی ئێمەدا هەمیشە دەڵێن سەرمایەدار پیاوێکی موسالیمە زۆر ئاسان دەتوانی تەعەددای لێبکەی و شەڕیشی پێ بفرۆشی و دەنگیش ناکات، کاتێکیش ناکۆکی دروست دەبێ نابێتە تەرەف. ئەوە راستە، ئەگەر کابرای سەرمایەدار شەڕانگێز بوو فلسی پێ نامێنێ و موڵکی نامێنێ و گەر سەرمایەدارەکان نەمان سەرمایەی کۆمەڵایەتی نامێنێ، میللەتێکیش سەرمایەی کۆمەڵایەتی نەبێ خۆی پێ بەڕێوە ناچێ. بۆیە ڕێبازی بارزانی دەتوانێ یارمەتی ئێمە بدات تا لەسەر ئەساسی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، کرانەوەیەکی کۆمەڵایەتی باشمان هەبێ. لەهەمانکاتدا نیزامیکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ دروست ببێ یان دیموکراسیەتێکی ئەوتۆ دروست ببێ بە کەڵکی پێشکەوتن و بەردەوامی میللەتی ئێمە بێت. ڕێك ئەوەی کە دەڵێن دیموکراسیەت لە ژاپۆن تایبەت بە ژاپۆنییەکانە، ئەگەر شێوازی دیموکراسی ژاپۆنی بسەپێنی بەسەر میللەتێکی دیکەدا تووشی کارەساتی دەکات.

بنەمایەکی تری ڕێبازی بارزانی مەسەلەی پەروەردەیە کە گرنگییەکی زۆری هەیە. مرۆڤ ناتوانێ فێربێ ئەگەر نیزامێکی نەبێ بۆ پەروەردەکردن و بۆ گواستنەوەی بەهاکان و بیروباوەڕەکان بۆ جیلی دوای خۆی. هەربۆیەش لە بزووتنەوەی ئیسلاحی و چاکسازی بارزاندا فێرکردن و پەروەردەکردن و راهێنان دەورێکی ئێجگار زۆری هەبووە. ئێستا لە نیزامی عالەمیدا بەشێکی ئەرکە هەرە گەورەکانی، پەروەردەیە. کە میللەتان و دەوڵەتان فێرکەن چۆن ئێوە میکانیزمێك دادەنێن تا ئەوەی بۆ بەرژەوەندی میللی ئێوە پێویستە داخلی نیزامی پەروەردەی خۆتانی بکەن و سەرەنجام جیلەکانی خۆتانی لەسەر رابێنن. ئەوەیش یەکێکە لە کێشەکانی وڵاتی ئێمە. ئێستا ئەوە بوو بە ٢٥ ساڵ لەسەر پەروەردەیەك یەکلا نەبووینەتەوە، هەموو ساڵێك کتێبەکانی پەروەردەیی ئێمە لە سەرتاییەوە تا دەگاتە زانکۆ گۆڕانی بەسەردا دێ. لە راستیدا ئەو تەرەفەی گوشار دێنێ بۆ ئەوەی گۆڕان هەبێ پارتییە و پارتیش پابەندە بەم رێبازە. بەڵام لە داهاتوودا دەبێ روانگای ڕێبازی بارزانی شی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەم مەبدەئانە دەرکەون کە چۆن دروست بوون و چ مێژوویەکی هەیە و چۆن بە کەڵکی پێشکەوتنی میللەتی ئێمە دێ تا بکەوێتە ناو سیستەمی پەروەردە لە حکومەتی ئێمەدا. هەروەها لە ماوەیەکی کەمدا ئێمە جیلی نوێمان بۆ دروست ببێ کە جیلی ئەم زەمانە بێ لە چەکدار بوون بە عیلم و تەکنەلۆجیا و زانستی عەسکەری. ئەگەر نموونەیەکی بچووك بێنینەو، دەوڵەتی ئیسرائیل لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاکە دەوڵەتی سەرکەوتووە لەو بوارەدا. بە پێی خسووسیات و قەناعەتی خۆیان بە میللەتێکی بچووك توانیویانە ئابوورییەکی بەهێز و کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو و لە هەمانکاتدا یەکسان و رۆشنبیرییەکی ئەوتۆیان هەبێ رازی بن بەوە کە هەن و تەفسیری خۆیان دەکەن، دەوری خۆیان دیاری دەکەن و دەتوانن دۆست و دوژمنی خۆشیان دەستنیشان بکەن.

ئەگەر پەروەردەیەکی باش لەسەر بنەمای ڕێبازی (بارزانی) لە داهاتوودا لە وڵاتی ئێمەدا ببێ، ئەوا میللەتی ئێمە زۆر بە باشی تێکەڵ دەبێ. من گەر قسەیەك بکەم لێرەدا لەوانەیە زۆر لاتان سەیر نەبێ. ئێوەی قارەمان(پێشمەرگە) بۆ پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە خۆتان بە کوشت دەدەن و دەیانپارێزن، بەڵام لە هیچ شار و دێیەکی کوردستاندا گروپێکی برادەری پیاو و گەنج و ژن بەیەکەوە نابینی گەر لەسەر ئەساسی دینی نەبێ، یان لەسەر ئەساسی نەتەوەیی نەبێ. بۆ نموونە لە هەولێر و سلێمانی نابینی چوار کەس لە چاخانەیەك بەیەکەوە دانیشتبن یەکێکیان مەسیحی بێ و ئەوانیتر موسڵمان بن، یان یەکیان ئێزیدی بێ و دوویان موسڵمان بن، یەکیان کاکەیی بێ دوویان ئێزیدی بن. رەفاقەت و کار ئێستاش لەسەر ئەساسی دینی

**ڕێبازی بارزانی، ڕێبازی کوردایەتییە. لە ڕاستیدا تەفسیرەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێبازەکە ڕێبازی کوردایەتییە بە شێوەی رەسەن، زۆر بە ئاسانی تەفسیری مانەوەی میللەتی کورد و پێکهاتەکان دەکا بەبێ توندڕۆیی، بەبێ ئەوەی مەحروومییەت و مەزڵوومییەتی میللەتی ئێمە ببێ بە بەهانەیەک بۆ ئەوەی کورد تووشی شۆڤێنیزم و هەڵچوون ببێ بەرامبەر بە میللەتانی دیکە**

**لە بزووتنەوەی ئیسلاحی و چاکسازی بارزاندا فێرکردن و پەروەردەکردن و راهێنان دەورێکی ئێجگار زۆری هەبووە. ئێستا لە نیزامی عالەمیدا بەشێکی ئەرکە هەرە گەورەکانی، پەروەردەیە. بۆ ئەوەی میللەتان و دەوڵەتان فێرکەن چۆن ئێوە میکانیزمێک دادەنێن تا ئەوەی بۆ بەرژەوەندی میللی ئێوە پێویستە داخلی نیزامی پەروەردەی خۆتانی بکەن**

**هەموو روانگا و ئایدیۆلۆژیاکانی کە ئێستا لە کوردستان کێشە بۆ سەرۆک بارزانی و بۆ پارتی دروست دەکەن لە بابەتی سەربەخۆیی و ئەو باسانەی کە من ئێستا دەیکەم، خاوەنی ئایدیۆلۆژیان، مێژوویان هەیە، بەڵام ئایدیۆلۆژیای رەق و دۆگمن و بەستراون. بۆ نموونە پەکەکە و گۆڕان و بەشێکی زۆری یەکێتی و ئیسلامییەکان هەموویان لەسەر ئەساسی ئایدیۆلۆجیای بێ مانا جوزڵە دەکەن.**

و نەتەوەیی بەڕێوەدەچێ، هەربۆیەش هاوکاری و تەفاعولی کۆمەڵایەتی بەو ئەندازە بەهێز نییە تا هەموو تواناکانی میللەتی ئێمە بکاتەوە و ئێمە پێشکەوتنێکی باشمان هەبێ لە هەموو بوارەکاندا.

ڕێبازی بارزانی دەتوانێ یارمەتی دەوڵەتی داهاتووی ئێمە بدات، پەروەردەیەك دروست بکات کە هەموو خەڵك بەیەکەوە هاوکاربێ، دۆست بێ و بژیێ بێ ئەوەی بپرسێ دینی تۆ چییە، یان میللەتی تۆ چییە، گرنك ئەوەیە سەقافەت و زمان و وڵاتێکت هەیە لەسەر ئەساسی ئەوە ژیان دروست دەکەی.

پاراستنی پێکهاتەکان، پاراستنی ژنان و پاراستنی مافی گەنجان، تەنیا لە نەتیجەی پەروەردەیەکی باش و سیستەمێکی دادپەروەری باش دروست دەبێ. ئێستا لە هیچ گەڕەك و بازاڕێکی ئێمە نییە کە لەسەر جلوبەرگ و پرچ تاشین و پرچ هێشتنەوە و مۆدێلی ژنان، ئازاری گەنجان و ژنان و پیاوانی ئێمە نەدرێ. ئەمە دەبێ ئیسلاح بکرێ، ئەگەرنا ناتوانرێ ژیانێکی باش بونیاد بنرێ.

بابەتی ئاشتی، ئەگەر ئێمە گوێ بدەینە جەنابی سەرۆك بارزانی لە زۆربەی قسەکانی بە دیقەتەوە دەڵێ، دوای تەواوبوونی ئەو شەڕەی لە ناوچەکە هەیە، دەبێ ئاشتی دروست بێ، بەڵام ئاشتییەکی دادپەروەرانە. واتا دەبێ ژیان بۆ هەمووان هەبێ مافی چارەی خۆنووسینیش بۆ هەمووان هەبێ. گەر بێینە سەر کوردستان دەبێ ژیان بۆ هەموو پێکهاتەکانی کوردستان هەبێ و دەبێ بەشداری و مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەموو پێکهاتەکان هەبێ، چونکە بۆ هەموو پێکهاتەکان دروست نابێ. ئەگەر بۆ هەموو دانیشتووانی وڵات دروست نەبێ. ناتوانین پارێزەری ئاشتی بین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەگەر خاوەنی ئاشتییەکی کۆمەڵایەتی بەهێز نەبین لەنێو وڵاتی خۆماندا. لە ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە ناو کوردستاندا کەموکوڕی زۆر گەورەمان هەیە، کە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەیەکی بیروباوەڕی ڕەسەن تا بتوانین جووڵە بکەین، ئەم سەرچاوە بیروباوەڕە تەنیا لە ڕێبازی بارزانیدا دەتوانین ببینینەوە.

هەموو ڕوانگا و ئایدیۆلۆجیاکانی کە ئێستا لە کوردستان کێشە بۆ سەرۆك بارزانی و بۆ پارتی دروست دەکەن لە بابەتی سەربەخۆیی و ئەو باسانەی کە من ئێستا دەیکەم، خاوەنی ئایدیۆلۆژیان، مێژوویان هەیە، بەڵام ئایدیۆلۆژیای ڕەق و دۆگمان و بەستراون. بۆ نموونە یەکەکە و گۆڕان و بەشێکی زۆری یەکێتی و ئیسلامییەکان هەموویان لەسەر ئەساسی ئایدیۆلۆجیای بێ مانا جووڵە دەکەن. بۆ نموونە کادرێکی یەکەکە بێنە پێی بڵێی کاکە ئەمەی تۆ دەیڵێی هەڵەیە، ئەگەر هەڵەکەشی بۆ شی بکەیەوە ئامادە نییە نیوکاتژمێر گفتوگۆت لەگەڵ بکات. بەڵام ئامادەیە یەك ساڵ شەڕت لەگەڵ بکات بۆ ئەوەی کۆتایی بە ژیانت بێنێت. گۆڕان بەهەمان شێوە، بەداخەوە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش هەروایە. من لە ڕوانگای سیاسی بۆ پارتی و غەیرە پارتی باسی ناکەم، ئەمە موشکیلەی گەورەی میللەتی ئێمەیە، بە دروستبوونی دەوڵەت لە کوردستاندا، ئەم کێشەیە چارەسەر دەبێ، بەڵام کاتێك حل بوو دەبێ ئەو ڕێبازەی دەربازمان دەکا ببێ بە ڕێبازی پەروەردەکردن و ڕێبازێك کە ببێ بە بنەما بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ. ئێمە لە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێ دەورێکی سیاسی و سەربازی بە هێزمان هەبێ، دەوڵەتێکی سیاسی بەهێز دەبێ میللەتێکی متمانە پێکراو و زیندوو و زانای هەبێ. سوپایەکی بەهێز دەبێ تەکنۆلۆژیای بەهێزی هەبێ، سەرباز و ژەنەراڵەکانی ئێمە دەبێ خاوەنی ئەم تەکنۆلۆژیایە بن و بتوانن بەکاری بێنن، بتوانن دروستی بکەن، ئەگەرنا ناتوانین لە ڕۆژهەڵاتی داهاتوودا ئێمە سەرێکی زیندوو و بەهێز بین. هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن ئەگەر دەوڵەتی کوردستان دروست ببێ، لە پاڵ دوو سێ دەوڵەتی دیکە پارێزەری نیزامی ئەم مەنتیقەیە دەبێ بە هاوکاری جیهان. کۆنترۆڵکردنی توندڕەوەی لە جیهانی ئیسلامیدا کارێکی ئاسان نییە، ئەم دەوڵەتانەی هەن لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجیای شۆڤێنیستی دروست بوون، شۆڤێنزمی تورکی و عەرەبی و فارسی بە ئاسانی بەرزەف ناکرێن. کەواتە دەبێ ئێمە فەرهەنگێکی دۆڵەمەندمان هەبێ، تاوەکو بەرهەمی گەورەی هەبێ، تا دەوڵەت کاتێك دروست دەبێ شەریك بێ لە پاراستنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دنیا ئەمەی لە کوردستان دەوێ.

**ئەو تەرەفەی گوشار دێنێ بۆ ئەوەی گۆران هەبێ پارتییە و پارتیش پابەندە بەم ڕێبازە. بەڵام لە داهاتوودا دەبێ ڕوانگای ڕێبازی بارزانی شی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەم مەبدەئانە دەرکەون کە چۆن دروست بوون و چ مێژوویەکی هەیە و چۆن بە کەڵکی پێشکەوتنی میللەتی ئێمە دێ**

**پاراستنی پێکهاتەکان، پاراستنی ژنان و پاراستنی مافی گەنجان، تەنیا لە نەتیجەی پەروەردەیەکی باش و سیستەمێکی دادپەروەری باش دروست دەبێ. ئێستا لە هیچ گەڕەك و بازاڕێکی ئێمە نییە کە لەسەر جلوبەرگ و پرچ تاشین و پرچ هێشتنەوە و مۆدێلی ژنان، ئازاری گەنجان و ژنان و پیاوانی ئێمە نەدرێ. ئەمە دەبێ ئیسلاح بکرێ ئەگەرنا ناتوانرێ ژیانێکی باش بونیاد بنرێ**

ئەم کرانەوە و واقیعبینیی و ئیعتماد لەسەر سیستەمی خۆبەڕێوەبردنە بە دەستی مرۆڤ، واتا سیستەمی دونیەوی، سیستەمێك کە مرۆڤ بیر دەکاتەوە و بنەمای بۆ دادەنێ تا بە کەڵکی بێ، ئەو کات پەیڕەوی لێدەکات. ئەمە جەوهەری ڕێبازی بارزانی بووە و هەر ئەو جەوهەرەیە کە دەبێ پەکەکە لە بەرامبەری پاشەکشێ بکات. کۆتایی پەکەکە وەك کۆتایی ڕێبازی توندڕۆی نێو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەبێ هەڵوەرێ، هیوادارم بە چەك هەڵنەوەرێت، بەڵکو خۆی هەلوەرێت. یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە نەتیجەی ناکۆکیی ناوخۆیی خۆیدا تووشی ئەم حاڵە بوو، گەر نا سنوورەکەی پارێزراوە و سوپاکەشی لە کۆن و لە ٢٠١٤ خاوەنی جەیشی خۆی بووە و ئێستاش ئەو جەیشە بە شانازییەوە بەشێکە لە سوپای کوردستان کە ئێوە باشتر دەزانن چۆن بەڕێوە دەچێ.

ناکۆکی ناوخۆی گۆڕان، لە نەتیجەی بیروباوەڕێکە کە نەوشیروان موستەفا سیاغەی کردووە، ئەمەش وایکرد لایەنگرەکانیان لە شەقام پێیان بڵێن ئێمە دەنگمان دانێ، بەڵام ئێستا نانمان نییە بیخۆین. سەرۆکی ئەم بیروباوەڕە رووی ئەوەی نییە لە بەرامبەر پەیڕەوەکانی دانیشێ دوو قسە بکات، چونکە پێی تەفسیر ناکرێ. توندڕۆیی ئیسلامی لە وڵاتی ئێمەدا وا پاشەکشەی کردووە یەك سەرکردەی سیاسیی حیزبەکانی ئیسلامی، کە تا پێش سێ ساڵ زەمانیان زۆر درێژ بوو، بەشێك لە باوەڕی کۆمەڵایەتی وڵاتی ئێمەش دەبوونە پشتیوانیان، ئێستا ناتوانن لە بەرامبەر یەك رۆشنبیر یەك کادیری سیاسی و یەك پێشمەرگەی ئێمە دوو قسەیان هەبێ بیڵێن، چونکە ئەوەی ئەوان دەیانگوت ئەوەیە لە شنگال و لە رەققە و لە موسڵ جێبەجێ دەکرێ. میللەتی ئێمە ئیرادەی خۆی یەکخست و تێکی شکاندن، قسەیەکی بەهێزی جەنابی بارزانی هەیە دەڵێ: دوای داعش گرنگە. ئەمە تەفسیری ئەو ڕێبازەیە کە من ئێستا باسی دەکەم، دوای داعش گرنگە واتا دوای داعش جگە لە تەوافقی سیاسی عەسکەریەن ئێمە سەردەکەوین، بەڵام چ دەکەین دواتر؟ داعش دروست دەکەنەوە، لە جادە تێزاب بە یەکتردا دەکەین؟ کۆمپانیاکانی دەرەوە بۆیە کرێکاری کورد وەرناگرن، ئەڵێن سەعات ٩ دێتە سەر کار، دوو خشتیان لەسەر یەکدی دانەناوە چێشتانە دەخۆن، نیوەڕۆ دێ فراقین دەخۆن، تەراویح دەکەن، عەسر دێ تەراویح دەستپێدەکاتەوە و مەغریب دێ بە هەمان شێوە. کار بەم جۆرە ناکرێ، کەواتە دەبێ میللەتی ئێمە لە نێوان قەناعەتی دینی و کارکردنی کۆمەڵایەتی تەنزیمێك بکا. با دین بەجێ نەهێڵێ، بەڵام دەبێ خۆی نوێکاتەوە، دەبێ بزانێ چۆن کار دەکا، دەبێ هەموو پێکهاتەکان بە ژن و پیاو و ئێزیدی و مەسیحی و کاکەیی داخلی ژیان بن. دوای داعش ئەوەیە. ئێمە دەوڵەتێك دروست دەکەین لەسەر ئەم بنەمایانە، لەسەر ئەساسی ئەو ئیعتیدالە و ئەم کرانەوەیە. میللەتی ئێمە ئەگەر زیندووە، زیندوویەتییەکەی لەوەدایە کە لە مێژووی سەقافەتی خۆیدا توانی ڕێبازێکی کۆمەڵایەتی سیاسی دروست بکات کە ڕێگەی پێ دەدا تا وزەی خۆی بکاتەوە و بتوانێ بژی و مقاوەمە بکات. سەد ساڵی رابردوو شایەدی ئەوەیە کە میللەتی ئێمە بەم ڕێبازە توانیویەتی بگاتە ئێرە.

دواقسەم ئەوەیە، دەبێ زۆر خۆمان ماندوو بکەین تا لەو ڕێبازە باش تێبگەین و هەوڵ بدەین باش شیبکرێتەوە، ئەو بەشەی کە لە پەنادا ماوتەوە، ئاشکرا بکرێ. نەترسێین لە هیچ بیروباوەڕێك تاوەکو نیزامێك دروست بکەین هێزی هەبێ. نیزامی بەباوەڕ داپۆشراو نیزامێکی خراپ دەبێت. ئێمە پێویستمان بە نیزامێکی باشە، نیزامی باشیش پێویستی بە دیموکراسیی باش دەبێت. شانازیی بارزانی-ی مەزن، شانازیی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان لەوەدایە کە ئەم نیزامە دروست دەکەن و لە مێژووی میللەتی ئێمەدا دەمێننەوە. جیلەکانی داهاتوو بەرێزەوە وەك چۆن ئێمە رێزی بارزانی دەگرین، رێزی ناوی ئێوە و تێکۆشەرانی ئەم قۆناخەش لە داهاتووی میللەتی ئێمەدا دەگیرێت.

*** ئەم باسە لە رۆژی ٢٠١٧/٣/١٧ لە بارزان لە سەر مەزاری نەمران، بۆ ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە و فەرماندەکانیان، پێشکەش کرا.**

**ئێمە لە داهاتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێ دەورێکی سیاسی و سەربازیی بەهێزمان هەبێ، دەوڵەتێکی سیاسیی بەهێز دەبێ میللەتێکی متمانەپێکراو و زیندوو و زانای هەبێ. سوپایەکی بەهێز دەبێ تەکنۆلۆژیای بەهێزی هەبێ، سەرباز و ژەنەراڵەکانی ئێمە دەبێ خاوەنی ئەم تەکنۆلۆژیایە بن و بتوانن بەکاری بێنن، بتوانن دروستی بکەن، ئەگەرنا ناتوانین لە رۆژهەڵاتی داهاتوودا ئێمە سەرێکی زیندوو و بەهێز بین**

**دەبێ زۆر خۆمان ماندوو بکەین تا لەو ڕێبازە باش تێبگەین و هەوڵ بدەین باش شیبکرێتەوە، ئەو بەشەی کە لە پەنادا ماوەتەوە، ئاشکرا بکرێ. نەترسێین لە هیچ بیروباوەڕێک تاوەکو نیزامێک دروست بکەین هێزی هەبێ. نیزامی بەباوەڕ داپۆشراو نیزامێکی خراپ دەبێت. ئێمە پێویستمان بە نیزامێکی باشە، نیزامی باشیش پێویستی بە دیموکراسیی باش دەبێت**



حوسێن مەدەنی

سیاسەتمەدار و پسپۆڕ لە زانستی جیۆپۆلیتیک:

# ئەمریکا و رووسیا لەسەر چارەنووسی کورد ڕێککەوتوون

**پەکەکە هێندەی لەتوانایدا بووە دژایەتی هەرێمی کوردستانی کردووەو زیانی پێگەیاندووە**

**حوسێن مەدەنی، پسپۆڕە لەزانستی جیۆپۆلتیك و راوێژكاری دەفتەری سیاسیی حزبی دیموكراتی كوردستانە و بۆ قسەكردن سەبارەت بە رەوشی ئێستای ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێگەی كوردستان لەناو ئەم هاوكێشە ئاڵۆز و هەستیارەدا چەند پرسیارێكمان ئاراستە كرد و لەمیانەی ئەم وتوێژەدا پێیوایە ئەمەریكا و رووسیا لەسەر دابەشكردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یەكلابوونەوەی چارەنووسی كورد رێككەوتوون. جەختیش لەوە دەكاتەوە كە پەكەكە ئەوەندەی لە توانایدا بووە زەربەی لە هەرێمی كوردستان داوە. ئەمەش دەقی ئەو چاوپێكەوتنەیە كە هاوكارمان (كاوە جەم) ئەنجامیداوە.**

*** نزیكبوونەوە و رێككەوتنی نێوان توركیا و رووسیا، بە چ شێوەیەك كاریگەری لەسەر هێز و پێگەی هەرێمی كوردستان دەبێت و خوێندنەوەتان بۆ ئەم رێككەوتنە چییە؟**

- توركیا، هەڵكەوتێكی جیۆگرافیایی زۆر باشی هەیە. دەوڵەت و حكومەتی توركیا لەمپەرن لە بەرانبەر زێدەڕۆییەكانی رووسیا. دۆخی هەرێمی كوردستان زیاتر لە بەرژەوەندیی دەوڵەتی توركیادایە، تا رووسیا. ئێستە لە بەرانبەر ئەو رێككەوتنانەدا دەروازەیەكی دیكە هەیە كە لە راستیدا لە ئاستی گوشاری رووسییەكان بۆ ئەورووپا كەم دەكاتەوە، ئەویش هەرێمی كوردستانە.

*** بەڵام ئێستە دۆخی توركیایش لەگەڵ چەند وڵاتێكی ئەندامی یەكێتیی ئەورووپا باش نییە، ئایا ئەوە بە زیانی هەرێمی كوردستان و بازاڕی وزەكەی نابێت؟**

- راستە ئێستە توركیا لەگەڵ چەند وڵاتێكی ئەورووپی مشتومڕی هەیە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك توركەكان ناتوانن خۆ لە ئەورووپا جیابكەنەوە، چونكە بەشێكی خاكی توركیا لە ئەورووپادایە و ئەگەر لە ئەورووپییەكان داببڕێن، تووشی زیانی ئابووریی زۆر گەورە دەبنەوە. ئەگەر توركیا ململانێ لەگەڵ ئەورووپا بكات، یانی خۆی رووبەڕووی خۆكوشتن دەكاتەوە.

*** ئێستا كوردستان بەشێكی نەوتەكەی لە رێگەی توركیاوە هەناردەی دەرەوە دەكات، بەڵام لە هەمانكاتدا دەشتوانیت بە رێگەی سووریا رێگەیەك بۆسەر دەریای سپیی ناوەڕاست بكاتەوە، ئایا گواستنەوەی وزەی كوردستان بۆ دەرەوە بە رێگەی دەریای سپیی ناوەڕاست باشتر نییە؟**

- هەرێمی كوردستان لە ئاینده دەتوانێت رێگەی گواستنەوەی وزە بۆ سەر دەریای سپیی ناوەڕاست بكاتەوە، لەم حاڵەتەشدا دەتوانێت زۆر پشت بە توركیا نەبەستێت و دەریای سپیی ناوەڕاستیش ئاسانكاری زۆر بۆ هەرێمی كوردستان و هەناردەكردنی وزەكەی فەراهەم بكات، ئەو رێگەیە زۆر ئاسانترە. هەربۆیە رێگەی دەریای سپیی ناوەڕاست زۆر گرینگە و لەوێوە رێگە بۆ هەموو ئاوەكان هەیە و كاتیشی كەمتر دەوێ بۆ هەناردەكردنی وزە.

*** لە ئێستادا رووسیا خاوەنی هێز و پێگەیەكی گەورەیە لە ناوچەی دەریای سپیی ناوەڕاست، ئایا ئەمە نابێتە هەڕەشەیەك لەسەر هەژموونی ئەمریكا، یان ئایا هەردوولا لەسەر ئەم پرسە رێككەوتوون؟**

- بە شێوەیەكی گشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پاكسازی لەو وڵاتانەدا كراوە كە هەڵگری فكری چەپ و كۆمۆنیست بوون، ئێستا دۆخەكە گۆڕاوە. دەبێ ئەمریكا و رووسیا خاڵ بە یەكتر بدەن. دەوڵەتی (بەشار ئەسەد) دەسەڵاتی بەسەر رۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەراست و بەندەری تەرتووسدا هەیە و بەشی زۆری دانیشتووانیشی عەلەوین. رووسیا لە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بنكەكانی خۆی لە دەست داوە، بۆیە ئێستە پشتگیری لەمانەوەی رژێمی ئەسەد دەكات بۆ ئەوەی دەسكەوتەكانی لەو ناوچەیە پارێزراو بێت و بە تەواوی هەوڵی پاراستنی ئەو شوێنانە دەدات كە لەبەردەستیاندا ماوەتەوە و ئەمەش بۆ ئەوان زۆر گرینگە.

*** ئایا ئەم باڵادەستییە بۆ بەرژەوەندی ئێرانیشە، مەبەستم ئەوەیە ئێرانیش بەرژەوەندی لەو ناوچەیە هەیە؟**

- دانیشتووانی رۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاست هەموو عەلەوین و شیعەن و ئەوانیش سەر بە ئێرانن و ئێرانیش پشتگیریان لێدەكات، بۆیە بێگومان لە خزمەتی ستراتیژیەتی ئێرانیشدایە. بێگومان ئەم ناوچەیە هەڵكەوتەی ژیۆپۆلوتیكی جیهانی هەیە و ئێرانیش لەو ناوچەیەدا

**ناكۆكیی نێوان كوردەكان وای كردووە قورساییان لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی كەم ببێتەوە. ئەمریكا لە ستراتیژی خۆیدا سیاسەتی كوردستانی گەورەی لەبەرچاو گرتووە، بەڵام ئەو كۆسپانەشی لەبەردەمە و دەبێ چارەسەر بكرێن**

**دەبێ پەكەكە لۆژیكییانە بەو ئەنجامە بگات كە سیاسەتەكانی هیچ خواستێكی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەسەر نییە. ئێران بەربەستی سەرەكیی چارەسەرنەبوونی كێشەی نێوان پەكەكە و هەرێمی كوردستانە و نانی لێ دەخوات**

**رووسیای ئێستا، رووسیای سەردەمی لینین و ستالین نییە. رووسیای پۆتین، بەرەو لیبراڵیزمی ئابووری هەنگاو دەنێت. هەر بۆیە هەندێ پشت بە هاوکارییەکانی ئەمریکا دەبەستێت**

**ئەمریکا و رووسیا پشکیان لە سایکس پیکۆ-دا نەبووە، بۆیە ئێستا ئەوان ناوچەکە دابەش دەکەن. ئەو دوو وڵاتە رێککەوتنیان بۆ دابەشکردنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە. ئەمەریکا دەیزانی کە بە بێ رووسیا ئەو بەرنامانەی بۆ جێبەجێ ناکرێت. جیا لەوەش رووسیا و ئەمریکا نفووزیان لە ناو کورددا هەیە**

**هیچ کاتێک دۆناڵد ترەمپ نەزمی نوێی جیهانی لەسەر پاشماوەی وێرانکارییەکانی رابردوودا داناڕێژێتەوە. هەموو وڵاتان باس لە گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن و لە راستیدا گۆڕانکارییەکان ئێمە دەگرێتەوە**

وەبەرهێنانی سیاسیی زۆری کردووە.

*** ئێستا ئێران هەوڵی زۆر دەدات کە دەروازەیەك بۆ سووریا بکاتەوە، ئایا ئەمە لە پێناوی ئەوەیە بە رێگەی دەریای سپیی ناوەڕاست نەوتەکەی هەناردەی ئەورووپا بکات؟ ئایا ئێران تەنیا مەبەستی ئەوەیە تێچووی گواستنەوەی نەوتەکەی کەم بکاتەوە، یان ئامانجی دیکەشی هەیە؟**

- ئامانجی ئێران ئەوەیە ئەو خەتە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بێت و بەتەواوەتی ئەو دەرگایە بە رووی هەرێمی کوردستاندا دابخات، ئەمەش بەو ئامانجەی کوردستان هەرگیز نەتوانێت بە رێگەی دەریای سپیی ناوەڕاست وزەی خۆی رەوانەی جیهان بکات. بێگومان هەتا ئێستا نەیتوانیوە ئەو ئامانجەی دەیەوێت بۆی بێتەدی، بۆیە ئێستا لە هەوڵی ئەوەدایە لە باشووری عێراقەوە ئەو کارە بکات و بۆ ئەمەش چاوی لە شاری بەسرا بڕیوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کێشەی سەرەکی ئەوەیە، کە ئێران دەیەوێ بە تەواوی هێڵی سووریا لە دەستی خۆی بگرێت. دەیەوێ تەنانەت ئەگەر نەوت و غازی هەرێمی کوردستان بەو رێگەیەدا تێپەڕێت، ئۆکەی ئێرانییەکانی لەسەر بێت.

*** ئایا هەتا ئێستا کوردستان سەرکەتوو بووە لەوەی بتوانێت هێڵێکی گواستنەوەی مسۆگەر بۆ نەوتەکەی بەرەو ئەورپا مسۆگەر بکات؟**

- هەتا باشووری کوردستان نەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروستکردنی هێڵێکی مسۆگەر بۆ گواستنەوەی وزە کارێکی ئاسان نابێت، کێشەی سەرەکیی باشووری کوردستان ئەوەیە هێشتا نەبۆتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

*** بەڵام ئێستا باشووری کوردستان یاسای نەوت و گازی تایبەت بەخۆی هەیە، ئایا بۆ ئێستا ناتوانێ ئەو هێڵە مسۆگەرە دابین بکات؟**

- راستە تا ئێستا هەوڵیش دراوە، بەڵام بارودۆخەکە زۆر جیاوازتر دەبێت ئەگەر کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە رووی پێوەندیی نێودەڵەتییەوە ئێستا کێشەی بۆ دروست دەکرێت، بەڵام کە بووە دەوڵەتی سەربەخۆ لەو کێشانە دووردەکەوێتەوە.

*** باسی ئەوەتان کرد کاتێك کوردستان دەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئیدی لە زۆر کێشە رزگاری دەبێت، ئایا ئەمە پێچەوانەی قسەکانی خۆتان نییە؟**

- کوردستان هەتا نەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ وەك بەشێك لەو دەوڵەتانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە کوردستانیان داگیرکردووە، سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش ئێستا بەهەمان شێوەیە، چونکە ئێستاش بودجە و زۆر شتی دیکە داوادەکرێت لە رێگەی بەغداوە رێکبخرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە وەك دەوڵەتی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت.

*** پێتانوایە کورد لە کوێی گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە؟**

- هەموو کێشەکان پێوەندییان بەو پرسە سەرەکییەوە هەیە کە کورد خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نییە. ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، هەموویان پێوەندییان لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکان هەیە، بۆیە کاتێك بارودۆخەکە ئاڵۆز دەبێت، ئەو دەوڵەتانە زیاتر کاریگەرییان راستەوخۆ لەسەر نەزمی جیهانی دەبێت. بۆیە هەتا زەمینەیەکی لەبار دروست نەبێت بۆ دەوڵەتی کوردستان، کێشەکانی چارەسەر نابن و کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەردەوام دەبن.

*** ئێستا باشووری کوردستان خۆی ئامادەدەکات بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی، گریمان لە ئەنجامی ریفراندۆمەکە هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی راگەیاندو لە پاشکۆیەتی هاتەدەر، ئایا تاچەند سەربەخۆیی باشوور کاریگەری لەسەر پارچەکانی کوردستان دەبێت؟**

- پرسەکە زۆر ئاڵۆزە، تەنانەت خۆم لەسەر ئەو باوەڕە نیم کە ئەگەر هەرێمی کوردستان بەتەنیا وەك یەکەیەکی جیۆگرافیایی، سەربەخۆیی رابگەیەنێت. کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەواو چارەسەر دەبێت، لای من کوردستان یەك وڵاتە و کوردیش یەك نەتەوەیە. پێشتر کوردستان لەلایەن زلهێزەکانەوە دابەش کراوە و ئێستە خۆمان لە رووی سیاسییەوە دەمانەوێ دابەشی بکەین، ئەمە جێبەجێ ناکرێت. نابێ هەرێمی کوردستان خۆی هەڵبوێرێت، چونکە ئەوکات دەسەلمێندرێت کە سایکس پیکۆ راستە. هەر کەس بیەوێ ئەوە تاقی بکاتەوە، بێگومان شکست دێنێت. بۆیە هەتا لەم بەشەش سەربەخۆیی رابگەیەندرێت، ئەگەر بەشەکانی دیکەی لە گەڵدا نەبێت، ئەوا کێشەکە بەتەواوی چارەسەر نابێت، بە بڕوای من دەبێت دوو بەشی کوردستان واتە باشوور و رۆژهەڵات یەك بگرنەوە و بەو شێوەیە لە پاشکۆیەتی دەوڵەتی داگیرکەران رزگارمان دەبێت.

*** پێتوایە زلهێزەکان ئەو بەرنامەیەیان بۆ ئەو دوو پارچەیەی کوردستان هەیە؟**

- پێموایە ئەگەر نەشبێت، دەبێ لای خۆمان

وەک ستراتیژ بوونی هەبێت. ئەگەر ستراتیژی بیربکەینەوە، دەبێ بەو شێوەیە بکەین. ئەو دوو پارچەیەی کوردستان، دوو یەکەی لێکدابڕاو نین لە یەکتری و لە هەموو ڕووەکانی جیۆگرافی، کەلتووری، مێژوویی و سیاسییەوە تێکەڵیی تەواویان هەیە. ئەو دوو پارچەیە، چارەنووسی هاوبەشیان هەیە و سنووری نێوانیان دەستکردە.

*** ئایا لەسەر چ بنەمایەک ئەو بۆچوونەت گەڵاڵە کردووە کە ئیدی کاتی ئەوەیە کورد سەربەخۆ بێت و پاشکۆی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان نەبێت؟**

- هۆکار زۆرن. هیچ کاتێک دۆناڵد ترەمپ نەزمی نوێی جیهانی لەسەر پاشماوەی وێرانکارییەکانی ڕابردوودا دانارێژێتەوە. هەموو وڵاتان باس لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن و لە ڕاستیدا گۆڕانکارییەکان ئێمە دەگرێتەوە.

*** ئایا تەنیا لەبەر ئەوەی ترەمپ سەرۆکی ئەمریکایە، کورد سەربەخۆ دەبێت و لە پاشکۆیەتی ڕزگاری دەبێت؟**

- نەخێر، هەر کەسێکی دیکەش سەرۆکی ئەمریکا بێت، جیاوازی نییە. نە کورد و نە دەوڵەتە ناوەندییەکان، ناتوانن چارەنووسی وڵات و سنووریان بگۆڕن، تەنیا ئەوە بە ڕێککەوتنی زلهێزە نێودەوڵەتییەکان دەکرێ و بە پلەی یەکەم ئەوە ئەمریکا دەگرێتەوە، دواتر ڕووسیا و ئەوروپا.

*** ڕۆڵی ئەمریکا و ڕووسیا لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆنە؟**

- ئەمریکا و ڕووسیا پشکیان لە سایکس پیکۆ -دا نەبووە، بۆیە ئێستا ئەوان ناوچەکە دابەش دەکەن. ئەو دوو وڵاتە ڕێککەوتنیان بۆ دابەشکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە. ئەمەریکا دەیزانێ کە بە بێ ڕووسیا ئەو بەرنامانەی بۆ جێبەجێ ناکرێت. جیا لەوەش ڕووسیا و ئەمریکا نفووزیان لە ناو کورددا هەیە.

*** ئەگەر ئەو دوو هێزە گەورەیە لەسەر دابەشکردنی ناوچەکە ڕێککەوتوون، پێتوایە چ ڕەوتێکی فکری زەبری بەر دەکەوێت؟**

- ڕووسیای ئێستا، ڕووسیای سەردەمی (لێنین) و (ستالین) نییە. ڕووسیای پۆتین، بەرەو لیبراڵیزمی ئابووری هەنگاو دەنێت. هەر بۆیە هەندێ پشت بە هاوکارییەکانی ئەمریکا دەبەستێت. ئێستا هەموو بەرەو جیهانی سەرمایەداری دەڕۆن و ئەمریکایش بە تەواوی بەهێزی دەکات.

*** پەکەکە تا ئێستەش سیاسەتەکانی لەسەر تیۆری چەپە، پێتوانییە پاکسازیی فیکری و فیزیکی لە ناو پەکەکەدا دەکرێ، بۆ ئەوەی لە ئاراستەی سیاسەتی ئێستای ڕووسیادا بێ؟**

- پەکەکە ناتوانێ لە سیاسەتی پۆتین لابدات، چونکە بنکەکانیان زیاتر لەو وڵاتانەدایە کە ڕووسیا لێی بەهێزە. پەکەکە ناچارە ئەو ئاڵوگۆڕە پێکبێنێ.

*** ئەگەر ئەمەریکا و ڕووسیا لەسەر دابەشکردنی ناوچەکە ڕێککەوتوون، ئەدی بۆ پەکەکە لە هەرێمی کوردستان کێشە دروست دەکات؟**

- ئەوەی پەکەکە دژی هەرێمی کوردستان دەیکات، زیاتر دەمارگرژیی حزبایەتییە. پەکەکە ئەوەندەی لە توانایدا بووە زەربەی لە هەرێمی کوردستان داوە. دەبێ پەکەکە لۆژیکییانە بەو ئەنجامە بگات کە سیاسەتەکانی هیچ خواستێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەسەر نییە. ئێران بەربەستی سەرەکیی چارەسەرنەبوونی کێشەی نێوان پەکەکە و هەرێمی کوردستانە و نانی لێ دەخوات.

*** ئەدی ئەمەریکا چۆن ڕێگەدەدات زیان بە بەرژەوندییەکانی لە ناوچەکەدا بگەیەنێت؟**

- خۆ هەر پەکەکە کێشەی دروست نەکردووە، ئەدی بۆ گۆڕان و یەکێتی و حزبەکانی دیکە ڕێک ناکەون؟ ناکۆکیی نێوان کوردەکان وای کردووە قورساییان لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی کەم بێتەوە. ئەمریکا لە ستراتیژی خۆیدا سیاسەتی کوردستانی گەورەی لەبەرچاو گرتووە، بەڵام ئەو کۆسپانەشی لەبەردەمە و دەبێ چارەسەر بکرێن.

*** ئەمریکا و ڕووسیا چۆن لەسەر پرسی کورد ڕێککەوتوون؟**

- ئەوان لە سەر سنووری جیۆگرافیی نفووزی خۆیان ڕێک دەکەون. ئەمریکا لە بەندەری تەرتووس، ئیمتیاز بە ڕووسیا دەدات. پێمولیە هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی بەرژەوندییەکانی ئەمریکادا دەبن و باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانیش لە سنووری بەرژەوندییەکانی ڕووسیادا.

*** پێتوایە لەسەر کەرکووکیش ڕێککەوتن کراوە؟**

- ئەوان لەسەر چارەنووسی نەتەوەی کورد ڕێککەوتوون. هەر کەسێک کەرکووکی بەدەستەوە بێت، سەربەخۆیی کوردستانی مسۆگەر کردووە.


**ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، هەموویان پێوەندییان لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکان هەیە، بۆیە کاتێک بارودۆخەکە ئاڵۆز دەبێت، ئەو دەوڵەتانە زیاتر کاریگەرییان ڕاستەوخۆ لەسەر نەزمی جیهانی دەبێت**

**هەتا زەمینەیەکی لەبار دروست نەبێت بۆ دەوڵەتی کوردستان، کێشەکانی چارەسەر نابن و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەردەوام دەبن**

**هەرێمی کوردستان لە ئایندە دەتوانێت ڕێگەی گواستنەوەی وزە بۆ سەر دەریای سپیی ناوەڕاست بکاتەوە، لەم حاڵەتەشدا دەتوانێت زۆر پشت بە تورکیا نەبەستێت**

### له سووریاوه و به ڕۆكێتی تۆماهۆك

# ترەمپ.. پەیامێكی زۆر توند بۆ مۆسكۆ و تاران دەنێرێت





«ئەو گورزە سەربازییەی ئەمریکا لە بنکەیەکی هێزی ئاسمانیی سووریای سرەواند، ئامانجی خۆی پێکاوە و جیا لەوەی زیانێکی گەورەی بە بنکەیەکی ئاسمانیی سووریا گەیاند، بە دڵنیاییەوە پەیامێکیشە دەگاتە ئێران و کۆریای باکووریش، ئێستا نەیارەکانی ئەمریکا بێشک سەرنجی ئەوەیان داوە، کاتێک سنوورەکان دەبەزێندرێت و گوێ بۆ ئاگادارکردنەوەکانی ئەمریکا وەک خۆی شل ناکرێت، ئەوا کاردانەوەی ئەمریکا تەنیا قسە نابێت، لە هەمانکاتدا ئەمە پەیامێک بوو بۆ دۆستەکانیشمان – عەرەب و ئیسرائیل– لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبەر ئەوەی ئەوانیش گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی کە ئیدارەی سەرۆک ئۆباما خۆی لە بەرپرسیاریەتی ناوچەکە کشاندبۆوە، بۆیە ترسی ئەوەیان هەبوو ئێستاش سەرۆکی ئەمریکا ئێران وەک بەشێک لەچارەسەرری کێشەکان سەیربکات نەک سەرچاوەی هەموو کێشەکان، بۆیە ئەوانیش بەم گورزە سەربازییە زۆر دڵخۆش بوون و زۆر بەجددی قسەکانی ئیدارەی ترەمپ وەردەگرن و وەڵامدانەوەیان بۆ خواست و داواکارییەکان دەبێت. بۆیە ئەم بڕیارەی ترەمپ بۆ دۆست و دوژمن وەک یەک روونکردەوە کە بڕیاری لێدانی گورزی سەربازی کاریگەری خۆی هەیە و ئەوەی پەنا بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی ببات، دەبێت باجێکی گەورە بدات.


پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کاردانەوەی رووسیا چۆن دەبێت؟ ئایا

● مووشەك تۆماهۆك

**وەڵامێك بوو بۆ ئەوانەی دەیانویست ترەمپ تاقیبکەنەوە**

سەرسوڕمان لە بڕیارەکەی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا بە لێدانی (٥٩) رۆکێتی تۆماهۆك لە بنکەی ئاسمانیی شوعەیراتی رژێمی ئەسەد، هەر لەبەر ئەوە نییە نەگەڕاوەتەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش و شەرعییەتی نێودەوڵەتی وەرنەگرتووە، بەڵکو سەرسوڕمانەکە لەوەدایە ترەمپ بۆ وەرگرتنی ئەم بڕیارە قورس و گرانە نەگەڕاوەتەوە بۆ کۆنگرێس و رای کۆنگرێسیشی وەرنەگرتووە، لەمەش سەرسامتر ئەوەیە، لە کاتێکدا ئەم بڕیارەی داوە کە شی جین بینگ سەرۆکی چین بەفەرمی میوانی ترەمپ بووەو پێش ئەوەی نانی ئێوارە پێکەوە بخۆن، فەرمانی بۆ سوپای ئەمریکا دەرکردووە کە هێرشێکی گەورەی رۆکێتی تۆماهۆك بکرێتە سەر رژێمی ئەسەد.

کەواتە وەك دەنیس رۆس گەورە دیپلۆماتکاری ئەمریکا لە وتارێکیدا دوای ئەم کردەوە سەربازییە ئاماژەی پێکردووە، ئەم بڕیارەی سەرۆك ترەمپ بە لێدانی گورزێکی سەربازی لە رژێمی ئەسەد، پەیامێکە دەگاتە ئێران و کۆریای باکوور و رووسیاش، راستە لەوانەیە ئەم گورزە سەربازییە نەبێتە هۆکاری ئەوەی دینامیکیەتی شەڕەکە لە سووریا بگۆڕێت، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەم گورزە سەربازییە کردنەوەی پەنجەرەیەکی تازە بوو بە رووی پەنابردن بۆ رێگەی دیکە بەرامبەر ئەو دەوڵەت و لایەنانەی کە دەیانەوێت ئیرادەی ترەمپ تاقی



**رووسیا هێزێکی زیاتر لە سووریا بڵاوە پێدەکات و باجێکی زیاتر دەدات، یان کاتی ئەوە هاتووە راشکاوانە بە ئەسەد بڵێت، چیدیکە ناتوانێت بیپارێزێت؟ وەک لە کاردانەوە سەرەتاییەکانی رووسیا دەردەکەون، کاردانەوەکە هەر ئەوەندە بووە کە سەرکۆنەی گورزە سەربازییەکەیان کردووە و رایانگەیاندووە چەکە کیمیاییەکان لای یاخیبووان بووە، نەک رژێمی ئەسەد، هەروەها ئەو لێکتێگەیشتنەی لەسەر ئاسمانی سووریا لەنێوان رووسیا و ئەمریکا هەبووە، هەڵیان پەساردووە، بۆیە پێدەچێت، رووسیا گرەوی گەورە لەسەر رژێمی ئەسەد نەکات، بەڵام نیگەرانیی فلادیمیر پۆتین لەسەر ئەوەیە کە نایەوێت ئەمریکا بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە هێز بەکار بهێنێت.»**

- **دەنیس روس دیپلۆماتکاری گەورەی ئەمریکا**
- **رۆژنامەی نیویۆرک تایمز ٢٠١٧/٤/٧**

بکەنەوە، یاخود وەك خۆی گویٚ بۆ هۆشداریدان و ئاگادارکردنەوەکانی ئیدارەی تازەی ئەمریکا راناگرن.

چاودێران پێیانوایە لەگەڵ ئەوەی هێشتا زووە تا بەتەواوەتی ئەوە بزانرێت کاردانەوەکانی رژێمی ئەسەد لەلایەك و ئێران و رووسیا لەلایەکی دیکە بەرامبەر وەشاندنی ئەم گورزە سەربازییەی ترەمپ چۆن دەبێت، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا و پێش هەموان رژێمی ئەسەد ئەگەر وەك تەحەددایەك پەنابباتەوە بەر بەکارهێنانی چەکی کیمایی، ئەوا هەمان هێرش دووبارە دەکرێتەوە بۆ سەر ئەو بنکە ئاسمانییەی ئەو فڕۆکانەی لێوە دەفڕن و بەمەش هێزی ئاسمانی رژێمی ئەسەد زۆر لاواز دەبێت و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی چەکدارانی دژی رژێم و نزیکبوونەوەی رووخاندنی رژێمی ئەسەد. هەر بۆیە چاودێران پێیانوایە جارێکی دیکە بەشار ئەسەد زاتی ئەوە ناکات، پەنا بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمایی بەرێت، بەڵام مەزندەی ئەوە دەکەن وەك پێشتر بەردەوام بێت لە بۆمبارانکردن بە ناپاڵم و بەرمیل بۆ سەر ئەو ناوچانەی کە ئێستا بەدەستی چەکدارانی دژی رژێمی ئەسەدەوەیە و ئەمەش بەو ئامانجە دەکات ئەو خاکەی لەبەر دەستی ئەو چەکدارانەیە دووبارە کۆنترۆڵیان بکاتەوەو لە هەمانکاتیشدا نابێتە بیانوویەك بەدەستی ئەمریکاوە بۆ ئەوەی هێرشی هاوشێوەی دیکە بکاتە سەر رژێمەکەی. بەڵام سەبارەت بەم سیناریۆیەش چاودێران پێیانوایە لە ئێستادا رژێمی ئەسەد بەشی پێویست هێزی زەمینی نەماوە کە بتوانێت

**جیا لەوەی کوردستان وەک دەوڵەتی دیفاکتۆ و وەک ئەمری واقیع لە هەمان بەرەی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا و ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی خۆی بینیوەتەوە، لەهەمانکاتدا ئەمە یەکەمین جارە لەمێژووی کورد و کوردستاندا، بەختی کورد بەوجۆرە بێت کە لەبەرەیەکدا خۆی ببینێتەوە، زۆربەی دەوڵەتانی ئەو بەرەیە پشتگیری لەدەوڵەتی کوردستان بکەن**

**ئەو هێز و لایەن و دەوڵەتانەی کە دژایەتی دەوڵەتی کوردستان دەکەن بەرەو ئەوە هەنگاو هەڵدەگرن کە خۆیان رووبەڕووی هەموو جیهانی ئازاد و بەرەی جیهانی دژی تیرۆر بکەنەوە**

**ئەو بەرەیەی پشتگیری ترەمپ دەکات، بۆتە بازنەیەک هاوپەیمانانی ئەمریکا لەگەڵ دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا لە بازنەیەکدا لەگەڵ ئەمریکا هەموویان پێکەوە کۆدەکاتەوە**

ئەو ناوچانە هەمووی بگرێتەوە و هێزی پێویستیان تێدا بڵاوبکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت بیانپارێزت، بۆیە ئەگەر کارێکی لەو جۆرە بکات، دەبێت پشت بەو میلیشیا شیعانە ببەستێت کە ئێران لە شوێنە دوورەکانی وەك ئەفغانستانەوە هێناونی بۆ سووریا، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا لایەنی ئێرانی ئامادەیە وەك کاردانەوە بۆ ئەم گورزە سەربازییەی ئەمریکا دژی رژێمی ئەسەد، مەترسییەکە بگەیننە ئەو ئاستە و بەوجۆرە رووبەڕووی ئەمریکا ببنەوە؟ ئەمە لە کاتێکدا ئێران زۆر باش دەزانێت کە ئەوە رژێمی بەشار ئەسەدە چەکی کیمیایی بەکارهێناوەو بۆتە هۆکاری ئەوەی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر سووریا بگۆڕێت، سەرۆك ترەمپ-یش دوای بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن رژێمی ئەسەدەوە راشکاوانە ئەوەی راگەیاندووە، ئەم کارە بۆتە هۆکاری ئەوەی سیاسەتی خۆی بەرامبەر رژێمی ئەسەد بگۆڕێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەمریکا بەشێوەیەك لە شێوەکان جۆرێك لێکتێگەیشتنی لەگەڵ رووسیا سەبارەت بە ئایندەی سووریا دروستکردووەو لەمەش زیاتر ئەمریکا پێش ئەوەی فەرمانی لێدانی ئەو گورزە سەربازییە جێبەجێ بکات، مۆسکۆی ئاگادار کردۆتەوەو پێدەچێت مۆسکۆش بەشێوەیەك لە شێوەکان رازی بووبێت، بۆیە نەیویستووە بە رێگەی رۆکێتی s300، s400 ئاراستەی رۆکێتەکانی ئەمریکا تێکبدات، هەر بۆیە ئەگەر لەم راستەوە سەیری کاردانەوە سەرەتاییەکانی مۆسکۆ بەرامبەر ئەم گورزە سەربازییە بکەین، دەبینین بێجگە لەسەرکۆنەکردنی کردەوە سەربازییەکە و بەرگریکردن لە رژێمی ئەسەد بەوەی چەکە کیمیاییەکان لای نەیارانی ئەسەد بوون، نەك حکومەتی سووریا، پاشانیش هەڵپەساردنی ئەو رێککەوتنەی لەنێوان ئەمریکا و رووسیا هەبووە لەسەر ئاسمانی سووریا، کاردانەوەی دیکەی نەبووە، بەڵام ئەوەی کە سەرۆك پۆتینی نیگەران کردووە ئەوەیە کە ئەو نایەوێت ئەمریکا بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە پەنا بۆ هێز ببات.

ئەگەر لەمیانەی کاردانەوەکانی رووسیا لەهەمبەر گورزە سەربازییەکەی ئەمریکا بۆ سەر بنکە ئاسمانییەکەی شوعەیرات هەڵوەستەیەکی ورد بکەین، بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە رووسیا ئەوەی مەبەستی بوو لە سووریا دەستی بکەوێت، وەك: هێشتنەوەی رژێمی ئەسەد، فراوانکردنی رێڕەوی سەربازی، دامەزراندنی بنکەی سەربازی، ئەمانەش هەمووی دەستکەتووە، بۆیە لە ئێستادا هێندەی دەیەوێت ئەم دەستکەوتانە بپارێزێت و بیانچەسپێنێت، هێندە نایەوێت زیاتر خۆ تیوە بگلێنێت و باجی گەورەتر بدات.

ئەگەر هەتا ئێستا کاردانەوەکان بەمجۆرە بوون، ئایا سەرۆك ترەمپ ئەم گورزە سەربازییەی تەنیا لەبەر ئەوەندە بوو کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی باجێکی گەورەی بەدوادا دێت، یان ئەم گورزە سەربازییە پەیامێکی گەورەترە بۆ هەریەکە لە رووسیا و ئێران و ترەمپ مەبەستێتی بە باشی هەردوولا لە پەیامی ئیدارەکەی تێبگەن و هەوڵنەدەن ئیرادەی ترەمپ تاقیبکەنەوە و چیتر لەگەڵ ئیدارەی تازەی ئەمریکا یاری بە ئاگر نەکەن؟ دیارە ئەم بڕیارەی ترەمپ بە تایبەتی بۆ رووسیا ئەو پەیامەی بۆ ناردووە کە هەتا ئێستاش چەکدارانی رژێمی ئەسەد هەرماون و هێشتا مانەوەی رژێمی ئەسەد گەرەنتی نییە، بۆیە ئەگەر رووسیا نەیەوێت بارودۆخەکە زیاتر هەڵبکشێت و باجی گەورەتر نەدات، ئەوا ئەمریکا ئامادەیە کار لەگەڵ رووسیا بکات و پشتگیری لە پرانسیپەکانی پرۆسەی ئاشتیی ژنێف بکات، دیاریشە کە جێبەجێکردنی پرانسیپەکانی ژنێف، دەستکەوتەکانی رووسیا لە سووریا دەپارێزێت، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر رووسیا رەفتار بکات، ئەوا ترەمپ کارتی دیکەی لەبەر دەستە بۆ ئەوەی بەتەواوەتی سیاسەتی خۆی بگۆڕێت بۆ رووخانی رژێمەکەی ئەسەد، سەبارەت بە ئێرانیش کە زۆربەی شارەزایان پێیانوایە ئێران ئەو توانایەی هەیە شەڕی بەوەکالەت بە میلیشیا شیعەکان لە عێراق و سووریا دژی سوپای ئەمریکا ئەنجامبدات، بەڵام ئەگەر ئێران ئەم کارە بەرامبەر سوپای ئەمریکا جێبەجێ بکات، بەشێوەیەك لە شێوەکان مانەوەی داعش درێژدەکاتەوە و داعشیش دوژمنی سەرسەختی شیعەیە، نەك هەر لە عێراق و سووریا، بەڵکو لەتەواوی ناوچەکە و جیهانیشداو ئەوەشی ئێستا داعش وەك کاردانەوە بەرامبەر رۆژئاوا بەشێوەیەکی گشتی دەیکات، لەبەر ئەوەیە رۆژئاوا وەك پشتگیری شیعە و ئێران لە قەڵەم دەدات و دەیەوێت تۆڵەی شیعە لە شەڕی دژی داعش لە رۆژئاواو هاوپەیمانی نیودەوڵەتی دژی داعش بکاتەوە.

## سووریا نابێتە ڤێتنیام
## بەشار ئەسەد چارەنووسی سەدامی دەبێت

ئەو شینەی ئێران و وەکیلەکانی لە عێراق و ناوچەکە بۆ گورزە سەربازییەکەی ئەمریکا دژی رژێمی ئەسەدی دەکەن، لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە رژێمی ئەسەد عەلەویی شیعەیە، هەر بۆیە پێیانوایە لێدانی ئەسەد واتە لێدانی هەموو شیعەیەو شیعەش نابێت لێی بدرێت لەبەر ئەوەی لایەنێکی سەرەکیی شەڕی دژی داعشە، بۆیە ئەگەر شیعە لە ناوچەکە بیانەوێت بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بخەنە مەترسییەوە، ئەوا سووریاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەمریکا دەکەنە ڤێتنامێکی دیکە، بەڵام پرسەکە لێرەدا تەواو پێچەوانەیە، ئەگەر ئەمریکا بەمیتۆدی شیعە و سوننە مامەڵە لەگەڵ ئێران و سووریا و عێراق بکات، ئەوا ناوچەکە بۆ ئەمریکا نابێتە ڤێتنامێکی دیکە، بەڵکو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ شیعە دەبێتە دۆزەخێکی هەتاهەتایی.

دۆناڵد ترەمپ لەوتاری دەستبەکاربوونیدا، سەرچاوەی تیرۆر و توندوتیژی بە رادیکاڵیەتی ئیسلامی دیاریکرد، ئەمەش مانای ئەوەیە رادیکاڵیەتی ئیسلامی سیاسی (شیعە بێت، یان سوننە) هەمان مەترسی هەیە و دەبێت ئەم رادیکاڵیەتە بوونی نەبێت و نابێت هیچ لایەنێکی شیعی، یان سوننی بیر لەوە بکاتەو خەلافەت، یان کۆماری ئیسلامی دابمەزرێنێت و هەوڵبدات سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی زیندوو بکاتەوە، یان هەوڵبدات پەرە بە فیکری شیعە، یان سوننە بدات و بەزۆر بەسەر دەوڵەتاندا بیسەپێنێت.

پێدەچێت ئەم پرسە هەتا ئێستا لەلایەن ئێران و وەکیلەکانی لەتەواوی ناوچەکە بەوجۆرە لێکدرابێتەوە کە ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی تەنیا دژی سەلەفییەتی جیهادی سوننەن کە ئامانجیان ئەوەیە خەلافەتی ئیسلامی زیندوو بکەنەوە، نەخێر ئەمریکاو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە هەمان ئاست دژی ئایدیۆلۆژیەتی شیعەگەرایشن کە دەیانەوێت لەناو جیۆپۆلتیکی ناوچەکەدا هیلالی شیعی دروست بکەن، مەبەستیش لە هیلالی شیعی واتە دامەزراندنی سیستمی دەوڵەت لەسەر بنەمای ویلایەتی فەقیە، ئەم ویلایەتی فەقیهە لەگەڵ خەلافەتی ئیسلامی جیاوازییەکەی ئەوەیە، کە مەزهەبی سوننە ئامانجی ئەوەیە خەلافەت بگێڕێتەوە و مەزهەبی شیعە ئامانجی ئەوەیە شیعە جۆرێك لە حوکمڕانیی ئیسلامی پیادەبکات، هەتا ئیمامی مەهدی دەگەڕێتەوە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئامانجی گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی، ئامانجی داعش بێت، یان ئیخوان موسلمین، لای ئەمریکا هەردووکیان وەك تیرۆریست مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، لەبەرامبەریشدا ئەو هێزەی کە راستەخۆ بۆتە داینەمۆی هەناردەکردنی ئایدیۆلۆژیەتی شیعەگەرایی و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ویلایەتی فەقیە، ئێستا لە ناو ئیدارەی ئەمریکادا بەوجۆرە باسی لێدەکرێت کە گاردی شۆڕشگێری ئێرانیش بەهەمان شێوەی ئیخوان موسلمینی میسر ناوی لە لیستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا تۆماربکرێت و بەهەمان شێوەیەش مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

لێرەوە ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و رووسیاش لەسەر ئەوە هاودەنگن کە دەبێت پێناسەی دەوڵەت لەسەر بنەمای پێناسەی دەوڵەتی هاوچەرخ بێت، نەك لەسەر بنەمای ئایینی، هەروەها دەوڵەت دەبێت پابەندی ئەو پرانسیپانە بێت کە رێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەروەریی دەوڵەتی پێ پێناسە کردووە و دەبێت هەموو دەوڵەتێك رێز لەسەروەریی دەوڵەتانی دراوسێی و دەوڵەتانی دیکەش بگرێت، بەپێچەوانەوە، ئەوا هەر دەوڵەتێك ئامادە نەبێت رێز لەو پرانسیپانە بگرێت، ئەوا دەبێت خۆی لەگەڵ ئیرادەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئیرادەی ئەمریکا بەتایبەتی تاقیبکاتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەرنج لە لێدوانەکانی ریکس تیلێرسۆن-ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بدەین کە دوای لێدانی گورزە سەربازییەکە داویەتی، دەبینین راشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە کە ئامانجی ئەم گورزە سەربازییە بۆ ئەوە نییە رژێمی ئەسەد بڕووخێنێت، یان کێشەی سووریا بە هێزی سەربازی یەکلایی بکرێتەوە و هێشتاش ئەمریکا ئەو بژاردەیە پەسەند دەکات کە کێشەی سووریا لەلایەن خەڵکی سووریاوە یەکلایی بکرێتەوە.

ئەم لێدوانەی تیلێرسۆن راشکاوانە پەیامێکی پێشوەختەی ئەمریکایە، پێش ئەوەی تیلێرسۆن لە رۆژی ١٢ی نیسانی داهاتوو سەردانی مۆسکۆ بکات، بەدیوێکی دیکەدا دەیەوێت بە رووسیا بڵێت: ئەو گورزە سەربازییەی ئەمریکا دژی ئەسەد بۆ رووخانی رژێمی ئەسەد نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەسەد ملبدات بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی

**ئەوەی لەو وەرچەرخانەی ئاکامی بڕیارەکەی ترەمپ، بۆ بەرژەوەندیی کوردستان دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کە ئەو هێز و دەوڵەت و لایەنانەی بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان رادەگەیەنن، هەرگیز وەک بەشێک لە چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت و وەک سەرچاوەی هەموو کێشەکان دەستنیشان دەکرێن، هەروەها ئەوانەشی بەوەکالەت شەڕی دژی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، لەیەک بازنە و بەرەدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت**

**سەرۆک ترەمپ، جارید کۆشنەری گەورە راویژکاری خۆی و کۆشکی سپی لەناو شاندەکە ناردبووە کوردستان و ئەمەش مانای ئەوەیە هاوپەیمانیی نێوان کوردستان و ئەمریکا چوارچێوەی شەڕی دژی داعشی بەزاندووە و ئێستا ئەمریکا وەک یەکێک لە هاوپەیمانە گرنگەکانی سەیری کوردستان دەکات**

مەدەنی عەلمانی لەماوەی ١٨مانگی قۆناخی وەرچەرخانی سیاسی لەچوارچێوەی ڕێککەوتنی ژنێف دابمەزرێت، ئەوکات گەلانی سووریا بە بەشار رازی دەبن، یان لای دەبەن، ئەوە کێشەیەك نابێت و بەرژەوەندییەکانی رووسیاش پارێزراو دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەسەد بەو نیازە بێت بە پشتی ئێران و حزبوڵا و میلیشیا شیعیەکانی دیکە ئەمری واقیعێکی دیکە فەرز بکات و هەوڵە نێودەوڵەتیەکان ژێر پێ بنێت، ئەوا دەبێت ڕێگە بە ئەسەد نەدرێت ئەو ئامانجەی بێتەدی.

لەم راستەوە ئەگەر جارێکی دیکە هەڵوەستە لەسەر کرۆکی کێشەی سووریا بکەین، هەست دەکەین لەنێوان ئەمریکا و رووسیا تا رادەیەکی زۆر لێکتێگەیشتن هەیە و ئەم لێکتێگەیشتنەش تا رادەیەك تورکیا و ئیسرائیل و سعودیەش پێی رازین، بەڵام ئەوەی لەم هاوکێشەیەدا جێگەی نابێتەوە، رۆڵی گەورەی ئێرانە کە نایەوێت سووریا دەوڵەتێکی مەدەنی و عەلمانی بێت، بەڵکو مەبەستێتی دەوڵەتێکی شیعە بێت لە چوارچێوەی سیستمی ویلایەتی فەقیهدا، یاخود دەوڵەتێك بێت سیاسەت و ستراتیژیەتی لە خزمەتی هیلالی شیعیدا بێت، لەم حاڵەتەدا کە لەناو کرۆکیی هاوکێشەکەدا ئامانجی لایەنی شیعە و ئێران لەسەر شەڕی سووریا و مانەوەی بەشار ئەسەد روون دەبێتەوە، دەبینین بەرەی ئێران و شیعە بە تەنیا دەمێنێتەوە و بەرەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پشتگیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە.

لایەنێکی دیکە کە شیعە و ئێران ناتوانن بارودۆخی ناوچەکە بکەن بە ڤێتنامێکی دیکە بۆ ئەمریکا ئەوەیە، ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، خۆیان لەشەڕی دژی داعش بکشێننەوە، ئایا چارەنووسی شیعەی عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەن و ئێران و شوێنەکانی دیکە بەکوێ دەگات؟ بێگومان سەرەتای سەهەڵدانی داعش و کەوتنی موسڵ و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە، ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی نەهاتنایەتنە ناو شەڕەکە و بەشدار نەبوونایە لەشەڕی دژی داعشدا، ئەوا ئێران و هێزەکانی شیعە نەك هەر نەیاندەتوانی پێشڕەوییەکانی داعش رابگرن، بەڵکو دوور نەبوو بەغداش بکەوتایە دەستی داعش، بۆیە لە ئێستادا لایەنی زەرەرمەند ئەمریکاو هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی نین کە لەناوچەکەدان، بەڵکو زەرەرمەندی سەرەکی ئێران و شیعە دەبێت ئەگەر ئەمریکاو هاوپەیمانان لە ناوچەکە بوونیان نەمێنێت. هەر بۆیە ئەگەر ئێران و شیعە وەك کاردانەوە بەرامبەر گورزە سەربازییەکەی دژی رژێمی ئەسەد بیانەوێت بە رێگەی شەڕی بەوەکالەت هێرش بکەنە سەر هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان، ئەوا ئەمریکا هەر خۆی بەتەنیا ئەو توانایەی هەیە لەیەك کاتدا دوو بەرەی شەڕ بەرێوەببات و سەرکەتووش بێت، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا ئێران و میلیشیا شیعیە وەکیلەکانی ئەو توانایەیان هەیە دووبەرەی شەڕ لەیەك کاتدا بەڕێوەبەرن کە یەکێکیان داعش و ئەوی دیکەشیان ئەمریکاو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەو وەرچەرخانە گەورەیە دەیداتەوە کە گورزە سەربازییەکەی ئەمریکا دروستی کردووەو راشکاوانە بە ئێران و وەکیلەکانی دەڵێت: دەبێت لەو راستییە تێبگەن کە هەوڵدان بۆ زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هەوڵدان بۆ دروستکردنی مەترسی لەسەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەناوچەکە و جیهان، باجێکی قورسی دەبێت و دەبێت ئێران و شیعە ئامادەبن ئەو باجە بدەن.

### ● ئەو وەرچەرخانەی بڕیارە بوێرەکەی ترەمپ دروستی کردووە

کاتێك ئامانجی سەرەکیی ریچارد نیکسۆن، بووە ئەوەی کە دەبێت بەهەر نرخێك بێت شەڕی ڤێتنام کۆتایی پێبهێنرێت، پەرەی بە تیۆری پیاوە شێتەکە Madman Theory- دا، ئامانج لەم تیۆرە ئەوەیە کە نەیارەکانی ئەمریکا بەوجۆرە سەیری سەرۆکی ئەمریکا بکەن کە سەرۆکێکە زۆر تووڕە و شەڕخواز و سەرشێتە و کاتێك دەچێتە پرۆسەی دانوستاندنەوە دەبێت نەیارەکەی بزانێت ئەگەر ئاکامی ئەو دانوستانە بەدڵی ئەو نەبێت، یان خواستی ئەو سەرۆکە سەرشێتە جێبەجێ نەکات، ئەوا دەبێت چاوەڕێی ئەوەش بکات کە سەرۆکی ئەمریکا بڕیارێکی زۆر خراپ و قورس دەدات، ئەوجا ئاکامەکەی هەر کارەساتێك بێت.

لەو کاتەوەی ترەمپ بۆتە سەرۆکی ئەمریکا، زۆر لە رۆژنامەنووس و توێژەران و تەنانەت دیپلۆماتکارانیش ئاماژە بەوە دەکەن و دەپرسن : ئایا تیۆرەکەی نیکسۆن بەسەر ترەمپدا جێبەجێ دەبێت،

**ترەمپ لە بڕیاری لێدانی گورزی سەربازی دژی رژێمی ئەسەد، راستییەکمان بۆ ئاشکرا دەکات و وەک پەیامێک ئاراستەی جیهانی دەکات، ئەو پەیامەش ئەوەیە سەرچاوەی هەموو کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شەڕێکی ئایینی نەخوازراوە کە ئامانجی شەڕەکە خۆی لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئایینیدا بەرجەستە دەکات**

**مێژووی دیپلۆماتی ئەو راستییەی سەلماندووە، لە زۆر حاڵەتدا ئەگەر هەوڵە دیپلۆماتییەکان بە هێزی سەبازی پشتگیری لێ نەکرێت و هێزی سەربازی نەکرێتە ئامێرێک بۆ خزمەتی هەوڵە دیپلۆماتییەکان، ئەوا شەڕی هاوشێوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی نایەت و پاشاگەردانی لەناوچەکەدا کۆتایی پێنایەت**

**دینس رۆس لە وتارێکیدا دەڵێت: ئەم بڕیارە ئاوێکی ساردی کرد بە دەروونی گەرم و تووڕەی دۆست و هاوپەیمانەکانمان لە عەرەب و ئیسرائیل لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە ئیدارەی تازەی ئەمریکا خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت بەرامبەر بە کێشەکانی ناوچەکە و چیدیکە ئێران وەک بەشێک لەچارەسەرری کێشەکان سەیر ناکات، بەڵکو وەک سەرچاوەی کێشەکانی ناوچەکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات**

یـان نـە؟ هەندێـك پێیانوایـە نیکسـۆن، کیسـنجەری لەگەڵـدا بـوو، بۆیـە توانـی لـە چوارچێـوەی ئـەو تیـۆرە سـەرکەوتنی گـەورە بەدەسـت بهێنێـت، بـەڵام ئایـا ترەمـپ کێـی لەگەڵدایـە کـە بتوانێـت هەمـان سەرکەوتنی نیکسۆن بەدەست بهێنێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا ئەوانـەی باشـتر سـایکۆلۆژیەتی ترەمـپ و شـێوازی سیاسـەتکردنی ترەمـپ لـە چوارچێـوەی هونـەری گرێدانـی سـەفقەی بازرگانـی دەخوێننـەوە، دەڵێـن، راسـتە ترەمـپ ئەزموونـی نیکسـۆنی نییـە و هەروەهـا کیسنجەریشـی لەگەڵـدا نییـە، بـەڵام ئـەو ستافەی هەڵیبژاردووە بۆ راپەڕاندنی ئەو ستراتیژەی کـە بـڕوای پێیەتـی، سـتافێکی لێهاتـوو و شایسـتەن و بەپێـی ئـەو سـتراتیژە هەڵبژێـردراون کـە ترەمـپ دەیەوێت جێبەجێی بکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا ترەمپ راستە خۆی دواییـن بڕیـار دەدات، بەڵام ستافەکەی هـاوکاری تـەواوی دەکـەن و بڕیارەکە بەپێی پێویست دروست دەکەن. لـەم حاڵەتـەدا مەزندەی ئەوە دەکرێت ئەوەی نیکسۆن لەچوارچێوەی تیۆری پیاوە شێتەکە نەیتوانـی لەگـەڵ هۆشـی مینـە و ڤێتنـام سـەرکەوتن بەدەسـت بهێنێـت، ئـەوا ترەمـپ زۆر بـە باشـی دەتوانێنـت بەرامبـەر ئێـران و تـەواوی کێشـەکانی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بەدەسـتی بهێنێـت.

ئـەم ئاراسـتەیە ئەوەمـان بـۆ ئاشـکرا دەکات، کـە ترەمپ بڕیاری سـەرپێی نادات و هەروەها موجازەفە و موغامـەرەش لەسـەر هیـچ پرسـێك نـاکات، هـەروەك چـۆن ریکس تیلێرسۆن پێش ئـەوەی وەزیـری دەرەوەی ئەمریـکا بێـت، بەڕێوەبـەری کۆمپانیـای ئیکسـۆن موبیـل بووە و هۆکاری سەرکەوتنیشی لە بڕیارەکانی ئیکسـۆن موبیلـدا ئـەوە بـووە کـە هەرگیـز موجازەفـە و موغامـەرەی نەکـردووە و بەرژەوەنـدی ئیکسـۆن موبیلیشـی لەسـەرووی هەمـوو بەرژەوەندییەکـی دیکـە سـەیرکردووە، بێگومـان ترەمپ-یـش بەهەمـان شـێوە سـەیری پرسـەکان دەکات و بەوجـۆرە بڕیـار دەدات کـە بەرژەوەندیـی ئەمریـکا لەسـەرووی هەمـوو شـتێکی دیکـە بێـت.

بەرژەوەندیـی ئێسـتای ئەمریـکا لەوەدایـە کـە لەهـەر بڕیارێـك دەدرێـت، ئامانـج لێـی ئەوەیـە ئـەو بڕیـارە خـۆی پەیامێـك بێـت و کاریگـەری لەسـەر دۆسـت و دوژمنەکانـی ئەمریـکا لەیـەك کاتـدا هەبێـت، ئەمـەش واتـە لەلایـەك دوژمنەکانـی ئەمریـکا لـەو راسـتییە تێبگـەن کـە هەوڵـدەدەن ئیـرادەی ئەمریـکا تاقـی بکەنـەوە و یـاری بەئاگـر نەکـەن، لەلایەکـی دیکـەش بـۆ دۆسـتان و هاوپەیمانانـی ئەمریـکا مانـای ئەوەیـە بەرژوەندیـی ئەمریـکا لەوەدایـە کـە دۆسـت و هاوپەیمانەکانـی ئەمریـکا بەهێزبـن و بتوانـن لـە شـوێنی خۆیـان لەسـەر ئاسـتی بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی خۆیـان کۆنترۆڵـی کێشـەکان لەناوچەکانـی خۆیـان بکـەن.

ئەگـەر سـەرنج لەبڕیـاری وەشـاندنی گـورزی سـەربازیی ئەمجـارەی ئەمریـکا لـە رژێمـی ئەسـەد بدەیـن، دەبینیـن هەمـوو نەیـار و دوژمنەکانـی ئەمریـکا لـەوە تێگەیشـتن کاتێـك بەرژەوەنـدی و شـکۆی ئەمریـکا پێویسـتی بەهـەر بڕیـار و کاردانەوەیـەك هەبێـت، ئەمریکا چاوەڕێی ئـەوە نـاکات ئەنجومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی شـەرعییەتی نێودەڵەتـی پێببەخشـێت و مـاوەی چەندیـن مانـگ لەنـاو ئەنجومەنـی ئاسایشـدا دانوسـتاندنی لەسـەر بکرێـت و پاشـانیش بڕیارەکـە نەدرێـت، لەسـەر ئاسـتی ناوخـۆی ئەمریـکاش ئـەو پەیامـەی پێدایـن کاتێـك بەرژەوەندیـی ئەمریـکا پێویسـتی بـە وەڵامدانـەوەی پێویسـت و بڕیـاری بوێرانـە هەبـوو، ئـەوا ئەمیشـیان پێویسـت نـاکات لـە کۆنگرێسـدا بڕیارەکـە بکەوێتـە بەردەمـی ململانێی حزبی دیموکراتـی و کۆمارییـەکان و بڕیارەکـە بەمردوویـی لەدایـك بێـت، بەپێچەوانـەوە دەسـتووری ئەمریـکا ئـەو دەسـەڵاتەی داوە بـە سـەرۆك کە بڕیاری خۆی بدات و پاشان کۆنگرێس پرسیاری لـێ بـکات، ئـەو بڕیـارەی لەسـەر چ بنەمایـەك داوە، ئەم شێوازە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەمریکادا ئەبراهـام لنکۆڵـن داویەتـی و لەهەمانکاتیشـدا کەپیتـۆڵ هۆڵـی نوێکردۆتـەوە بـۆ ئـەوەی لـە بینانـە نوێیەکـەی کەپیتـۆڵ هـۆڵ لەسـەر بڕیـاری شـەڕی دژی کۆیلایەتـی لێپرسـینەوەی لەگەڵـدا بکرێـت. لـەم بڕیـارەدا ترەمـپ بـە هاوشـێوەی لنکۆڵـن بڕیاریـداوە و ئامادەشـە کۆنگرێـس لێپرسـینەوەی لەگەڵـدا بـکات، ئەمـە لەکاتێکـدا بڕیـارە بـۆ بەرژەوەندیـی ئێسـتای ئەمریـکا ئەوەنـدە گرنـگ بـوو کـە پێـش ئـەوەی کۆنگرێـس لێـی بپرسـێت چـۆن بڕیارەکـە دراوە، پشـتگیری خۆیـان بـۆ بڕیارەکـەی ترەمـپ دەربـڕی.

کەواتـە ئەگـەر پەیامـی ئـەم بڕیـارە بـۆ نەیـار و دوژمنەکانـی ئەمریـکا ئـەوە بووبێـت کـە لەگـەڵ ئەمریـکادا یـاری بـە ئاگـر ناکرێـت، ئایـا پەیامـی ئـەم بڕیـارە بـۆ دۆسـت و هاوپەیمانەکانـی ئەمریـکا چـی بـووە؟ لەوەڵامـی ئـەم پرسـیارەدا دەنیـس رۆس لـە وتارەکەیـدا دەڵێـت: ئـەم بڕیـارە ئاوێکـی سـاردی کـرد بـە دەروونـی گـەرم و تـووڕەی دۆسـت

**دەستووری ئەمریکا ئەو دەسەڵاتەی داوە بە سەرۆک کە بڕیاری خۆی بدات و پاشان کۆنگرێس پرسیاری لێ بکات، ئەو بڕیارەی لەسەر چ بنەمایەک داوە، ئەم شێوازە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەمریکادا ئەبراهام لنکۆڵن داویەتی و لەهەمانکاتیشدا کەپیتۆڵ هۆڵی نوێکردۆتەوە بۆ ئەوەی لە بینانە نوێیەکەی کەپیتۆڵ هۆڵ لەسەر بڕیاری شەڕی دژی کۆیلایەتی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت**

**هەموو نەیار و دوژمنەکانی ئەمریکا لەوە تێگەیشتن کاتێک بەرژوەندی و شکۆی ئەمریکا پێویستی بەهەر بڕیار و کاردانەوەیەک هەبێت، ئەمریکا چاوەڕێی ئەوە ناکات ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی شەرعییەتی نێودەڵەتی پێببەخشێت و ماوەی چەندین مانگ لەناو ئەنجومەنی ئاسایشدا دانوستاندنی لەسەر بکرێت و پاشانیش بڕیارەکە نەدرێت**

**راستە ترەمپ ئەزموونی نیكسۆنی نییە و هەروەها كیسنجەریشی لەگەڵدا نییە، بەڵام ئەو ستاڤەی هەڵیبژاردووە بۆ راپەڕاندنی ئەو ستراتیژەی كە بڕوای پێیەتی، ستاڤێكی لێهاتوو و شایستەن و بەپێی ئەو ستراتیژە هەڵبژێردراون كە ترەمپ دەیەوێت جێبەجێی بكات**

**گورزە سەربازییەكەی ئەمریكا دروستی كردووەو راشكاوانە بە ئێران و وەكیلەكانی دەڵێت: دەبێت لەو راستییە تێبگەن كە هەوڵدان بۆ زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا و هەوڵدان بۆ دروستكردنی مەترسی لەسەر هاوپەیمانەكانی ئەمریكا لەناوچەكە و جیهان، باجێكی قورسی دەبێت و دەبێت ئێران و شیعە ئامادەبن ئەو باجە بدەن**

**ئەگەر ئێران و شیعە وەک كاردانەوە بەرامبەر گورزە سەربازییەكەی دژی رژێمی ئەسەد بیانەوێت بە رێگەی شەڕی بەوەكالەت هێرش بكەنە سەر هێزەكانی ئەمریكاو هاوپەیمانان، ئەوا ئەمریكا هەر خۆی بەتەنیا ئەو توانایەی هەیە لەیەک كاتدا دوو بەرەی شەڕ بەڕێوەببات و سەركەتووش بێت**

و هاوپەیمانەكانمان لە عەرەب و ئیسرائیل لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوەیان بۆ دەركەوت كە ئیدارەی تازەی ئەمریكا خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت بەرامبەر بە كێشەكانی ناوچەكە و چیدیكە ئێران وەك بەشێك لەچارەسەری كێشەكان سەیر ناكات، بەڵكو وەك سەرچاوەی كێشەكانی ناوچەكە مامەڵەی لەگەڵدا دەكات، هەر ئەم تێگەیشتنەش لە پێوەندییە تەلەفۆنییەكەی شا سەلمانی پادشای سعودیە و پشتگیری ئیسرائیل و تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی دەخوێندرێتەوە كە خۆشحاڵیی خۆیان بۆ ئەو بڕیارە دەربڕی و دەوڵەتانی ناتۆ و یەكێتی ئەورووپاشی لەگەڵ هاوپەیمانەكانی رۆژئاوای لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێكەوە كۆكردەوە.

لەم بازنەیەدا ئەوە روون دەبێتەوە كە ئەگەر گەورەترین كێشەی ئەمریكا و دەوڵەتانی ناتۆ و یەكێتی ئەورووپا و هاوپەیمانەكانی رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەهەمبەر خوێندنەوەی كێشەكان و یەكخستنی هەوڵەكان بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەك بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشانە، نەبوونی یەكدەنگی و یەكهەڵوێستی بووبێت، ئەوا ئەم بڕیارە ئەو گرفتەی نەهێشت و هەموو گەیشتنە ئەو قەناعەتەی لەگەڵ ئەوەی كە زۆر جار پەنابردن بۆ هێزی سەبازی كارەساتی مرۆیی نەخوازراو بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵام مێژووی دیپلۆماتییش ئەو راستییەی سەلماندووە، لە زۆر حاڵەتدا ئەگەر هەوڵە دیپلۆماتییەكان بە هێزی سەبازی پشتگیری لێ نەكرێت و هێزی سەربازی نەكرێتە ئامێرێك بۆ خزمەتی هەوڵە دیپلۆماتییەكان، ئەوا شەڕی هاوشێوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست كۆتایی نایەت و پاشاگەردانی لەناوچەكەدا كۆتایی پێنایەت.

### ● كوردستان

### لەناو وەرچەرخانی ئەم هاوكێشە ئاڵۆزەدا

ترەمپ لە بڕیاری لێدانی گورزی سەربازی دژی رژێمی ئەسەد، راستییەكمان بۆ ئاشكرا دەكات و وەك پەیامێك ئاراستەی جیهانی دەكات، ئەو پەیامەش ئەوەیە سەرچاوەی هەموو كێشەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شەڕێكی ئایینی نەخوازراوە كە ئامانجی شەڕەكە خۆی لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئایینیدا بەرجەستە دەكات، ئەوجا ناسنامەی ئەو دەوڵەتە ئایینییە شیعە بێت، یان سوننە هیچ جیاوازییەكیان نییە و، ئەم شەڕە راستە دوو ئاراستەی جیاوازی هەیە، بەڵام بۆ سەقامگیریی ناوچەكە و گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری بۆ ناوچەكە و لابردنی مەترسی لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان، دەبێت لەیەك كاتدا لە هەردوو بەرەكەدا ئەو شەڕە بەردەوام بێت بۆ ئەوەی ئاكامی شەڕەكە نەگۆڕێت بۆ بردنەوەی مەزهەبێك كە شیعەیە و دۆڕاندنی مەزهەبێكی دیكە كە سوننەیە.

لەسەر ئەم بنەمایە ئیدارەی ئۆباما لەكۆتایی ساڵی ٢٠١٤وە لەچوارچێوەی ستراتیژیەتی جێ پێیەكی شاراوە (Light Footprint Strategy) بۆ شەڕی دژی تیرۆریستان، پێوەندییەكانی خۆی لەگەڵ حكومەتی عێراق دارشتۆتەوە، ئەو جێ پێیەش كە ئەمریكا لەچوارچێوەی ئەو ستراتیژە مامەڵە لەگەڵ عێراق دەكات، دەبێت دوور بێت لەوەی هەنگاو بۆ دەوڵەتێكی ئایینی هەڵبگرێت، لەسەر ئەم بنەمایە ئیدارەی ئۆباما بەسەر عێراقدا فەرزی كرد كە نابێت نوری مالیكی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق جارێكی دیكە ببێتەوە بەسەرۆك وەزیران، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئاراستەی نوری مالیكی بۆ حوكمڕانی ئاراستەیەكی ئایینی شیعەگەرایی بووە، هەر ئەمەش هۆكاری سەرەكی بووە بۆ سەرهەڵدان و بەهێزكردنی داعش و كەوتنی موسڵ و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی.

پسپۆڕان و ستراتیژزانانی سەنتەرەكانی توێژینەوە لەسەر سیاسەتی ئەمریكا پێیانوایە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ-یش درێژە بەهەمان ستراتیژیەتی ئیدارەی ئۆباما دەدات، بەڵام بە هەندێك دەستكاری زیاترەوە، ئەمەش واتە (Light Footprint Strategy Plus). بەپێی ستراتیژەكەی كۆتایی ٢٠١٤ی ئۆباما، پێویستە ئەمریكا هاوپەیمانێكی پشت پێبەستووی متمانەپێكراوی لەشەڕی دژی داعشدا هەبێت كە دوور بێت لەسیاسەتی مەزهەبگەرایی شیعە و سوننە، لەم لایەنەوە كابینەكەی حەیدەر عەبادی لەو چوارچێوەیە لەگەڵ ئەمریكا رێككەوتوون كە دووربێت لە سیاسەتی شیعەگەرایی و هەروەها رێز لە هەرێمی كوردستان بگرێت، لەبەر ئەوەی ئەمریكا لەچوارچێوەی هەمان ستراتیژ و بە جیا لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستانیش رێككەوتووە، بەڵام رایەڵەیەكی هێشتۆتەوە كە بەشێوەیەكی فەرمی كوردستان سەربەخۆ نەبێت، هەروەك چۆن لەساڵی ٢٠١٥ دوای ئەوەی راوێژیان لەگەڵ سەرۆك بارزانی كرد بۆ ئەوەی كوردستان رازی بێت بەوەی چەكەكان بە رێگەی بەغدا بێن بۆ پێشمەرگە.

ئەم ستراتیژە لە ئیدارەی ترەمپدا درێژەی هەیە بەهەندێك دەستكاری زیاترەوە كە خۆیان (Plus)یان بۆ داناوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەو شتانەی كە ئیدارەی ترەمپ بۆ ستراتیژەكەی كۆتایی ٢٠١٤ی ئۆبامای سەبارەت بە كوردستان زیادی كردوون چین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە سەردانی ئەم دواییەی شاندنی ئەمریكا بۆلای سەرۆكی كوردستان دەیداتەوە كە سەرۆك ترەمپ، جارید كۆشنەری گەورە راوێژكاری خۆی و كۆشكی سپی لەناو شاندەكە ناردبووە كوردستان و ئەمەش مانای ئەوەیە هاوپەیمانیی نێوان كوردستان و ئەمریكا چوارچێوەی شەڕی دژی داعشی بەزاندووە و ئێستا ئەمریكا وەك یەكێك لە هاوپەیمانە گرنگەكانی سەیری كوردستان دەكات و ئەم هاوپەیمانەش لەچوارچێوەی ستراتیژیەتی تازەی ترەمپدا دەبێت بەهێز و سەربەخۆ بێت و هەموو كات ئەو دەوڵەتە بێت كە توانای ئەوەی هەیە لەشەڕدا تیرۆریستان تێكبشكێنێت و لە ناخۆدا لێبوردەیی و پێكەوەژیان بۆ نەتەوەو ئایینە جیاوازەكان دابین دەكات و ئەو ژینگەیەی فیكری توندڕۆیی بەرهەم دەهێنێت لە ریشەوە هەڵیدەكێشێت و وشكی دەكات و لەهەمانكاتدا هاوپەیمانێكی پشت پێبەستوو و جێگە متمانەی ئەمریكاشە.

ئەم وشانە بۆ رازاندنەوەی دێرەكان بەكار نەهاتوون، بەڵكو یەكە بەیەكە لەناو ئەو ستراتیژە تۆماركراون كە توێژەران و بیرمەندان لە توێژینەوە و دیراسەتەكانیان دەیخەنەڕوو، هەروەها لەكۆنگرێس كۆبونەوەی لەسەر دەكرێت و وتووێژی لەسەر دەكرێت بۆ ئەوەی كاتێك ستراتیژیەتی ئەم ئیدارە تازەیە دواشێوەی خۆی وەردەگرێت، ئەمانە ببنە بەشێك لەو ستراتیژەی لانیكەم لەماوەی چوار ساڵی داهاتوودا ئیدارەی ئەمریكی جێبەجێ دەكات.

ئەوەی لەو وەرچەرخانەی ئاكامی بڕیارەكەی ترەمپ، بۆ بەرژەوەندیی كوردستان دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە كە ئەو هێز و دەوڵەت و لایەنانەی بە ئاشكرا دژایەتی خۆیان بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان رادەگەیەنن، هەرگیز وەك بەشێك لە چارەسەركردنی كێشەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مامەڵەیان لەگەڵ ناكرێت و وەك سەرچاوەی هەموو كێشەكان دەستنیشان دەكرێن، هەروەها ئەوانەشی بەوەكالەت شەڕی دژی سەربەخۆیی كوردستان دەكەن، لەیەك بازنە و بەرەدا مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت كە وەك سەرچاوەی كێشەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستنیشان دەكرێن، بۆ ئەمەش ئەگەر سەیری كاردانەوەكانی دوای بڕیارەكەی ترەمپ بكەین، دەبینین زۆر راشكاوانە هەست بەوە دەكرێت كە ئەوانەی پشتیوانی لە بڕیارەكەی ترەمپ دەكەن، لەكام بەرەن و ئەوانەشی دژی بڕیارەكەی ترەمپن لە كام بەرەن.

بەڵام ئەوەی وەرچەرخانی ریشەیی لەسەر پرسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و پرسی سەربەخۆیی كوردستان دروست دەكات، ئەوەیە ئەو بەرەیەی پشتگیری ترەمپ دەكات، بۆتە بازنەیەك هاوپەیمانانی ئەمریكا لەگەڵ دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆ و یەكێتی ئەوروپا لە بازنەیەكدا لەگەڵ ئەمریكا هەموویان پێكەوە كۆدەكاتەوە، بەڵام ئەو بەرەیەی سەركۆنەی بڕیارەكەی ترەمپ دەكات، راستە دەیانەوێت ئەوانیش لە بازنەیەكدا لەگەڵ رووسیا و چین پێكەوە كۆببنەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە كاتێك ترەمپ ئەم بڕیارەی داوە، شی جین بینگ سەرۆكی چین میوانی بووە و هەر هەمانكاتیش رووسیای لەو گورزە سەربازییە ئاگادار كردۆتەوە، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، هەتا ئەگەر بەرەی شیعە و ئێران لەگەڵ رووسیا لە بواری سەركۆنەكردنی بڕیارەكەی ترەمپ یەكبگرنەوە، بەڵام لە ئامانجی رووسیا و بەرەی ئێران و شیعە، ئەوان لە بازنەیەكدا پێكەوە كۆنابنەوە و بەرژەوەندیی رووسیاش لەوەدایە كە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنەمای دەوڵەتی مەدەنی و عەلمانی رێكبخرێنەوە، نەك دەوڵەتی مەزهەبگەرایی ئایینی.

سەبارەت بە كوردستانیش، جیا لەوەی كوردستان وەك دەوڵەتی دیفاكتۆ و وەك ئەمری واقیع لە هەمان بەرەی هاوپەیمانەكانی ئەمریكا و ناتۆ و یەكێتی ئەوروپا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی خۆی بینیوەتەوە، لەهەمانكاتدا ئەمە یەكەمین جارە لەمێژووی كورد و كوردستاندا، بەختی كورد بەوجۆرە بێت كە لەبەرەیەكدا خۆی ببینێتەوە، زۆربەی دەوڵەتانی ئەو بەرەیە پشتگیری لەدەوڵەتی كوردستان بكەن و ئەو دەوڵەتە وەك پێویستیەك بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیربكەن و ئەو هێز و لایەن و دەوڵەتانەشی كە دژایەتی دەوڵەتی كوردستان دەكەن بەرەو ئەوە هەنگاو هەڵبگرن كە خۆیان رووبەڕووی هەموو جیهانی ئازاد و بەرەی جیهانی دژی تیرۆر بكەنەوە.

**ئەگەر ئەمریكا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی نەهاتنایەتنە ناو شەڕەكە و بەشدار نەبوونایە لەشەڕی دژی داعشدا، ئەوا ئێران و هێزەكانی شیعە نەك هەر نەیاندەتوانی پێشڕەوییەكانی داعش رابگرن، بەڵكو دوور نەبوو بەغداش بكەوتایە دەستی داعش**

**لەنێوان ئەمریكا و رووسیا تا رادەیەكی زۆر لێكتێگەیشتن هەیە و ئەم لێكتێگەیشتنەش تا رادەیەك توركیا و ئیسرائیل و سعودیەش پێی رازین، بەڵام ئەوەی لەم هاوكێشەیەدا جێگەی نابێتەوە، رۆڵی گەورەی ئێرانە كە نایەوێت سووریا دەوڵەتێكی مەدەنی و عەلمانی بێت**

**ئەمریكا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و رووسیاش لەسەر ئەوە هاودەنگن كە دەبێت پێناسەی دەوڵەت لەسەر بنەمای پێناسەی دەوڵەتی هاوچەرخ بێت، نەك لەسەر بنەمای ئایینی، هەروەها دەوڵەت دەبێت پابەندی ئەو پرانسیپانە بێت كە رێكخراوی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان سەرووەریی دەوڵەتی پێ پێناسە كردووە**



بۆتان ئەحمەد

سیاسەتمەداری باکووری کوردستان بۆ گوڵان:

# تورکیا و ئێران و عێراق ناخوازن دەوڵەتی کوردستان رابگەیەندرێت، پەکەکەش دەڵێت ئەگەر رابگەیەندرێت ئەوا لە دژی شەڕ دەکەین

■

**ئەگەر هەڵەی پەکەکە نەبووایە ئەوا هەدەپە رێککەوتنی لەگەڵ ئاک پارتی دەکرد و لە حکومەتدا بەشدار دەبوو**

■

**لەناو پەکەکە رۆحییەت و دەماری کوردایەتی نییە و بەچاوی کوردایەتی سەیری بارودۆخەکە ناکرێت**

**بۆتان ئەحمەد، نازناوی شۆڕشگێڕی (نیزامەدین تاش)ـە کە ساڵی ٢٠٠٤ لە پەکەکە جیابۆتەوەو وەك سیاسەتمەدارێك بۆچوونی خۆی لەسەر پرس و کێشەکانی ناوچەکە دەخاتەڕوو. بۆ تاوتوێکردنی هزر و تێڕوانین و هەڵسوکەوتەکانی پەکەکە و بۆ تیشکخستنەسەر ئاکام و دەرئەنجامەکانی کردەوەکانی پەکەکە لەسەر هەل و مەرجی کوردستان بەگشتی و باشووری کوردستان بەتایبەتی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** لەکاتێکدا باشووری کوردستان بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو هەڵدەگرێت، پەکەکە بەهەموو شێوەیەك دەیەوێت ئاستەنگی بۆ دروست بکات، ئایا پەکەکە چی لە باشووری کوردستان دەوێت؟**

- پەکەکە هەر لەدامەزراندنیەوە پارتێکی مارکیسی بووەو لەسەر بنەمای چینایەتی کاری کردووە و هەر لەسەرەتاشەوە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان بووەو بەپارتێکی کۆنەپەرست ناوی بردووە، ئێمە لە نێو پەکەکە پێمانوابوو کە نابێت کورد دژی کورد بێت و نابێت شەڕی ناوخۆیی دروست بێت و، دەبێت پەکەکە کار لەسەر باکووری کوردستان بکات و دەستێوەردان لە باشوری کوردستان نەکات. هەر لەبەر ئەمە بوو من لێی جیابوومەوە. چونکە ناکرێت باوەڕت بە بوونی هیچ حزب و ڕێکخستنێکی سیاسی دەرەوەی خۆت نەبێت، ئەمە لاساییکردنەوەی کۆریای باکوور و بیروباوەڕی حزبی بەعس و سەدامە، پەکەکە نە پارتێکی کوردستانی و نە پارتێکی دیموکراسییە. پەیەدەش بە هەمان شێوە هەڵسوکەوت دەکات و ئەویش ڕێگا نادات هیچ حزبێکی تری کوردستانی لە کوردستانی ڕۆژئاوا کار بکات. بە چەشنێك ئەگەر بێتو پەکەکە دەسەڵاتدار و حوکمڕان بێت لە باشوور، ئەوا بوار بە کارکردنی هیچ حزبێك نادات. واتە پارتێکی خۆسەپێن و دیکتاتۆرە و، پارتێکی نیشتمانپەورەر نییە و هۆکارێکە بۆ هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی و براکوژی، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە ئێمە پەکەکەکان بەجێهێشت. کەواتە پەکەکە هەر بە تەنیا دژی پارتی دیموکراتی کوردستان نییە، بگرە دژی سەرجەم حزبەکانی دیکەیە، چونکە هزری شەراکەت و پێکەوەکارکردن لای پەکەکە بوونی نییە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ئێران کێشە لە باشووری کوردستان دروست دەکات، واتە ئەو کێشەیەی لە نێوان پارتی و گۆڕاندا هەیە، ئەگەر داعش تێکشکا، ئەو کێشەیەی لە نێوان پێشمەرگە و حەشدی شەعبی دروست دەبێت، هەروەها کێشەی باشووری کوردستان و حکومەتی عێراق، هەموو ئەمانە ئێران دروستیان دەکات و یەکەم هێزیش کە ئێران بەکاری بهێنێت لەم ڕووەوە پەکەکەیە، ئەوەتا پەکەکە کێشە لەشنگال و لە کەرکووك و لە مەخموور دەخوڵقێنێت، پەکەکەش پێوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ئێران و ڕژێمی سووریا و عێراقدا هەیە.

*** کەواتە بوونی پەکەکە لە شنگال نەك تەنیا بووەتە هۆکاری ئەوەی نەتوانرێت شنگال ئاوەدان بکرێتەوە، بەڵکو لەمەش خراپتر پەکەکە هەڵدەدات کە شنگال نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و دەیەوێ زیانی زیاتریش بەباشووری کوردستان بگەیەنێت؛ ئایا پەکەکە بۆچی خزمەتی عێراق و دوژمنانی کورد دەکات و دژی کوردستانە؟**

- دابڕانی شنگال و زوممار لەکوردستان و دروستکرنی کانتۆنێکی تایبەت بەخۆی مەبەستی سەرەکیی پەکەکەیە لە شنگال، هەروەها دەیەوێت پارتی دیموکراتی کوردستان لاواز بکات و پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوادا بپچڕێنێت. واتە پەکەکە سەرەڕای ئەوەی باکوور لە دەستی ئەودایە، دەیەوێت شنگال بکاتە بنکەیەکی سەربازی و سیاسی و ڕێکخستن بۆ خۆی، چونکە دەیەوێ شنگال لە دەست پەکەکە و تەلەعفەر لە دەستی حەشدی شەعبی و موسڵ لە دەستی عێراقدا دەبێت و بەم شێوەیە فشار لەسەر پارتی دروست بکات. دواتر شنگال پێگەیەکی گرنگ و ستراتیژی هەیە و کێ باڵادەست بێت تێیدا ئەوا دەتوانێت کاریگەری لەسەر تورکیا و عێراق و باشووری کوردستان و ڕۆژئاواش هەبێت. جێبەجێکردنی ئەم ئەجیندەو پاڵەپەستۆیەی دژ بە کوردو کورستان بۆ گرنگی و ستراتیژیی ناوچەی شنگال دەگەڕێتەوە کە دەکەوێتە نێوان عێراق و سووریاو تورکیاوە بۆ ئەوەی هیلالی شیعە تا دەگاتە دەریای ناوەڕاست دروست بکات، ئەو کات هێڵەکە بەمشێوەیە دەبێت ( ئێران – سلێمانی – قەندیل – شنگال -ڕۆژئاوای کوردستان) و لە ڕێگەی پەیەدەو ڕژێمی ئەسەد

**یەکەم هێزێک کە لەسەر زەوی توانی داعش تێکبشکێنێت هەر پێشمەرگە بوو. تەنانەت توانی بەرخودان لەکۆبانێی ڕۆژئاوای کوردستانیش بکات، هەربۆیە لەناوەندە جیهانییەکاندا ئیعتیبارێکی گەورە بۆ هێزی پێشمەرگە هەیە**

**ئەولەوییەتی ئیدارەی ترەمپ ئەوەیە دەستی ئێران لە کوردستان نەهێڵێت. ڕەنگە بوار بدات یەکێتی و گۆڕان پێوەندییان لەگەڵ ئێراندا هەبێت، بەڵام ڕێگانادات پەکەکە دەست بەسەر شنگالدا بگرێت و کێشە دروست بکات**

**راستە پەکەکە بە تەنیا خۆی هەڕەشەیەکی گەورە نییە، بەڵام پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و حەشدی شەعبیدا دەیکاتە هەڕەشە و مەترسییەکی مەزن**

**ئەگەر شنگال بکەوێتە دەستی پەکەکە واتە تەواوی ئەم دەڤەرە کەوتە دەستی ئێران و حەشدی شەعبی چونکە لەنێوان تەلەعفەرو شنگال تەنیا ٢٥ کیلۆمەترە**

**پەکەکە نە پارتێکی کوردستانی و نە پارتێکی دیموکراسییە. پەیدەدش بە هەمان شێوە هەڵسوکەوت دەکات و ئەویش ڕێگا نادات هیچ حزبێکی تری کوردستانی لە کوردستانی ڕۆژئاوا کار بکات**

تا دەگاتە دەریای سپی ناوەڕاست و لوبنان پێکەوە گرێبداتەوە، بەمەش ئێران هێزێکی زۆر مەزنی بۆ دروست دەبێت، ئەگەر شنگال بکەوێتە دەستی پەکەکە واتە تەواوی ئەم دەڤەرە کەوتە دەستی ئێران و حەشدی شەعبی چونکە لەنێوان تەلەعفەرو شنگال تەنیا ٢٥ کیلۆمەترە. هەروەها بوونی پەکەکە لە شنگال دەبێتە مایەی دروستبوونی ناکۆکی و ئەو کاتە تورکیاش دەستێوەردان دەکات. هەروەها لە پێوەندی بە دروستبوونی دەوڵەتی کوردییەوە لەوێدا هەڕەشە و مەترسییە. هەربۆیە پێویستە پەکەکە لە شنگال دەربکرێت، چونکە راستە پەکەکە بە تەنیا خۆی هەڕەشەیەکی گەورە نییە، بەڵام پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و حەشدی شەعبیدا دەیکاتە هەڕەشە و مەترسییەکی مەزن. لەلایەکی دیکەشەوە ئەولەوییەتی ئیدارەی ترەمپ ئەوەیە دەستی ئێران لە کوردستان نەهێڵێت. رەنگە بوار بدات یەکێتی و گۆڕان پێوەندییان لەگەڵ ئێراندا هەبێت، بەڵام ڕێگانادات پەکەکە دەست بەسەر شنگالدا بگرێت و کێشە دروست بکات، چونکە ئەگەر کێشە دروست بکات، ئەوا ئێران بەهێز دەبێت، لە کاتێکدا ترەمپ دەیەوێت دەستڕۆیشتوویی ئێران نەهێڵێت، کەواتە نەمانی پەکەکە لە شنگال لەگەڵ ئەم خواستەی ئەمریکاشدا یەك دەگرێتەوە، هەروەها نەمانی پەکەکە لەو ناوچەیە لەگەڵ هەوڵەکانی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆشدا یەکدەگرێتەوە.

*** بەڵام پەکەکە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەمە لە پێناوی ئێزیدییەکاندا دەکات، ئەوە تا چەند راستە؟**

-لە راستیدا پەکەکە ئەو هەل و مەرجە نالەبارەی قۆزتەوە کە لە شنگال دروست بوو. بەڵام خۆ هەر هێزێکی پێشمەرگە بوو کە شنگالی رزگارکردەوە و بە سەدان شەهیدیشی لەو پێناوەدا بەخشی و ئەگەر پێشمەرگە نەبووایە ئێستا یەك ئێزیدیش نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە، بەڵام ئێستا پەکەکە دێت و کارێك دەکات کە لە کردەوەکانی دوژمنیش خراپترن، بۆ نموونە، دێت و هەوڵی دروستکردنی دوودوڵی و گومان دەدات بەوەی ئێزیدی کورد نین و ئەو ناوچەیە کوردستانی نییە، هەروەها کەسانێکی کە پێشتر پێوەندییان بە بەعسەوە هەبووە و دژی کورد بوون، ئێستا لە دەوری ئەوان کۆبوونەتەوە. هەروەها دەنگ و باسی ئەوە هەیە کە پارەیان لە حەشدی شەعبی وەرگرتبێت. ئەوەش راستە کە کۆمەڵێك لە ئێزیدییەکان لە دەوری پەکەکە کۆبوونەتەوە، کە مەبەستم یەپەشەیە، پەکەکەش لە دروستکردنی پڕوپاگەندەدا زیرەکە، چونکە تێگەیشتنێکی وای دروست کردووە کە هەموو ئێزیدییەکان لەگەڵ ئەودان و بە سەدان هەزار کەس چەکیان بۆ هەڵگرتووە، ئەمە لە کاتێکدا ژمارەی ئێزیدییەکانی نێو هێزی پێشمەرگە چەند هێندەی ئەوان زیاترە، چونکە هەموو هێزی ئەوان ١ بۆ ٢ هەزار کەسن و هەمووشیان ئێزیدی نین و لەم ماوەیەشدا هەندێکیان گەڕاونەوە نێو پێشمەرگە.

*** ئێستا پێشمەرگە بووەتە سیمبولی بەرخودانی کورد لە جیهاندا، لەبەرامبەردا هەموو هەوڵی پەکەکە بۆ ئەوەیە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بێ بایەخ بکات، ئایا پەکەکە بۆ بەرژەوەندی کام وڵات ئەم کاردەکات؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە پێشمەرگە لەشەڕی داعش نەك تەنیا شەڕی بۆ پارێزگاری لەکوردستان و نەتەوەو ئایینزاکانی باشووری کوردستان کرد، بەڵکو شەڕی بۆ هەموو مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەی ئازادیخواز کرد، هەربۆیە لەجیهانی دەرەوە ئێستاکە پێشمەرگە سیمبولی پارێزگاریکردن و ئازایەتییە، یەکەم هێزێکیش کە لەسەر زەوی توانی داعش تێکبشکێنێت هەر پێشمەرگە بوو. هەربۆیە لەناوەندە جیهانییەکاندا ئیعتیبارێکی گەورە بۆ هێزی پێشمەرگە هەیە. تەنانەت توانی بەرخودان لەکۆبانێی رۆژئاوای کوردستانیش بکات، کە ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر تەواوی جیهان. هەروها دوای ئەوەی پێشمەرگە هاوکاری رزگارکردنی کۆبانێی کرد، هیچ هەڵسوکەوتێکی خراپی بەرامبەر گەریلاکان نەکرد، ئێستاش دۆخەکە بە شێوەیەکە کە تەنانەت عێراق و تورکیاو ئێرانیش ناتوانن دژ بەهەڵوێست و ئازایەتی و مرۆڤدۆستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان شتێك بڵێن، کەچی ئەوەتا بڕوانن پەکەکە بەشەو و رۆژ لەمیدیاکان و فەیسبووك و ئەنتەرنێتەوە چ دەڵێت و چ دەنووسێت. کەواتە کارکردنی پەکەکە لە خزمەت و بەرژەوەندی کورددا نییە. بەڵکو هەموو شەڕو بەرنامەو کاری پەکەکە دەچێتە قاڵبی خزمەتکردنی مالیکی و ئێرانەوە، چونکە پەکەکە پارتێکی کوردستانی نییە و حزبێکی ئایدیۆلۆژییە و رۆحێکی دیموکراسی لە خۆنەگرتووە. تۆ بڕوانە هەڵوێستی حکومەتەکانی تورکیاو ئێران و عێراق، ئەوان دەڵێن ئێمە ناخوازین دەوڵەتی کوردستان رابگەیەندرێت، کەچی پەکەکە دەڵێت دەوڵەتی کوردستان رابگەیەندرێت ئێمە تێکی دەدەین و دژی ئەو دەوڵەتە شەڕدەکەین، ئەمە دوژمنایەتییەکی سەیرە بەرامبەر گەلی کوردستان

و بەرامبەر ئاڵا و دەوڵەتی کوردستان. لە ڕۆژئاوای کوردستانیش پەکەکە ڕێککەوتن لەگەڵ عەرەب و ئەرمەنی و ئاسووریدا دەکات، کەچی لەگەڵ پێشمەرگەدا ڕێککەوتن ناکات، ڕێککەوتن لەگەڵ ئەسەد و دوژمنی کورددا دەکات، بەڵام ئامادە نییە ڕێککەوتن لەگەڵ کورددا بکات. ئەم حاڵەتی دژایەتیکردنی پارتە کوردستانییەکان لە باکوورو ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتیش بەجوانی دیارو لەبەرچاوە. ئەوەتا ئەنەکەسە بەدوژمن دادەنێن لەکاتێکدا ڕژێمی بەعسی بەشار ئەسەد بە دۆست دەزانن، لە عێراقدا پێوەندییان لەگەڵ مالیکی هەیە، کەچی پارتی بە دوژمن دەزانن، کەواتە پەکەکەو گروپە چەکدارەکانیان لە باکوورو باشوورو ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات هۆکاری سەرەکیی ناکۆکی نێوان کوردانن.

*** کوردانی ئێزیدی گەورەترین کارەساتیان بەسەر هات بۆ ڕزگارکردنەوەی شنگال و چیای شنگال زیاتر لە ٧٠٠ پێشمەرگە شەهید بوون، پەکەکە هاتە سەر حازری، بەڵام ئێستا دەیەوێت کارەساتێکی تر بەسەر ئێزیدییەکان بێنێت، ئایا شەڕی بەوەکالەت بۆ عێراق و ئێران گەیشتۆتە ئەو ئاستەی پەکەکە چاوی کورد نەبینێت؟**

- لەناو پەکەکە ڕۆحییەت و دەماری کوردایەتی نییەو بگرە بەچاوی کوردایەتی سەیری بارودۆخەکە ناکرێت. پەکەکە دەبێژێت ئەوان پارتێکی چەپ و سۆشیالیست و شۆڕشگێڕن و هەموو پارتەکانی دیکەی کوردستان دوژمنی ئێمەن، هەربۆیە پێویستە ئەو پارتانە نەمێنن. ئەوان بەشێوەی چینایەتی لەپرسەکان دەڕوانن نەك نەتەوەیی، هەربۆیە بەچاوی دوژمن سەیری پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن. ئەگەر پارتی نەبێت سبەی بەهەمانشێوە سەیری یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەن، گۆڕان و ئەنەکەسەو حزبە ئیسلامییەکانیش بەهەمان شێوە. واتا پەکەکە بڕوای بە شەراکەت و هاوبەشی نییە و فرەحزبی و دیموکراسی لە زهنییەتی ئەواندا نییە، ئەوان تەنیا قبووڵی ئەو لایەنانە دەکەن کە تەسلیمی خۆیان و ئەجینداکانیان ببێت، ئەمڕۆ پێیانوایە پارتی ئاستەنگ لەبەردەمیان دروست دەکات، بۆیە دوژمنایەتی دەکەن، سبەینێ ئەنەکەسە و دواتر یەکێتی و .. هتد، کەواتە هیچ حزبێك لەکوردستان ناتوانێت ڕێککەوتن لەگەڵ گروپێکی وا بکات.

*** ئایا دژایەتیکردنی ڕێبازی بارزانی و مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان زیان بە پەکەکەش ناگەیەنێت، بۆچی پەکەکە ڕوو لەباکووری کوردستان ناکاتەوە کە ئەوێ شوێنی ڕاستەقینەی خۆیەتی و بۆچی چاوی بڕیوەتە ئەم بەشەی کوردستان؟**

- ئەمڕۆ کوردو کوردستانی لە ڕێبازی بارزانی-دا دێتە باسکردن؛ دەوڵەتبوونی کوردستان و ڕۆحی نەتەوەیی و هەمووی لەناو ئەو ڕێبازەدا هاتۆتە باسکردن، هەربۆیە پەکەکە بەهەموو هێزیەوە دوژمنایەتی ئەو ڕۆحیەتە نەتەوەییە دەکات. دژایەتیکردنیشیان بۆ بارزانی بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە هەموو ئومێدی کورد بارزانی-یە، نەك تەنیا لە باشوور، ئومێدیان بەوەیە دەوڵەتێکی کوردی دروست بێت، بۆ ئەوەی لە هەرچوار پارچەی کوردستاندا کورد زیندوو ببێتەوە، لە کاتێکدا ئەوان دەیانەوێت ڕۆحی کوردایەتی بکوژن. پێشتر پەکەکە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە دەوڵەتی سەربەخۆمان دەوێت، کەچی لە ساڵی ٢٠٠٩ دا دەیگوت بەهیچ شێوەیەك دەوڵەتبوونی کوردستان قبووڵ ناکەین، ئەمە لە کاتێکدا کورد بە دەیان هەزار کەسیان لەسەر پرسی دەوڵەت و سەربەخۆیی بووەتە قوربانی و گیانیان بەخشیوە، کەچی پەکەکە ئێستا دەڵێت: ئەوەی داخوازی دەوڵەت بکات، ئێمە دەیکوژین. ئێستاش لە شەڕەکانی جزیرەو سلۆپی و دیاربەکرو زۆربەی باژێرەکانی باکوور کوردستان و لەشەڕی خەندەق ٧٠٠٠ گەنجی کوردیان بەکوشتن داوە، بە بێ هیچ هۆکارێك، واتە نە لە پێناوی دەوڵەت و نە لە پێناوی کوردایەتیدا بووە، بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوەی ئێران ئەمەی دەخواست. لە ئەنجامدا ماڵوێرانی بۆ گەلی کورد هێناو ژێرخانی ئەو شارانە وێران بووە و سەدان هەزار کورد بەناچاری کۆچیان کردووە. هەروەها زیانی بە پەرلەمانتارە کوردەکان و شارەوانییەکان و پۆستەکانی هەدەپە گەیاندووەو زۆر لەکەسایەتییە کوردییەکان کەوتنە زیندانەوە، من دەڵێم ئەگەر هەڵەو شەڕی پەکەکە نەبووایە، ئەوا هەدەپە ڕێککەوتنی لەگەڵ ئاك پارتی دەکرد و بەشدار دەبوو لە حکومەتدا. کەواتە سیاسەتی ئێستای پەکەکە سیاسەتێکی هەڵە و چەوت و بێ ئامانج و بێ مانایە.

*** پارتێکی سیاسی ئەمە زهنییەت و بەرنامەو ڕەفتاری بێت، ئایا بەئاشتی و دانوستاندن دەتوانرێت لە شنگال و مەخموور دووریان بخەینەوە؟**

- من ناخوازم بەشەڕ چارەسەری ئەو پاوانخوازی و سیاسەتە چەوتانەی پەکەکە بکرێت، بۆیە پێویستە هەموو جیهان و هەروەها هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و خەڵکی دەڤەرەکە فشارێکی زۆریان بۆ بهێنن تاوەکو پەکەکە دەستبەرداری ئەو ناوچانە بن.

> **پەکەکە هەر لەدامەزراندنیەوە پارتێکی مارکیسی بووەو لەسەر بنەمای چینایەتی کاری کردووە و هەر لەسەرەتاشەوە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان بووەو بەپارتێکی کۆنەپەرست ناوی بردووە**

> **پەکەکە لە شەڕەکانی جزیرەو سلۆپی و دیاربەکرو زۆربەی باژێرەکانی باکوور کوردستان و لەشەڕی خەندەق ٧٠٠٠ گەنجی کوردیان بەکوشتن داوە، بە بێ هیچ هۆکارێك، واتە نە لە پێناوی دەوڵەت و نە لە پێناوی کوردایەتیدا بووە، بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوەی ئێران ئەمەی دەخواست**

> **پەکەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕێککەوتن لەگەڵ عەرەب و ئەرمەنی و ئاسووریدا دەکات، کەچی لەگەڵ پێشمەرگەدا ڕێککەوتن ناکات، ڕێککەوتن لەگەڵ ئەسەد و دوژمنی کورددا دەکات، بەڵام ئامادە نییە ڕێککەوتن لەگەڵ کورددا بکات**



شێخ شامۆ

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی دەستەی باڵای بنکەی لالش بۆ گوڵان:

# هەر شوێنێک پەکەکەی لێ بێت ئاوەدانکردنەوەی تێدا نابێت، چونکە کاری ئەوان وێرانکردنە

**پێویستە بە هەمان شێوەی کەرکووک راپرسی لەسەر چارەنووسی شنگالیش بکرێت، چونکە لە رووی جوگرافی و جڤاکییەوە گرنگییەکەی لە کەرکووک کەمتر نییە**

**شێخ شامۆ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی دەستەی باڵای بنکەی لالش-ەو کەسێکی شارەزایە لە کەلتوور و جڤاتی ئێزیدی. لە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵاندا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «پەکەکە لە شنگال هەڵگری ئەجیندەی وڵاتانی ئیقلیمین و بوونیان رێگرە لە گەیشتنی دەستی ئاوەدانکردنەوە بەو دەڤەرە.» بە پێویستیشی دەزانێت «فشارێکی نێودەوڵەتی بێتەئاراوە بۆ ئەوەی بەهاوشێوەی داعش بەڵای پەکەکەش کۆتایی پێبهێندرێت.» لێرەدا دەقی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** پەکەکە ئێستا لەشنگال بووەتە بەڵایەکی گەورە بۆ ئێزیدییەکان و ئاستەنگی سەرەکییە لە بەردەم سەقامگیری و ئاوەداننەکردنەوەی دەڤەرەکە. ئایا ئێوە وەکو کەسایەتییەکی ناسراوی ئێزیدییەکان پێتانوایە تاچەند بوونی پەکەکە لەم دەڤەرە زیان بە ئێزیدییەکان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەیان دەگەیەنێت؟**

- لە راستیدا بارودۆخی کوردی ئێزیدی جیاواز نییە لەو بارودۆخەی لە کوردستاندا هەیە، بەڵام بوونی پەکەکە لەوێ هەل و مەرجێکی جیاوازی دروست کردووە. راستە شنگال تووشی مەرگەسات و ئازارێکی گەورە هاتووە و هاوسۆزی و دلۆڤانی کوردستان و جیهانی لەگەڵدایە، بەڵام ئەوان هاتنە شنگال و هەڵگری ئەجێندایەکی ئیقلیمین و رۆژ بە رۆژ نیاز و پلانی نەگریسی ئەوان ئاشکرا دەبێت. ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی ئاڵۆزییەکی گەورە لەو دەڤەرە دروست بێت، چونکە وردە وردە خەڵکەکە دەگەڕایەوە، بەتایبەتی بۆ باکووری شنگال، بەڵام بوونی ئەوان هۆکاری فیتنە و تێکدان و ئاژاوەگێڕییە، هەمووان دەزانن پەکەکە دەستیان داوەتە رفاندنی منداڵان و پیادەکردنی سیاسەتی ترساندن و بارزگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر لەگەڵ رۆژئاوا، ئێستاش خەڵکی شنگال بەتایبەتی بێچارە بوون و نازانن چۆن لەو رەوشە دژوارە رزگار بن. دۆخی ئێستای کوردستان لە رەوشێکدا کە هەق نەبوو پەکەکە ئەو کارانە بکات.

*** ئێمە دەزانین مەرجەعی ئایینی ئێزیدییەکان داوایان لەو گروپانە کرد ئەو ناوچەیە چۆڵ بکەن، بۆچی ئەوان ئەمە کاریان نەکرد؟**

- لە راستیدا ئەوان هەر رۆژەی بانگەشەیەك دەکەن. رۆژێك دەڵێن شنگال دەکەینە کانتۆن و رۆژێکی تر دەڵێن سەربەخۆیی شنگال رادەگەیەنین و جارێکی تر لە کەناڵی ئافاقی عەرەبییەوە دەڵێن شنگال سەر بە بەغدایەو ئێمە گرێدراوین لەگەڵ حەشدی شەعبی و شنگال عێراقە نەك کوردستان، هەموو ئەوانەش بۆ شێواندنی مێژووی شنگال و بۆ چەواشەکردنی خەڵکی سادەیە. ئەوان هەڵگری ئەجێندایەکی ئیقلیمین و دەیانەوێت ببنە دەروازەیەکی هەواڵگری و بەشێك لە هیلالی شیعە و دەستێکی شیعەیان لە پشتە. ئەوە ماوەی دوو ساڵ و نیوە لەسەر ئاستی کەسایەتییەکان و جڤاتی رۆحانی ئێزیدییەکان بە پەکەکە دەڵێین ئەگەر ئێوە وەفاداری قوربانییەکانی ئێمەن و ئەگەر بە هاواری ئێمەوە هاتوون، ئەوا زۆر سوپاس فەرموون شنگال چۆڵ بکەن و بگەڕێنەوە بۆ باکوور و لەوێ کانتۆن دابمەزرێنن، چونکە شنگال بە درێژایی دیرۆکی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان قوربانی داوە، بەڵام بۆ هەموو جیهانیش ئاشکرا بووە کە ئەوان دەیانەوێت ئەجێندایەکی ئیقلیمی جێبەجێ بکەن و باوەڕم وانییە بەئاسانی دەستبەرداری ئەو ناوچەیە بن.

**پەیامی ئێمە بۆ لایەنە سیاسییەکان ئەوەیە کە ئەگەر لە ئاستی ئەو قوربانی و کارەساتانەدان کە بەسەر ئێمەدا هاتوون، ئەوا یەکگرتوویی ناوماڵی کوردی پتەو بکەن و بیپارێزن**

*** بۆچوونی ئێوە چییە لەسەر فریودان و لە خشتەبردنی منداڵانی ئێزیدی کە رەوانەی قەندیل و شوێنەکانی دیکە کراون؟**

- لە راستیدا، لە دوای ساڵی ٢٠٠٦وە دوای ئەوەی رێکخراوی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی کوشتنی برا مەسیحی و ئێزیدییەکانیان حەڵاڵ کرد، ئەوا هیچ قوتابییەکی ئێزیدی نەیانتوانی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی موسڵ بخوێنن، هەروەها کرێکارەکانیشمان نەیاندەتوانی لە موسڵ کاربکەن، لە دوای ساڵی ٢٠٠٦وە نزیکەی ١٠ هەزار قوتابیی کوڕ و کچی ئێمە گواستراونەتەوە بۆ زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان، ئەوەیە زامنکردنی ئایندە و چارەنووسی کوڕ و کچانی ئێزێدی، نەك ئەوەی پەکەکە دەیەوێت کە کوڕ و کچانی ئێزیدی بۆ مەبەست و پلانە نەگریسەکانی

**ئەو وێرانکارییەی چەندین ساڵە بەسەر گوندەکانی بەراوری و زاخۆ و مزوری هاتووە، هەمووی بەهۆی پەکەکەوە بووە، هەر شوێنێک پەکەکەی لێ بێت ئاوەدانکردنەوەی تێدا نابێت**

**پەکەکە خوازیارە شەڕێکی ناوخۆیی دروست ببێت و پرۆژەی دەوڵەتی کوردی لەباربیات، ئەمە کراوەتە ئەرکی ئەوان، لەبەر ئەوە دەبێت دەستێوەردانێکی نێودەوڵەتی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە**

**پەکەکە بانگەشەی زۆریان کردووە کە سەربەخۆیی و کانتۆن بۆ شنگال دروست دەکەن، بەڵام نەیانتوانیوە یەک ئەمپێر کارەبا و یەک بوتڵە ئاو بۆ ئەو خەڵکە دابین بکەن، هەرچی هەیە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەستەبەر دەکرێت، بەڵام ئەوەی ماوەتەوە شکاندنی ئەو دیواری ترسەیە کە ئەوان دروستیان کردووە**

**لە دوای ساڵی ٢٠٠٦وە نزیکەی ١٠ هەزار قوتابیی کوڕ و کچی ئێمە گواستراونەتەوە بۆ زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان، ئەوەیە زامنکردنی ئایندە و چارەنووسی کوڕ و کچانی ئێزدی، نەک ئەوەی پەکەکە دەیەوێت کە کوڕ و کچانی ئێزیدی بۆ مەبەست و پلانە نەگریسەکانی خۆیان بەکاردەهێنن و تەنانەت منداڵانیش لە دایک و باوکیان دابڕن**

خۆیان بەکاردەهێنن و تەنانەت منداڵانیش لە دایك و باوکیان دابڕن، ئەمەش کەمتر نییە لە رەفتاری داعش کە ئێزیدییەکانی دەرفاند، ئێمە لە رێی مەکتەبی جەنابی سەرۆکی حکومەتەوە کارمان دەکرد بۆ کرینەوە، یان بە هەر شێوەیەك بێت گەراندنەوەی ئێزیدییەکانی دەستی داعش، بەڵام ئەم کارە لەگەڵ پەکەکەدا ناکرێت.

*** بە بۆچوونی ئێوە کێ لەو دەڤەرە پاڵپشتیی سەربازی و داراییان دەکات؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە کەس بە راستی نازانێت چەکدارەکانی ئەوان لە کێ پێکهاتووە، ئایا عەرەبی عێراقن، عەرەبی سووریان، چونکە تەنانەت ئەوان خەڵکیان لە قەوقازیشەوە هێناوە. بە کورتی ئەوان وەك رێکخراو و گروپێکی مافیایی هەڵسوکەوت دەکەن. هەروەها ئەوان بە زاری خۆیان رایدەگەیەنن کە گرێدراوی حەشدی شەعبین، کەسانێکیش کە پێوەندیی پێوەکردوون لەبەر رەوشی خراپ و دۆخی پەرێشانی ئەوانە، لە هەمان کاتدا بەهۆی ئەو سیاسەتی ترساندن و تۆقاندنەوە بووە کە زۆر کەس ناتوانێت دەستەبەرداریان بێت. پەکەکە بانگەشەی زۆریان کردووە کە سەربەخۆیی و کانتۆن بۆ شنگال دروست دەکەن، بەڵام نەیانتوانیوە یەك ئەمپێر کارەبا و یەك بوتڵە ئاو بۆ ئەو خەڵکە دابین بکەن، هەرچی هەیە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەستەبەر دەکرێت، بەڵام ئەوەی ماوەتەوە شکاندنی ئەو دیواری ترسەیە کە ئەوان دروستیان کردووە. بە بۆچوونی من چۆن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەستتێوەردانیان کرد و پشتیوانی پێشمەرگەیان کرد بۆ تێکشکاندنی ئەفسانەی داعش، ئێستاش ئەوان بێن و هاوکار بن بۆ ئەوەی فشار دروست بکرێت تاوەکو پەکەکە بە بێ شەڕ ئەو ناوچە ستراتیژییەی کوردستان چۆڵ بکات. چونکە هەموو ئەو رێکخراوانەی لێرە کار دەکەن، رایانگەیاندووە تاوەکو پەکەکە لەوێ بێت، ناتوانن دەستی هاوکاری بۆ درێژ بکەن. پەکەکە خوازیارە شەڕێکی ناوخۆیی دروست ببێت و پرۆژەی دەوڵەتی کوردی لەباربیات، ئەمە کراوەتە ئەرکی ئەوان، لەبەر ئەوە دەبێت دەستێوەردانێکی نێودەوڵەتی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە.

*** ئایا بوونی پەکەکە لەو ناوچەیە نابێتەهۆی ئەوەی هێرش و دەستێوەردانی ئیقلمی دروست بێت و بەمەش ئەوەندەی دیکە زیان بەر ئێزیدییەکان بکەوێت؟**

- ئێمە دەزانین ئەو وێرانکارییەی چەندین ساڵە بەسەر گوندەکانی بەراوری و زاخۆ و مزوری هاتووە، هەمووی بەهۆی پەکەکەوە بووە، هەر شوێنێك پەکەکەی لێ بێت ئاوەدانکردنەوەی تێدا نابێت، ئیدی لە باکوور بێت، یان باشوور، چونکە کاری ئەوان وێرانکردنە، مانەوەی پەکەکەش لە شنگال ئایندەی ئەو ناوچەیە تاریك دەکات.

*** ئایا جڤاتی رۆحانی بەنیاز نین بانگەوازێك بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەن بۆ ئەوەی پەکەکە بە شێوەیەکی ئاشتییانە ئەو ناوچانە چۆڵ بکات؟**

- ئێمە بەردەوام ئەم کارەمان کردووە، لە کۆبونەوەکەی نێوان جڤاتی رۆحانی لەگەڵ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان باسمان لەوەکرد کە ئەگەر فشارێکی نێودەوڵەتی نەکەن لەسەر ئەو گروپە نافەرمییانەی سەر بەپەکەکەن و لە شنگال ماون، ئەوا ئەو ناوچەیە چۆڵ ناکەن و ئەمەش مایەی ئاڵۆزی دەبێت. ئێمە ئەم پەیامەمان لەسەر هەموو ئاستە بەرزەکان و بە سەرجەم میوانەکان گەیاندووە.

*** لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك لە ئێزیدییەکان کە فریودراوی دەستی پەکەکە بوون، ریزەکانی پەکەکەیان جێهێشت و دووبارە گەڕانەوە بۆ نێو ریزەکانی هێزی پێشمەرگە، ئەمە چۆن روویدا؟**

-لە راستیدا هەر کەسێك لەگەڵ ئەواندا کاربکات، بۆی دەردەکەوێت کە ئەوان چۆن رەفتار دەکەن و ئەو گروپانە چەند مایەی مەترسین بۆ سەر پاشەرۆژی ئەوان، ئەوان بینییان کە پەکەکە سیناریۆیەکی بێ بنەمای دروستکرد کە گوایە پێشمەرگە شەڕی لە دژی ئێزیدی کردووە، درۆیەکانیان ئاشکرا بووە، لەبەر ئەوە نزیکەی ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ کەس هاتنەوە و خۆیان رادەستی پێشمەرگە کرد. بە بۆچوونی منیش باشترین رێگاچارەش ئەوەیە بوارێك دروست بکرێت بۆ ئەوەی ئەو کەسانە لە دوژمنی کوردستانەوە ببنە پێشمەرگەی کوردستان.

*** ئێوە چ داواکارییەکتان لە هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەیە؟ دەتانەوێت چ**



**هەڵوێستێکیان هەبێت لە ئاست ئەو داگیرکاری و پێشێلکارییەی کە پەکەکە لە دەڤەری شنگال ئەنجامی داوە؟**

- لەم قۆناغە هەستیارەی کوردستاندا، پەیامی ئێمە بۆ لایەنە سیاسییەکان ئەوەیە کە ئەگەر لە ئاستی ئەو قوربانی و کارەساتانەدان کە بەسەر ئێمەدا هاتوون، ئەوا یەکگرتوویی ناوماڵی کوردی پتەو بکەن و بیپارێزن، چونکە هەروەك دەزانن پیلانێکی نەگریس لە دژی شنگال هەیە کە لە پلانەکەی داعش خراپترە، ئەگەر سەرجەم لایەنە سیاسییەکان وەك پارتی لە دۆخی شنگال بڕوانن، ئەوا رەنگە پەکەکە بۆشاییەك بەدی نەکات بۆ ئەوەی پیلانگێڕی بکات، واتە هەموویان —نەك هەر پارتی و دامەزراوەکانی پارتی- بە پەکەکە بڵێن کە شنگال چۆڵ بکەن، چونکە جێی تۆ نییە. واتە ئەرکی نیشتمانیی لایەنە سیاسییەکان ئەوەیە کە هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی شنگال کە ماددەی ١٤٠ دەیگرێتەوە لە رێی راپرسییەوە بگەڕێتەوە بۆ سەر کوردستان، چونکە لە رووی جوگرافی و مێژووییەوە ناوچەیەکی کوردستانییە.

*** دوا وتەت چییە؟**

من پێموایە لە ئێستادا کە باس لە ئەنجامدانی راپرسی دەکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کەرکووك، ئەوا پێویستە بە هەمان شێوە کار لەسەر ئەنجامدانی راپرسی بکرێت لەسەر چارەنووسی شنگالیش، چونکە گرنگیی شنگالیش لە رووی جوگرافی و جڤاکییەوە لە کەرکووك کەمتر نییە، راستە شنگال قەزایەکە و کەرکووکیش پارێزگایە، بەڵام هەردووکیان پێگەی گرنگیان هەیە و چارەنووسی شنگالیش لە دەرەوەی کوردستان چارەنووسێکی تاریك دەبێت. ئەو هەوڵانەی کە چەند لایەنێك دەیدەن بۆ ئاوەژووکردنەوەی راستییەکان و چەواشەکردنی خەڵك و دابڕینی شنگال لە کوردستان، خزمەتی پڕۆژەی پەکەکە و ئەجێندای پشت پەکەکە دەکات و ئەوانە دوژمنی ئێزیدین، پێش ئەوەی دوژمنی کوردستان بن.

**دوو ساڵ و نیوە لەسەر ئاستی کەسایەتییەکان و جڤاتی رۆحانی ئێزیدییەکان بە پەکەکە دەڵێین ئەگەر ئێوە وەفاداری قوربانییەکانی ئێمەن و ئەگەر بە هاواری ئێمەوە هاتوون، ئەوا زۆر سوپاس فەرموون شنگال چۆڵ بکەن و بگەڕێنەوە بۆ باکوور و لەوێش ئێزیدی لێیە و کانتۆنیان بۆ دابمەزرێنن**

# دەوڵەتی کوردستان و عێراقی موەحەدەی دوێنێ



نەدا مێرگەسۆری*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

دوای تێپەڕبوونی (٩٦) ساڵ بەسەر دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لەسەر دەستی بەریتانییەکان و دوای بەسەرچوونی زیاتر لە یەك سەدە بەسەر ڕێکەوتننامەی (سایکس پیکۆ)ی فەرەنسا و بەریتانیا و رووسیای قەیسەری کە بە هۆیەوە هەستان بە دابەش کردنی ئەو ناوچانەی لەژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی بوون، بە بێ ئەوەی حیساب بۆ نەتەوە سەرەکییەکانی دیکەی سەر ئەو ناوچانە بکەن بەتایبەت نەتەوەی کوردو بە زۆر دابەشی سەر عەرەب و فارس و تورکیان کرد، ئا لەو کاتەوە ئەو نەتەوە سەرەکییانەی کە مافیان بە زۆر پێشێل کراو بوونە قوربانی مەرام و هاوکێشە سیاسییەکانی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەو کاتی براوەی شەڕی یەکەمی جیهان، خێروخۆشییان بە خۆیانەوە نەدیت و کەوتنە بەر سیاسەتی تەهمیش کردن و کوشتن وقڕ کردن و لەناوبردن و سڕینەوەی شوناس و مێژوو و کەلتوور.

یەکێك لەو نەتەوە سەرەکییانەی لەسەر خاکی باووباپیرانی خۆی، سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانی لەگەڵ نەتەوەی عەرەب و تورك و فارس تووشی کپ کردن و سڕینەوەی شوناسەکەی بوو، نەتەوەی کورد بوو، بە تەعریب و تەتریك و تەفریس کرا، خاکەکەی بەزۆر لکێنرا بەو دەوڵەتانەی ئێستا بە هەموو شێوەیەك، چ جەسەدی، چ دەروونی، چ سیاسی، چ رۆشنبیری، چ کۆمەڵایەتی و چ ئابورری مافەکانیان پێشێل دەکرێت.

(٩٦) ساڵە عێراقی موەحەد بە زۆر پێکڤە لکێنراوە، نەتەوەکان بەزۆر تێکەڵی یەکتری کران، ناچار کران هەموویان بە عەرەبی و وەك عەرەب بیر بکەنەوە، ماف و ئازادییەکانیان پێشێل کران، سیستەمە یەك بە دوایەکەکانی حوکمڕانی لە عێراق هەموویان بە جۆریك لە جۆرەکان مافی گەلی کوردیان پێشێل کرد.

نەتەوەی کورد نە هیچ خێری لە حوکمی پاشایەتی وەرگرت نە لە حوکمی کۆماری، لە هەر پێنج عەهدەکەی کۆماری عێراقیش لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨) تاکو (٢٠٠٣) و پێش روخانی رژێمی بەعس و نەمانی سەدام حوسینی دیکتاتۆر، نە خیری لە (عەبدولکەریم قاسم) بینی نە لە (عەبدولسەلام عارف) و (عەبدولڕەحمان عارف) و نە لە (حەسەن بەکر) و (سەدام حوسێن). جگە لە ماڵوێرانی و ئاوارەیی و ئەشکەنجەو جینۆساید و ئەنفال و کیمیاباران کردن هیچیان بۆ کورد پێنەبوو. سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەو سەردەم و ئەوانەی بە مەبەستی رزگارکردنی مرۆڤایەتی و پێشێل



نەکردنی مافەکانی مرۆڤ و ژێردەستە نەبوون، ڕێکخراوی (عصبە الامم) و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیان داناو بە سەدان ڕێککەوتننامەی دوولایەن و چەندین لایەنەیان واژۆ کرد، نقەیان لێوە نەهات و زۆربەی هەرە زۆریان لە بەرامبەر پێشێلکارییەکانی بەرامبەر بە کورد، بێدەنگیان هەڵبژارد.

لە ساڵی (٢٠٠٣) و دوای نەمانی ڕژێمی بەعس و سەر لە نوێ کەوتنە سەر پێی عێراق، ئومێدێك بۆ کورد دروست بوو، بۆیە بە ئارەزوومەندانە و بە یەك ڕێزی چوویەوە بەغدا، بۆئەوەی هەموو نەتەوەو ئایین و مەزهەبێك و دەنگێك عێراقێکی دیموکراسی دروست بکەنەوە کە لەسەر بنەمای شەراکەتی ڕاستەقینە بنیاد نرابێت.

حکومەت و پەرلەمان و دەستووری عێراق دانران و بە زۆرینەش دەنگ بە دەستووری ساڵی (٢٠٠٥) درا کورد ستونی سەرەکی سەر پێخستنەوەی عێراقی ئێستا بوو، ئەو عێراقەی کە جارێکی دیکە لە دایك دەبوویەوە، بە داخەوە بە نیوە ئیفلیجی لە دایك بوویەوە، چونکە نەیتوانی کورد، کە ستوونی سەرەکیی سەر پێخستنەکەی بوو، ڕازی بکات و نیەتی پاکی خۆی پیشانی کورد بدات.

هەمدیسان سیاسەتی پەراوێزخستن و بە دەرەجە دوو سەیرکردنی کورد دەستی پێکردەوە تا کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی سەرەتای ساڵی (٢٠١٤)و بە بڕیارێکی زارەکی و دوور لە یاسا و دەستوور و بەها مرۆڤایەتییەکان لەلایەن سەرۆك وەزیرانی ئەوسای عێراق (نوری مالیکی) بودجەو قوتی خەڵکی هەرێم بڕدرا، ئەم بڕیارە نادەستوورییەش لە کاتێکدا دابوو کە بە هۆی سیاسەتی هەڵەو تاکڕەوانەی مالیکی و بەهۆی پاشەکشەکردنی سوپای دەوڵەتی عێراق لە موسڵ، کوردستان ڕووبەڕووی مەترسیدارترین ڕێکخراوی تیرۆریستی سەردەم دەبوویەوە.

بەداخەوە تا ئێستایشی لەگەل بێت و لە سەردەمی ( حەیدەر عەبادی) سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراقیش هەمان سیاسەتی پەراوێزخستنی کورد پەیڕەو دەکرێت و هێشتاش بودجەو قوتی خەڵك و شایستە داراییەکانی هەرێم و بگرە شایستە داراییەکانی جوتیارانی هەرێمیش لە ئەستۆی حکومەتی عێراقە، بگرە دەیانەوێت بەشی هەرێمیش لە داودەرمان ببڕن، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە نزیکی دوو ملیۆن ئاوارەی ناوچە جیاوازەکانی عێراق لە کوردستان نیشتەجێن، ئەمە جگە لەوەی ڕۆژانە بریندارانی

**جێبەجێ نەکردنی دەستوور لەلایەن کاربەدەستانی بەغدا، نەیهێشت کورد تامی خۆشییەکانی فیدراڵیبەتیش بکات و تینوویەتی کوردی پێنەشکا، بۆیە فیدراڵییەتیش فەشەلی هێنا. پاشکۆ بوونی بەغدا جگە لە نەهامەتی هیچی بۆ ئێمە نەهێنا، بۆیە بڕیاردان لە مافی چارەی خۆنووسین باشترین ڕێگەیە بۆئەوەی تامی دەوڵەت بوون بچێژین**

**بە بڕیاری (نوری مالیکی) بودجەو قوتی خەڵکی هەرێم بڕدرا، ئەم بڕیارە نادەستوورییەش لە کاتێکدا دابوو کە بە هۆی سیاسەتی هەڵەو تاکڕەوانەی مالیکی و بەهۆی پاشەکشەکردنی سوپای دەوڵەتی عێراق لە موسڵ، کوردستان ڕووبەڕووی مەترسیدارترین ڕێکخراوی تیرۆریستی سەردەم دەبوویەوە**

شەڕی ڕزگارکردنی موسڵ لە سوپا و خەڵکی سڤیل لە نەخۆشخانەکانی هەرێم چارەسەر دەکرێن و پێویستیان بە داودەرمانە.

ئا ئەمەیە سیاسەت و عەقڵییەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی بەزۆر پێکەوە لکێنراو. جا بۆیە کاتێك پرسی بە فەرمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووك دێتە پەرلەمانی عێراق، شتێکی ئاساییە کە هەموو عەرەب و تورکمانەکان بەبێ گوێدانە جیاوازی مەزهەب و ئایدیا، کۆدەنگ دەبن و دەنگ لەسەر بڕیارێکی بە پەلەی نایاسایی پەرلەمان دەدەن.

ئەو بڕیارەی لە دانیشتنی ژمارە(٢٢)ی ساڵی سێیەم، فەسڵی دووەمی پەرلەمانی عێراق و لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٤/١) سەبارەت بە هێنانەخوارەوەی ئاڵای کوردستان لە کەرکووك درا، ڕووی ڕاستەقینەی سیاسەت کردن و عەقڵیەتی کەسە سیاسییەکانی عێراقمان پێ نیشان دەدات و هەمدیسان پێمان دەڵێت، ئەو تەوافوق و شەراکەتەی، عێراقی لەسەر بنیاد نرایەوە، ئەم جارەشیان پێشێل کراو سیستەمی زۆرینەی عەرەبی جێبەجێ کرا، لەلایەکیشەوە بە گوێچکەی هەندێك لە هەڤاڵە هاوخوێنەکانمانی چرپاند کە ئەو عێراقەی کە جارجارە بۆی شل دەکەن و دڵتان ناهێت دڵی برەنجێن و پێتان وایە بەغدا باشتر لە هەولێر چارەسەری کێشە کوردستانییەکان دەکات و پێتان وایە تاکە خەمخۆری هاووڵاتی کوردستان، تەنیا عێراق و حکومەتی عێراقە، ئەوا دیسان بە بیری هێنانەوە کە کورد شوێنی لە عێراق نابێتەوە.

کێشە عەقڵییەتی سیاسییە لەلای کاربەدەستانی عێراقی و زۆربەی هەرە زۆری کەسە سیاسییەکانی عەرەبی عێراقی، ئەم عەقڵییەتە(٩٦) ساڵە نەگۆڕاوە و سێ(٩٦)ی دیکەش بڕوا ناگۆڕدرێت. بۆیە کورد هەموو سیستەم و حوکم و شێوەکانی بەڕێوەبرنی دەوڵەتی عێراقی تام کردووە، بەوەی ئەم دواییەش کە فیدراڵییەتە، ئەو عەقڵیەتە بەڕیوەبردنەی لە بەغدا هەیەو پێشێل کردن و جێبەجێ نەکردنی دەستوور لەلایەن کاربەدەستانی بەغدا، نەیهێشت کورد تامی خۆشییەکانی فیدراڵەتیش بکات و تینوویەتی کوردی پێنەشکا، بۆیە فیدراڵییەتیش فەشەلی هێنا. پاشکۆبوونی بەغدا جگە لە نەهامەتی هیچی بۆ ئێمە نەهێنا، بۆیە بڕیاردان لە مافی چارەی خۆنووسین باشترین ڕێگەیە بۆئەوەی تامی دەوڵەت بوون بچێژین.

ئێستاش کە بابەتی گشت پرسی (Referendum) وەك شێوەیەك لە شێوەکانی دیموکراسیەتی ناڕاستەقینە لە هەرێمی کوردستان هاتۆتە ئاراوەو لێژنەی تایبەتمەندی بۆ دانراوە لەلایەن هەردوو پارتی سەرەکیی کوردستان و دەیانەوێت بە هاوبەشی هەموو پارتە سیاسییەکانی کوردستان و بە گفتوگۆکردن لە گەڵ بەغدا و دەوڵەتە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان تاوتوێی بابەتەکە بکەن و کورد بگات بە کەناری ئارامی، ئەوا هیچ بیانوویەك بۆ هیچ کەس و پارت و دەوڵەتێك نامێنی بۆ دژایەتی کردنی ئەم پرسە چارەنووسسازە، چونکە گشت پرسی مافی چارەی خۆنووسین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لە یاسای نێودەوڵەتی و لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتییە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان بۆ نموونە یەکێتی ئەفریقی (اتحاد الافریقی) و بڕیارە ئیستیشارییەکانی دادگای عەدلی نێودەوڵەتی سەبارەت بەو هەرێمانەی بوونەتە دەوڵەت و لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری فوقەهائی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەت (جۆرج بیردۆ) و (دونکین ماری)و(شابس) و (فودال) بە ئامرازێکی چالاك و یاسایی و شەرعی دادەنرێت بۆ دەربڕینی ئیرادەی گەل و نەتەوەیەکی بن دەست.

ئەمەشمان لەبیر نەچێت کە گشت \پرسی چەمکێکی ڕۆژئاواییە و هەرێمی کوردستانیش بە پشت بەستن بە شوێنی ئیستراتیجی و هەڵکەوتەی جوغرافیایی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بوونی سامانی سروشتی و سیاسەتی کرانەوەی خۆی بە ڕووی ڕۆژئاواو بەنەتەوە جیاوازەکەی خۆی و بوونی بە دەوڵەتێکی تاقانەی کوردی، جیاواز لە عەرەب و تورك و فارس، بڕوا ناکەم ڕووبەڕووی دژایەتی کردنی زۆر زەق ببێتەوە. عێراقی موەحەدی دوێنێ ڕۆیشت، ئەمڕۆی دەوڵەتی کوردستان بەڕێوەیە، بۆیە کاتیەتی کە کورد بڕیارە چارەنووسسازەکە بدات و ببێتە دەوڵەتێکی نوێ لەسەر نەخشەی جیهان.

*** ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

# فەلسەفەی حەشدی سیاسی



**د.عەرەفات كەرەم ستونی***

**بۆ گوڵان نووسیویەتی**

فەلسەفەی حەشدی شەعبی زاراوەیەكی نوێیە و بەم دواییە لە گۆڕەپانی سیاسیی شیعەی عێراقی هاتۆتەئاراوە، ئەو زاراوەیە فەرماندەكانی حەشدی شەعبی بەكاریان هێنا تاكو ئەم حەشدە رۆڵی بنەڕەتیی خۆی لە پرۆسەی سیاسیدا دوای داعش هەر بمێنێت، چونكە ئەوان چاك دەزانن ئەو حەشدە كۆتایی دێت و نامێنێت و لە ئایندەدا هەڵدەوەشێتەوە، ئەو دەنگەشی كە لە پەرلەمانی عێراق بۆی درا، سەرپێچی بوو لە ئیرادەی شەریكەكانی پرۆسەی سیاسی، بۆیە دروشمگەلێكی دیاریكراو دەڵێنەوە نموونەی (حەشد هەر دەمێنێت و پیرۆزە و نابێ دەستی لێ بدرێت) ئەمانە بۆ ئەوەیە كەس لە بەهای ئەو حەشدە كەم نەكاتەوە، گرنگیی ئەم زاراوەیە بۆ دوای قۆناخی داعش دێت، هەروەها بۆ قۆناخی پێش هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق لەساڵی ٢٠١٨.

بێگومان حەشدی شەعبی قوربانیی زۆری داوە لەكاتی نزیكبوونەوەی داعش لە بەغدا، هێزێكی میلیی خۆبەخشە بۆ قۆناخێك و ناوچەیەكی دیاریكراو، خاوەنی فیتواكە عەلی سیستانی قەد بەبیریدا نەدەهات یان بەنیاز نەبوو كە ئەم حەشدە ببێتە دامەزراوەیەكی سەربازیی فەرمی سەر بە سەرۆكایەتیی وەزیران، بەڵام ئەم فەتوایە بۆ بەرژەوەندیی تاكەكەسیی قۆسترایەوە، هەروەها بۆ مەرامی سیاسیی هەڵبژاردن هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، ئەوان ئێستا باسی حەشدی سیاسی دەكەن، یەكێكیان دەڵێت: پێویستە حەشد ئامادەیی هەبێت لە زانكۆكاندا، سبەی بێگومان داوادەكەن حەشد لە مزگەوت و قوتابخانەو وەزارەت و دامەزراوەكان، هەروەها لە بازاڕو شەقام و ماڵەكان و پەرلەمان و باڵیۆزخانەكان و كونسوڵخانەكانیش هەبێت، ئەو كاتە كۆتایی دەوڵەتی مەدەنی رادەگەیەنین، كاتێكیش دەنگ لەسەر یاسای حەشدی شەعبی درا لە پەرلەمانی عێراق یەكەم كەس بووم كە لێدوانم دا بەوەی كە دەوڵەتی مەدەنی كۆتایی هات، ئەمەش بووە مایەی تووڕەبوونی پەرلەمانتارانی هاوپەیمانی نیشتمانیی شیعەو بەتایبەتیش پەرلەمانتارانی دەوڵەتی یاسا، جێگەی داخە هەندێ لە پەرلەمانتارانی فراكسیۆنە كوردستانییەكان دەنگیان بۆ ئەم یاسایەدا، لەوانەش فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتیی نیشتمانی كوردستان و



بزووتنەوەی گۆڕان جگە لە پەرلەمانتارانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی، سەبارەت بە پەرلەمانتارانی پارتی ئەوا سەرکردایەتیی حزب ئەو کارەی بۆ سەرۆکی فراکسیۆن بەجێهێشت، خەسرەو گۆران سەرۆکی فراکسیۆنەکە ئەو کاتە بڕیاری دا کە پەرلەمانتارانی پارتی ئازاد بن، لەگەڵ ئەوەی ئەم بڕیارە راستیش نەبوو، سەرکردایەتی دەرکی بە هەڵەی بڕیارەکە کرد، پێویست بوو دەنگ لەسەر ئەم یاسایە نەدرێت، چونکە هەڕەشەیە بۆ سەر بنەماکانی دەوڵەتی مەدەنی و دیموکراسی، هەروەها لە ئایندەدا هەڕەشەیشە بۆسەر کوردستان، بەتایبەتی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی داعش.

دیارە حەشدی شەعبی بە فەتوای سیستانی دامەزرا، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە کە نوری مالیکی لە هەموو وتارو لێدوانەکانیدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە گوایە پڕۆژەی فیکریی ئەو بووە، ئەو بە جیددییەوە بیری دەکردەوە کە پێویست بوو سوپایەکی بەبیروباوەڕ دامەزرێت کە داکۆکی لە شەرەفی نەتەوەو دەستکەوتەکانی بکات (بە بۆچوونی ئەو)، لە راستیدا مالیکی بیری لەوە دەکردەوە، بەڵام جورئەتی ئەو ئیشەی نەدەکرد، چونکە رەتدەکرایەوە نەك هەر لەلایەن سوننەو کوردو پێکهاتەکانی دیکە، بەڵکو تەنانەت لەلایەن خودی شیعەشەوە، چونکە ئامانجەکە بۆ هەمووان دیاربوو، کە دەبێتە سوپایەکی تایفەگەری تاکو دژایەتیی ئەوانە بکات کە سەرپێچی دەکەن لە غەیری شیعە، لە شیعە و ئەوانەیشی پشتیوانیی پڕۆژە حزبی و سیاسییەکەی ناکەن، لەگەڵ ئەوەی کە نەیتوانی ئەمە بکات، بەڵام سوپای نیشتمانیی عێراقی کردە سوپایەکی تایفی حزبی، بۆیە سوننە لە ئەنبارو سەلاحەدین و فەلوجەو موسڵ و دیالە دژی وەستانەوە، کوردیش لە کەرکووك دژی وەستایەوە، تەنانەت شیعەش بە هەمان شێوە، بۆ نموونە رەوتی سەدر لە بەسرە دژی وەستایەوە، بەم شێوەیە مالیکی هەوڵدەدات کە وا پیشان بدات ئەو رابەری رۆحیی حەشدە و بناغەی حەشد زادەی بیری ئەوە.



کەس ناتوانێ لە قوربانییەکانی حەشد کەمبکاتەوە و گومان بکات کە بۆ ئەو قۆناخە کاتییە گرنگ بووە، بەڵام نە سوننەو نە زۆربەی کوردیش رازین بە مانەوەی ئەو حەشدە، تەنانەت عەلی سیستانیش بەم ئەنجامەی حەشد قایل نییە، هەتا عەبادی هیوادەخوازێت لە نزیکترین کاتدا هەڵوەشێتەوە، چونکە مانەوەی هەڕەشەیە بۆ چارەنووسی سیاسیی ئەو لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، ئەو چاك دەزانێت کە حەشد دژی دەوەستێتەوەو پشتیوانی لە نەیارەکەی (مالیکی) دەکات، بەڵام عەبادی توانیویەتی بەسەر هەموو تەگەرەو ئاستەنگێکدا زاڵ بێت، هەرچەندە حکومەتەکەی کەوتۆتە ژێر هەڕەشەی رووخان و هەڵوەشانەوە لە هەر چرکە ساتێکدا بە هۆی هەڵوێستی پەرلەمانتارانی دەوڵەتی یاسا لە پەرلەمانی عێراق.

لە مەرجەکانی کارتی یەکلاییکردنەوەی مێژوویی سوننە هەڵوەشاندنەوەی یەکجارەکیی حەشدی شەعبییە، چونکە سوننە بینییان کە ئەم فەتوایەی سیستانی لەلایەن هەندێك کەسەوە بۆ لێدانی سوننە قۆسترایەوە، بۆیە ئەحمەد کوبەیسی کە مەرجەعێکی سوننەیە و کەسانی دیکەش رەخنەیان لێ گرت، بوونی دامەزراوەیەکی سەربازیی فەرمی بە ناوی حەشد لەپاڵ هێزە نیشتمانییەکانی عێراق سەرپێچیی دەستوورە و دژی سادەترین پرەنسیپی دەوڵەتی مەدەنی و دیموکراسی و چەمکی دەوڵەتی نیشتمانییە، مانەوەی حەشد بەم شێوەیە مەترسی و هەڕەشەیە بۆسەرچارەنووسی هەڵبژاردنی داهاتوو، بۆیە سوننە و رەوتی مەدەنی ترسیان هەیە لە ئامادەیی حەشدی سیاسی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، توندترین کەس بۆ بەشداریکردنی حەشد مالیکییە و زیاترین دەوڵەتیش کە هانی دەدات ئێرانە، بۆیە موقتەدا سەدر هەوڵدەدات لە پڕۆژە سیاسییەکەی کە لە ٢٩ خاڵدا پێشکەشی کرد حەشدی شەعبی هەڵوەشێتەوە، لە دوا لێدوانیشی گوتی: سەرایای سەلام کە سەر بەخۆیەتی و هێزێکی سەر بە حەشدی شەعبییە هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەنجومەنی باڵاش بە جیددی بیر لەمە دەکاتەوە، لە راستیدا کارتی یەکلاییکردنەوەی

**حەشدی شەعبی قوربانی زۆری داوە لەکاتی نزیکبوونەوەی داعش لە بەغدا، هێزێکی میلیی خۆبەخشە بۆ قۆناخێک و ناوچەیەکی دیاریکراو، خاوەنی فەتواکە عەلی سیستانی قەد بەبیریدا نەدەهات یان بەنیاز نەبوو کە ئەم حەشدە ببێتە دامەزراوەیەکی سەربازیی فەرمی سەر بە سەرۆکایەتیی وەزیران، بەڵام ئەم فیتوایە بۆ بەرژوەندیی تاکەکەسیی قۆسترایەوە**

**مانەوەی حەشد بەم شێوەیە مەترسی و هەڕەشەیە بۆسەر چارەنووسی هەڵبژاردنی داهاتوو، بۆیە سوننە و ڕەوتی مەدەنی ترسیان هەیە لە ئامادەیی حەشدی سیاسی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، توندترین کەس بۆ بەشداریکردنی حەشد مالیکییە و زیاترین دەوڵەتیش کە هانی دەدات ئێرانە، بۆیە موقتەدا سەدر هەوڵدەدات لە پڕۆژە سیاسییەکەی کە لە ٢٩ خاڵدا پێشکەشی کرد حەشدی شەعبی هەڵوەشێتەوە**

مێژوویی کە عەمار حەکیم پێشکەشی کرد بە مردوویی لەدایك دەبێت، ئەگەر بڕگەیەکی نوێی بۆ زیادنەکرێت کە بە راشکاوی بڵێ حەشدی شەعبی هەڵوەشێتەوە، چونکە کارتەکەی یەکلاییکردنەوەی مێژوویی سوننە بە ئاشکرا لە یەکێك لە بەندەکانی داوای ئەمە دەکات، ترسی هەندێ گروپی شیعەی سیاسی لە حەشدی شەعبی لەبەر ئەوەیە کە رەنگە حزبی دەعوە بێنێتەوە گۆڕەپانەکە بە سەرۆکایەتی مالیکی، هەروەها گەڕانەوەی مالیکی بۆ گۆڕەپانەکە کردارێکی خۆکوژییە بە نیسبەت رەوتی سەدر، بۆیە بە تەواوی رەتدەکرێتەوە، لەبەرئەوە سەدر کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەرایای سەلام دەکات و ئەنجومەنی باڵاش لەگەڵ سەدرییەکان کۆکە کە نەهێڵن حزبی دەعوەی باڵی مالیکی بگەڕێتەوە.

بەڵام حەیدەر عەبادی کە سەرکردەیەکیشە لە حزبی دەعوە، کەچی پێموایە پیاوێکی مەدەنیی رۆشنبیرەو لە هەفتاکانەوە تا رووخانی سەدام لە ٢٠٠٣ لە دەرەوە ژیاوە، پیاوێکی ئایدیۆلۆجی تۆخ نییە وەك ئەوانەی دیکەی حزبی دەعوە، بەڵام لە هەمان کاتدا پیاوێکی لاوازو بێ دەسەڵاتە، فراکسیۆنەکەی لە پەرلەمانی عێراق لاوازترینە، هەرچەندە سەرکەوتنی بەرچاوی لە شەڕی داعش بەدەستهێناوە، لەگەڵ تورکیاو کەنداوو دەرەوە لە رووی دیبلۆماسییەوە سەرکەوتووبووە، بەڵام لەهەر کاتێکدا بێت رەنگە متمانەی لێ بسەنرێتەوە، چونکە فراکسیۆنی مالیکی گەورەترە، رەنگە پەرلەمانتارانی دیکەش بچنە پاڵی بۆ دژایەتیکردنی عەبادی، بۆیە عەبادی پشت بە دەرەوە قایم دەکات وەك سعودیەو ئەمریکا، لە ناوخۆش بە پارتی دیموکراتی کوردستان و رەوتی سەدر، لەبەر ئەوەشە کە پەیوەندیی نێوان عێراق و سعودیە باش بووە، هەروەها لەنێوان هەولێر و بەغدا بەتایبەتیش لە رووی سەربازییەوە، پێموایە کە عەبادی بە جددی حەزدەکات کێشەکان لەگەڵ هەرێم چارەسەربکات، بەڵام نەیارانی زۆرن و فشاری میللی و راگەیاندنی لەسەرە، هەوڵدەدات پارێزگاری لە هاوسەنگی بکات تا بەتەواوی بەسەر داعشدا سەردەکەوێت.

زەحمەتە عەبادی بتوانێت لە ویلایەتێکی دیکەدا ببێتەوە بە سەرۆك وەزیران، چونکە زۆرینەی حزبی دەعوە لەگەڵیدا نین، ئەوان لەگەڵ نوری مالیکیدان، ئێرانیش نایەوێت عەبادی بگەڕێتەوە، هەوڵدەدات پشتگیریی مالیکی بکات، بەڵام درزو ناکۆکی لە ریزی حزبی دەعوەدا هەیە، ئەو ناکۆکییە لە نێوان مالیکی و عەبادی لە رووخساردا دیارە، بەڵام ئەم ناکۆکییانە لە ناوەوە لەنێوان مەرجەعییەتی نەجەفی عێراقی بەسەرۆکایەتی عەلی سیستانی و لەنێوان مەرجەعییەتی قەومی ئێران بەسەرۆکایەتی خامنەئی زۆر زەقن، عەبادی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا پشت بەستن بە حزبی دەعوە دادی نادات بۆ ویلایەتێکی دیکە، چونکە کاندیدی نەکردووە، بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە کە کوتلەیەکی راگوزاریی تایفی پێکبهێنێت، بە پشتبەستن بە لایەنەکانی دیکەی دژ بە گەڕانەوەی مالیکی، لە سوننە (موتەحیدونی ئوسامە نوجێفی) و کورد (پارتی دیموکراتی کوردستان) و رەوتی مەدەنی (وەتەنیەی ئەیاد عەلاوی) و شیعە (رەوتی سەدر)، هاوکات بە لایەنی دەرەکی وەك سعودیەو دەوڵەتانی کەنداو، سەردانی عادل جوبێری وەزیری دەرەوەی سعودیەش بۆ بەغداو بۆ یارمەتیدانی عەبادی لە پڕۆژە مەدەنییەکەی بە پاڵپشتیی راستەوخۆی ئەمریکا، دواتر سەردانی عەبادی بۆ واشنتۆن بۆ دیداری ترەمپ، ئەمەش زۆر گرنگ بوو، لەم سەردانەدا سەرۆکی ئەمریکا باسی لە هەڵەی رێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران کرد، هەروەها هەڵەی کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق، رێککەوتنی ئەتۆمیی ئێرانی هۆکار بوو بۆ دەستتێوەردانی ئێران لە زیاتر لە ناوچەیەك بەتایبەتیش لە عێراق، بۆیە رێککەوتنی ئەتۆمی و کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق لە سەردەمی سەرۆکی پێشوو ئۆباما روویاندا، عەبادی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی زەحمەتدایە، یان ئێران رازی بکات، ئەوکاتە پشتیوانیی ئەمریکاو کەنداو بەتایبەتیش سعودیە لەدەست دەدات، یان ئەمریکا قایل بکات ئەمەش وەك خۆکوشتنێکی سیاسییە لە شەقامی شیعە، لە راستیدا ئەو دەیەوێت پارێزگاریی لە هاوسەنگیی نێوان هەردوو بەرەدا بکات تا گەلی عێراق چارەنووسی خۆی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو

یەکلادەکاتەوە، هەرچەندە عەبادی زیاتر مەیلی بەلای بەرەی ئەمریکادا هەیە، چونکە تاکە زامنە بۆ پاراستنی عێراق لە دەستتێوەردانی دەرەکی، هەروەها یارمەتیدانی ئاوەدانکردنەوەو گەڕانەوەی ئاوارەکان و وەستان بەرووی تیرۆریستان، ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانان نەبان بەری چەپی موسڵ ئازاد نەدەکرا، بۆیە پرۆسەکە زۆر زەحمەتە، بریتییە لە کاردانەوەو دەرهاویشتەی هەڵەی کشانەوەی پێشوەختی ئەمریکا لە عێراق، ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ گەیشتە ئەو قەناعەتە کە ناکرێ هەوڵەکانی ئەمریکا لە ئازادکردنی عێراق بەفیڕۆ بڕوات، چونکە هەر ئەمریکا بوو سەدام حوسێنی رووخاند و عێراقییەکانی رزگارکرد، ئەگەر ئەو نەبوایە هەر سەدام حوکمی دەکرد، بۆیە ترەمپ پێیوایە کە پێویستە ئەمریکا قسەی یەکلاکەرەوەی هەبێت لە عێراق، ئەو گلەیی لە سەرۆکی پێشوو دەکات کە هۆکاری کاولکردنی عێراق بوو، هەروەها هۆکاری دەستتێوەردانی دەوڵەتان بوو لە کاروباری عێراق، کە نەیتوانی سنوورێك بۆئەو دەستتێوەردانانە دابنێت، نەشیتوانی گەلی عێراق رازی بکات کە ئەم ئازادییەیان بە هۆی ئەمریکاوەیە، ئۆباماش یارمەتیی مالیکی دا کە بۆ دووەم جارحوکم بکات، هەرچەندە لە بەرامبەر عەلاوی لەساڵی ٢٠١٠ دۆڕاندبووی، ئەمە هەمووی بۆ رازیکردنی ئێران بوو، چونکە دژی عەلاوی بوو کە ببێت بە سەرۆك وەزیران، ئەم هەڵانە بە دیدی دۆناڵد ترەمپ هەڵەی کارەسات و خیانەتن بەرامبەر بە خوێنی سەربازانی ئەمریکا، بۆیە دەبینین کە ئیدارەی ئەمریکا پەلەیەتی شەڕی موسڵ و رەقە یەکلایی بکرێتەوە، تاکو تەنیا رووبکاتە کاروباری سیاسی لە ناوچەکە، بەتایبەتیش لە سوریاو عێراق، ئەمریکا سنوورێك دادەنێت بۆ ئەوانەی دژی پڕۆژەی ئیدارەی تازەی ئەمریکان بە لۆژیکی هێز، خەریکی دانانی خشتەیەکە بە ناوی ئەوانەی دەخرێنە لیستی تیرۆرەوە، کە لیستێکی درێژەو چەندین سیاسەتوانی عێراقی و سەرکردەکانی حەشدی شەعبی لەخۆدەگرێت.

ئەوەی پەیوەستە بە سوننەوە لە ئەنکەرا بە چاودێریی ئەمریکاو بەهەوڵی دەوڵەتانی کەنداو (بەتایبەتیش سعودیەو ئیمارات و قەتەر) و تورکیاو ئەردەن کۆبوونەوە تاکو یەك بەرە پێکبهێنن و دوای داعش مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، سەلیم جبورییان بۆ سەرکردایەتیی هاوپەیمانی سوننە هەڵبژارد کە لەلای سوننەو شیعەوە پەسندکراوە، ئەم هەنگاوە ئێرانی هەژاندو رۆڵی لە عێراق لەق کرد، ئەمریکا هەوڵدەدات هاوپەیمانییی بەهێز دروست بکات بەرامبەر بە ئێران و رووسیاو چین، بەڵام کورد هەڵوێستیان روونە، خەمیان تەنیا سەربەخۆییە، هەرچەندە کە لەناوخۆ هەڵوێستیان جیاوازبێت، بەڵام راو عەقڵی جەمعی هەموو لایەك نەگەڕانەوەیە بۆ بەغدا، بەڵکو بەرەو سەربەخۆبوونە، هاوپەیمانانیش بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا لاریان نییە لە پرسی سەربەخۆیی کورد، چونکە فاکتەری سەقامگیری و ئاشتی و بەیەکەوەژیانن لە نێوان نەتەوەو ئایین و ئایینزاو پێکهاتەکان، ئەویش رێزدار مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، پرسی سەربەخۆیی کوردستان زۆر پێویست بووە بۆ بەهێزکردنی ئەو هاوپەیمانییە، هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانیش بە خۆشییەوە پیرۆزبایی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، تەنیا ئەو دەوڵەتانە نەبێ کە دژی ئەم هاوپەیمانییەن.

لەبەر ئەوە ئەمریکا بەدوای کەسێکی گونجاودا دەگەڕێت بۆ سەرکردایەتیکردنی عێراق لە قۆناخی داهاتوودا، کە بتوانێت هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق لە پرۆسەی سیاسی بەشداری پێ بکات، هەروەها بڕوای تەواوی هەبێت بە پرەنسیبەکانی دیموکراسی و فرەیی ئایینی و سیاسی، نەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم خواستەکانی گەل لە هەڵبژاردنی هەر سیستەمێك، چ فیدراڵی یان کۆنفدراڵی بێت، چونکە هەموو ئەوانەی حوکمڕانیی عێراقیان کرد دوای ٢٠٠٣ بە پێچەوانەی ئەمە بوون، بۆیە عێراق گەیشتە ئەو قۆناخە ناسکە لە گەندەڵی و نەبوونیی و شەڕو ئاوارەیی و دابڕان لەنێوان هەولێرو بەغدا، ئەمانە هەموویان بە هۆی ئەو سیاسەتە چەوتانەی ئەوانە بوون کە حوکمی عێراقیان کرد.

---

*** سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**ئەوەی پەیوەستە بە سوننەوە لە ئەنکەرا بە چاودێریی ئەمریکاو بەهەوڵی دەوڵەتانی کەنداو( بەتایبەتیش سعودیەو ئیمارات و قەتەر) و تورکیاو ئەردەن کۆبوونەوە تاکو یەک بەرە پێکبهێنن و دوای داعش مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، سەلیم جبورییان بۆ سەرکردایەتیی هاوپەیمانی سوننە هەڵبژارد کە لەلای سوننەو شیعەوە پەسندکراوە، ئەم هەنگاوە ئێرانی هەژاندو رۆڵی لە عێراق لەق کرد**

**مالیکی سوپای نیشتمانیی عێراقی کردە سوپایەکی تایفی حزبی، بۆیە سوننە لە ئەنبارو سەلاحەدین و فەلوجەو موسڵ و دیالە دژی وەستانەوە، کوردیش لە کەرکووک دژی وەستایەوە، تەنانەت شیعەش بە هەمان شێوە، بۆ نموونە رەوتی سەدر لە بەسرە دژی وەستایەوە**

# گەشتیاریی جیۆلۆجی لە هەرێمی کوردستان



دکتۆر بێوار خنسی*

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

گەشتیاریی بریتییە لە کۆمەڵێك پێوەندی و چالاکی و خزمەتگوزاریی پێکەوەگرێدراو بە شێوەیەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەپێی گۆڕینی شوێن، گەشتیاریش ئەو کەسەیە کە بۆ مەبەستی گەشتکردن پتر لە هەشتا کیلۆمەتر دوور لە ماڵەکەی دەبڕێت بەپێی پێناسەی گەشتیاریی جیهانی.

## ● گرنگیی گەشتیاریی و جۆرەکانی

چەند جۆرێك گەشتیاریی هەن لەوانە گەشتیاریی (سەیران و کەیفخۆشی، ئایینی، کلتووری، ژینگەیی، چارەسەری، دەریایی، بازارگەری، وەرزش و جیۆلۆجی).

ئەم فرەگەشتیارییەش ئەنجامی پەرەسەندنی پیشەسازیی گەشتیاری و هەڵکشانی بۆ لوتکەی کەرتی ئابووری لە جیهانە، گەشتیاریی ئێستا بریتییە لە گەشتیاریی پیشەسازی کە هەرگیز لەناوناچێت بەڵکو ساڵانە لە پێشکەوتن و گەشەسەندندایە، چونکە بەستراوەتەوە بە حەزو ئارەزووی مرۆییەوە لە زانیاری و تێپەڕاندنی سنوور، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە بازاڕی گەشتوگوزار دەتوانێت هەموو جیهان بگرێتە خۆی، بۆیە دەکرێ بگوترێت کە پیشەسازیی گەشتیاریی پیشەسازیی جیهانە لە جیهانەوە بۆ جیهان، ئەوەی زیاتر پێشکەوتوو و کراوەترە ئەوەیە کە دەتوانێت ئەوەندەی مەبەست بێت سوودی لێ وەربگرێت.

گەشتیاریی یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی داهاتی نەتەوەیی زۆر لە دەوڵەتانی جیهان، بەتایبەتیش ئەو دەوڵەتانەی کە شوێنی گەشتیارییان تێدایە بە هەموو جۆرەکانییەوە، بوونی شوێنەواری کۆن، وەك ئەشکەوت و مەغارەو گوندی سەرەتایی و سرووشتی جیۆلۆجی، وێڕای بوونی ژێرخانی گەشتیاریی وەك هۆتێل و گوندی گەشتیاری و کۆمپانیای گەشتیاری و نووسینگەی فڕۆکەوانی.

گرنگیی گەشتیاریی و لەوانەش جیۆلۆجی لەمیانی زانینی تێکڕایی گەشتیاران لە جیهان دەردەکەوێت، چونکە ژمارەی دانیشتووانی جیهان لە ساڵی ١٩٥٠ نزیکەی ٥٥٠ ملیۆن کەس بوو، لە ساڵی ٢٠٠٦ گەیشتە ٦,٥ ملیار کەس، ژمارەی

گەشتیارانی جیهان لە ساڵی ١٩٦٠ گەیشتە نزیکەی ٦٩ ملیۆن گەشتیار و ئەم ژمارەیە لە ساڵی ١٩٨٠ گەیشتە ٢٨٦ ملیۆن و لە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ ٦٩٨ ملیۆن گەشتیار بەرزبۆتەوە، ئەوانە نزیکەی ٥٦٥ ملیار دۆلاریان لە گەشتیاریدا خەرج کردووە، لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی گەشتیاران لە جیهاندا ژمارەی ڕێکخراوەکانی گەشتیاریی جیهانیش زیادیکردووە و لە ئێستادا ٣٠ ڕێکخراویی گەشتیاریی جیهانی هەیە.

**● گەشتیاریی جیۆلۆجی**

شێوازێکی گەشتیارییە لەپاڵ گەشتیاریی شوێنەواری و ئایینی و سرووشتی و ژینگەیی و ..تاد، کە هاوشێوەیە لەگەڵ ئەمەدا و ئامانجیشی ڕاکێشانی گەشتیارانی زانستییە کە مەبەست بڵاوکردنەوەی زانیاری و دابینکردنیەتی بۆ توێژەرو جیۆلۆجییەکان ئەوانەی ئارەزووی دیراسەکردنی پێکهاتە جیۆلۆجیی یان کانزایی یان بەردینییەکانیان هەیە، هەروەها سەیری دیمەنی ڕازاوەی ئەم پێکهاتانە بکەن، پسپۆریی گەشتیاریی جیۆلۆجی گرنگییەکەی لە هیچ پسپۆرییەکی دیکەی گەشتیاریی کەمتر نییە، گەشتیاریی جیۆلۆجی لقێکی سەرەکییە لە پیشەسازیی گەشتیاریی کە تێکەڵە بە زانست لە قالبێکی بەسەربردنی کاتدا.

گەشتیاریی جیۆلۆجی گرنگترین جۆری گەشتیارییە لە جیهاندا، چونکە دیمەنە فرە جیۆلۆجییەکان نموونەی بایەخدانی گرنگی مرۆڤە کە دەگەڕێ بە دوای دۆزینەوەو بەسەربردنی کات لەگەڵ ئەو دیمەنانە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە گەشتیاریی جیۆلۆجی بەدەستی دێنێت لە سوودی کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستی کە بریتییە لە دابینکردنی هەلی کاری ناوخۆیی و ئەکتیڤکردنی ئابووریی نیشتمانی و خۆماڵی و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی و پاراستنی شوێنە جیۆلۆجییەکان لە وێرانبوون و لەناوچوون.

گەشتیاریی پیشەسازییەکی بەیەکەوە بەستراوە لە هەموو لایەنێکی ژیانەوە لە کۆمەڵگەو دەوڵەت و دەسەڵات و کەلەپووری شارستانی و سرووشتی، وەبەرهێنان لە بواری گەشتیاریی سەیران و کەیفخۆشیی پێویستی بە شوێنی سرووشتیی سەرنجڕاکێش و خزمەتگوزاریی گەشتیاریی نایاب هەیە، بۆیە پێویستە پلانگەلێکی سەرتاسەری هەبێت کە مامەڵە لەگەڵ پڕۆژە گەشتیارییەکاندا بکات ئەوانەی سیفەتی وەبەرهێنان و ئەرشیفکردنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و جیۆلۆجییان هەیە، ئەوەش لەبەر ئەوەی کە گەشتیاریی چەند جیاکەرەوەیەکی هەیە و ناوەڕۆکی ئابووریی کە وەبەرهێنەر ڕادەکێشێت لەگەڵ گەشتیار بەیەکەوە گرێدەدا، چونکە ناوەڕۆکی تەواوی زانستی و ئاکارەکانی جیۆلۆجیا و کانزاکان و شوێنە سرووشتییە دڵڕفێنەکان لەخۆدەگرێت.

بەچاودێریی یۆنسکۆ لە ساڵی ٢٠٠٤ تۆڕی جیهانیی باخچە جیۆلۆجییەکان دامەزرا کە ٧٧ باخچەی جیۆلۆجی دەگرێتەوەو لە ٢٤ دەوڵەتدا هەن، زۆربەی ئەو باخچە جیۆلۆجیایانە مێژوویەکی جیۆلۆجیی بەرچاو دەنوێنن، لە شێوەی (پێکهاتەو لێژایی ڕازاوەو جوان، دیمەنی کارستی وجیۆلۆجیای هەمەجۆر، شوێنە گڕکانییەکان، ڕووبارەکانی ژێرزەوی، ئەشکەوتەکان، بەرزونزمی کە بە کاریگەریی سەهۆڵبەندان وەك هێڵی لوتکەی چیاکان درووستبوونە، هەروەها ئەو زەویانەی بە درەختی سنەوبەر داپۆشراون، دەریاچەی ئاوی شیرین و سوێرو گەرم، گردۆلکەی لمی کەنارەکان، وێستگەکانی کانیاوە گەرمەکان، چیا کانزاییەکان، دارستانە بەبەردبووەکان).

**● دامەزراندنی پڕۆژەکانی گەشتیاریی جیۆلۆجی لە کوردستانی عێراق**

ئەو تاکە فرەییەی تۆمارەکانی جیۆلۆجیی لە هەرێمی کوردستان بە کەلەپوورێکی جیۆلۆجیی دەژمێردرێت، چونکە دەتوانرێت لەسەر نەخشەی کوردستان جێگیربکرێت، ئەمەش پێویستی بە دامەزراندنی سەیرانگای جیۆلۆجی هەیە لە دۆڵ و لەسەر لوتکەی چیاکان، زۆر لەو شوێنانەی هەرێمی کوردستان چەندین کانیاوی سرووشتی و کانزاییان تێدایە کە هەندێکیان بە لایەنی مێژوویی و کەلەپوورەوە بەستراونەتەوە، بەکارهێنانیان دەبێتە هۆی هێنانەکایەی باشترین گەشتیاریی سەرنجڕاکێشی سرووشتی، دەیان ئەو کانیاوە کانزاییە سرووشتییانە لە هەرێمی کوردستاندا هەن، لە دهۆك و هەولێر و سلێمانی، هەروەها زۆر لەو شوێنانە وەك موزەخانەی سرووشتیی جیۆلۆجین و ژینگەیەکی بەپیتیان هەیە بۆ گەشتیاریی جیۆلۆجی، لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی چەندین درزو لێژایی بەردین، هەروەها بوونی چەندین دیاردەی کارست و ئەشکەوت و نیشتەنیی نەوت

**بازاڕی گەشتوگوزار دەتوانێت هەموو جیهان بگرێتە خۆی، بۆیە دەکرێ بگوترێت کە پیشەسازیی گەشتیاریی پیشەسازیی جیهانە لە جیهانەوە بۆ جیهان، ئەوەی زیاتر پێشکەوتوو و کراوەترە ئەوەیە کە دەتوانێت ئەوەندەی مەبەست بێت سوودی لێ وەربگرێت**

**ئەشکەوتەکان گرنگییەکی بەرچاوی گەشتیارییان هەیە، چونکە چەندین توحفەی جوان لەخۆدەگرن کە بە پەنجەی سروشتی دروستبوون، ئەوان بابەتێکی بە پیتی توێژینەوەی زانستی و جیۆلۆجین کە باس لە درووستبوون و پەرەسەندنی ئەشکەوتەکان دەکەن پێش هەزاران ساڵ و سروشتیی کەشوهەوا کە بۆتە هۆی درووستبوونیان**

و دزەکردنی غازی سرووشتی، ئەمانە هەموویان دەبنەهۆی راکێشانی گەشتیارانی جیۆلۆجیی بۆ هەرێمی کوردستان.

**● هەرێمی کوردستان شوێنی ئەشکەوتەکان**

ئەشکەوتەکان گرنگییەکی بەرچاوی گەشتیارییان هەیە، چونکە چەندین توحفەی جوان لەخۆدەگرن کە بە پەنجەی سرووشتی دروستبوون، ئەوان بابەتێکی بەپیتی توێژینەوەی زانستی و جیۆلۆجین کە باس لە درووستبوون و پەرەسەندنی ئەشکەوتەکان دەکەن پێش هەزاران ساڵ و سرووشتیی کەشوهەوا کە بۆتە هۆی درووستبوونیان، ئەمە جگە لەوەی کە لە ئەزەلەوە چەندین بوونەوەری جیاجیا لەخۆدەگرن، کە دەبنە هۆی راکێشانی سەرنجی توێژەران، ئەشکەوتەکان پێشترو ئێستاش کەلەپوورێکی سرووشتیی جیۆلۆجین، کە باس لە چیرۆکی درووستبوون و پەرەسەندن دەکات و مێژووی شارستانییەکان دەنووسێتەوە، کە لەو ئەشکەوتانە نیشتەجێ بوونەو چەندین نەقش و نیگاری سەر دیوار و نووسینیان تێدا بەجێماوە.

**● ئامانجەکانی گەشتیاریی جیۆلۆجی**

گرنگترین ئامانجگەلی گەشتیاریی جیۆلۆجی کە دەبێت بێنە دی لە پرۆژەی گەشتیاریی جیۆلۆجی لە هەرێمی کوردستان لەپاڵ ئامانجە گشتییەکانی کەرتی گەشتیاریی ئەمانەن:

١- پارێزگاریکردنی شوێنە جیۆلۆجییەکان و فرەجیۆلۆجی لەرێی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی بەوەی کە زۆر گرنگن و خستەرووی چەمکی پەرەپێدانی بەردەوام لە بواری پاراستنی شوێنە جیۆلۆجییەکان.

٢- بەدیهێنانی پرەنسیپی بەشداریکردن لەگەڵ ئەو لایەنانەی بایەخ دەدەن بە پاراستنی ژینگە لە رووی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی.

٣- دۆزینەوەی بەڵگەنامەی مەرجەعییەتی گەشتیاریی جیۆلۆجی بۆ هەموو جیۆلۆجییەکان و ئەوانەی بایەخ بەو بوارە دەدەن.

٤- بە شێوەیەکی تایبەت رۆشنایی خستنەسەر خامی کانزاکان و سامانە سرووشتییەکان و پێکهاتە جیۆلۆجییەکان.

٥- گونجاندنی فاکتەرەکانی راکێشانی وەبەرهێنان بە شێوەی تەریب لەگەڵ فاکتەرەکانی راکێشانی گەشتیاری.

**● گرنگترین توخمەکانی گەشتیاریی جیۆلۆجی**

١- نیشتەنییە نەوتییەکان لە کێڵگەی تاوکێ لە قەزای زاخۆ و هاتنە دەرەوەی گەری ماددە کاربۆنییەکان لە شوێنی( سەری کویسکی) لە قەزای ئاکرێ و ماددە قیرییەکان لە هەردوو گەرووی قەندیل و ئاسماڤا، ئەمانە بە دیارترین شوێن دادەنرێن کە توانراوە ببنە ناوەندی توێژینەوەو دیراساتی جیۆلۆجی لە بواری( جیۆلۆجیای نەوت).

٢- ئاوی کانزایی گۆگردی چارەسەرکردن لە (گوندی گەرماڤا لە پشت بەنداوی دهۆك و ئاوی کانزایی گەرمی گۆگرد لە گوندی (بۆتیا) لە باکووری بەنداوەکەو ئاوی کانزایی گۆگرد لە دۆڵی قەسروك سەر بە ناحیەی ئەتروش، وێرای کانیاو و جۆگەی ئاوی کانزایی سرووشتی لە ناحیەی سەنگاوی سەر بە چەمچەماڵ.

٣- کانەکان و بەردهەڵکەندنە کۆنە جیۆلۆجییەکان لە پارێزگای دهۆك و دیاترینیان بەردهەڵکەنەی ئاوی کۆن لە دۆڵی گوندی ئاڤۆکۆ لە چیای گارەو سەری کانیکا لە ناحیەی ئەتروش.

٤- دەرهێنەری خوێی سرووشتی لە گوندی کانی لە بەری رۆژهەڵاتی زێی گەورە لە ناوچەی نێروە و رێکان، هەروەها بوونی بیری کۆن لە ناوچەی بارزان کە سەرچاوەی خوێی سرووشتیی دانیشتوانی ناوچەکە بووە.

٥- بەردهەڵکەنەی دەرهێنانی بەردەسوێ لە ئەشکەوتی باکووری گوندی خورزا لە ناحیەی ئالقوش و هەندێکی دیکەی هەڵکەنراو لە دامێنی باشووری چیای زاوا.

بەردەسوێ لەکۆنەوە لە پیشەسازیی ئامرازی برینی وەك چەقۆی بەردین و راو دروستکردنی مۆرو پەیکەر بەکارهاتووە، ئەم جۆرە بەردە شێوەی نیمچە بازنەیی و هێلکەیین و لای کوردی ئێزیدی لە شێخان پێگەیەکی ئاینی و کەلەپووریی گرنگی هەیە، لە شوێنە ئاینییەکانی گۆڕو مەزارو مەڵبەندی لالش و شوێنی دیکە هەیە.

٦- ئەشکەوتە سرووشتییەکان کە مرۆڤی کۆنیان تێدا ژیاوە لە کوردستان لە سەردەمی چاخی کۆنی بەردین، دیارترینیان( شانەدەرو بێستوون و شکەفتی و هەندێ ئەشکەوتی دیکە لە ناوچەی ئەلقوش).

٧- کارێزە سرووشتییەکان کە لە هەرێمی کوردستان زۆرن و لەوەتەی هەزاران ساڵە دروستبوون و لەوانە کارێزە ئاوییەکان لە گوندەکانی نێوان

قەزای بەردەڕەش و زێی گەورە.

٨- تاکە فرەیی دیاردە جیۆلۆجییەکان، وەك پێکهاتە جیۆلۆجییەکان لە قەدپاڵی چیاکان و بەردە ئاگرین و نیشتەنییەکان و کانزاکانی هەرێم و شوێنەوارە رووتەنییەکانی سەهۆڵ و دۆڵیی دەگمەن، هاوکات ئەشکەوتە سرووشتییەکان بە بەرزی و نزمییانەوە، دۆڵە قووڵەکان بە درێژایی رێڕەوی رووبارەکان وەك گەلی عەلی بەگ و گەرووی قەندیل و ئاسماقا کە تەختایی بەردینی تێدایە.

## ● سەرچاوەکانی گەشتیاریی جیۆلۆجی

١- سەرچاوەی راستەوخۆی وەبەرهێنان لە میانی سەردانی شاندە ناوخۆیی و ئیقلیمی و بیانییەکان.

٢- هاوکاریی لە بوارەکانی زانستی و گەڕان بەدوای کانزاکان وەك فاکتەری راکێشانی گەشتیاری.

٣- هاوکاریی لە بواری پاراستنی ژینگە دەبێتە هاندەرو سەرچاوە بۆ راکێشانی گەشتیاری.

٤- فرە جیۆلۆجی لە رووی جیۆمۆرفۆلۆجی و لیسیۆلۆجی و پێکهاتەیی.

٥- چالاکییە رۆشنبیری و وەرزشی و فیستیڤاڵ و کۆڕەکان لە شوێنە گەشتیارییەکاندا.

## ● پێوانەکانی هەڵبژاردنی شوێنەکان بۆ مەبەستی گەشتیاریی جیۆلۆجی

نزیکیی شوێنەکە لە ناوچەی قەرەباڵغی دانیشتووان و دواتر ئاستی بەکارهێنان لەلایەن خەڵك بەگشتی، رێگای بەڕێوەبردنی شوێنەکە لە ئێستادا. بە ئاسانیی گەیشتن بۆ شوێنەکە بە مەبەستی سەردان و توێژینەوەی زانستی. بوونی ناوچەی ئەلتەرناتیڤ کە بتوانرێ بۆ مەبەستی خوێندن و توێژینەوە بەکاربهێنرێت.

## ● تەرزەکانی گەشتیاریی جیۆلۆجی

دەکرێ تەرزەکانی گەشتیاریی جیۆلۆجی بکەین بە دوو بەشەوە:

١- تەرزی زانستی بۆ دیاردە جیۆلۆجییەکان کە مەبەست زانایان و توێژەران و قوتابیانی زانکۆو قوتابخانەو پەیمانگاکانە، هەروەها وەبەرهێنەران و ئابووریناسان و بایەخدەران بە ژینگەو سامانی کانزایی. ئەمەش بە کارکردنی بەردەوام دێتەدی وەك دانانی بەرنامەیەکی گەشتیاریی جیۆلۆجی بە هاوکاریی نێوان دەسەڵاتی سەرچاوە سرووشتییەکان (وەزارەتی پێوەندیدار) لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە.

٢- تەرزی کەیفخۆشی و کات بەسەربردن، کە مەبەست گەشتیارو ئەوانەیە کە بەدوای پشوو و حەسانەوەو تێربوون لە دیمەنی سرووشتی و دیاردەی جیۆلۆجیدا دەگەڕێن.

## ● قۆناخەکانی جێبەجێکردنی پێشنیاری پڕۆژەی گەشتیاریی جیۆلۆجی

پێویستە پشت بەم خاڵانەی خوارەوە ببەسترێت بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێکی هێڵ و ستراتیژیی و لە ئایندەدا لە بواری گەشتیاریی جیۆلۆجی بخرێتە بەرچاو.

١-هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان دامەزراوەو دەستەو وەزارەتەکان بۆ پێکهێنانی لیژنەی کارا لەپێناو کاراکردنی کەرتی گەشتیاری.

٢-ئەنجامدانی رووماڵێکی جیۆلۆجی بۆ یەکخستنی هەموو راپۆرت و نەخشەو سەردانکردنی مەیدانی.

٣-هەڵبژاردنی شوێن و پۆلێنکردن بەر لە گواستنەوە بۆ قۆناخی پاراستنی ئەو شوێنانە.

٤- بەڕێوەبردنی شوێنەکە و پاراستنی کە پێویست بەوە دەکات جۆرو قەبارەو رووبەرەکەی لەبەر چاو بگیرێت.

٥-کەمکردنەوەی ئاسەوارە نەرێنییەکانی گەشتیاری بۆسەر سەرچاوە سرووشتیی و کۆمەڵایەتییەکان لە ناوچە گەشتیارییەکاندا.

٦- رۆشنبیرکردنی گەشتیار بە گرنگیی پاراستنی ناوچە گەشتیارییەکان.

٧-جەختکردنەوە لەسەر گرنگیی وەبەرهێنان بە هاوکاریی دەسەڵاتی خۆجێیی لەپێناو بەدیهێنانی خواستەکانی دانیشتوان.

٨- ئەنجامدانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی لە ناوچە گەشتیارییەکاندا.

٩- بەدیهێنانی دەستکەوتی ماددی لەمیانی بەکارهێنانی داهاتەکانی ناوخۆو سرووشتی.

١٠-گرنگیدان بە کان و بەردهەڵکەنەی کۆنی جیۆلۆجی لەکاتی کارکردن تێیداو کەمکردنەوەی هەڕەشە کە رووبەڕووی ئەم شوێنانە دەبێتەوە.

ئاماژەدان لە تابلۆکانی رێنمایی بۆ رێگاو رێڕەوەکان بەرەو شوێنەکانی گەشتیاریی جیۆلۆجی لەگەڵ دڵنیابوون لە دابەشکردنی بڵاوکراوەکانی گەشتیاریی جیۆلۆجی بەسەر گەشتیاراندا.

---

* راوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان

**بەردەسوێ لەکۆنەوە لە پیشەسازیی ئامرازی بڕینی وەک چەقۆی بەردین و ڕاو دروستکردنی مۆرو پەیکەر بەکارهاتووە، ئەم جۆرە بەردە شێوەی نیمچە بازنەیی و هێلکەیین و لای کوردی ئێزیدی لە شێخان پێگەیەکی ئایینی و کەلەپووریی گرنگی هەیە، لە شوێنە ئایینییەکانی گۆڕو مەزارو مەڵبەندی لالش و شوێنی دیکە هەیە**

**کارێزە سروشتییەکان کە لە هەرێمی کوردستان زۆرن و لەوەتەی هەزارانساڵە دروستبوون و لەوانە کارێزە ئاوییەکان لە گوندەکانی نێوان قەزای بەردەڕەش و زێی گەورە**